هەرێمی کوردستان-عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

# جێناو لە کرمانجیی ژووروودا

## (لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا)

نامەیەکە
پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
کراوە و وەك بەشێك لە پێویستیەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا

لە لایەن
**ئەمیر مستۆ محەمەد**
( بەکالۆریوس / زانکۆی سەڵاحەددین – هەولێر – 2001 )

بە سەرپەرشتی
**د.عەبدولوەهاب خالید موسا**

گەلاّرێزان 2709ی کوردی زولحجە1430ی کۆچی تشرینی دووەم 2009ی زایینی

**ڕاپۆرتی سەرپەرشت**

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (جێناو لە کرمانجیی ژووروودا– لە ڕوانگەی تیۆریی دەسەڵات و بەستنەوە) قوتابی(ئەمیر مستۆ محەمەد) بە سەرپەرشتی من لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین ئامادەی کردووە، بە بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت: د.عبدالوهاب خالد موسى

ڕۆژی: / / 2009

بەپێی پێشنیازی مامۆستای سەرپەرشت ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: د.یادگار ڕەسول حمدامین باڵەکی

سەرۆکی بەشی کوردی

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

ڕۆژی: / / 2009

## ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ قوتابییەکەدا گفتوگۆ مان دەر یارەی ناوەڕۆك و لایە نەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی( ) بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.د.رفیق محمد محی الدین شوانی
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژی: / / 2009

ناو: پ.ی.د.کوردستان موکریانی
ئەندام
ڕۆژی: / / 2009

ناو: د.عبدالوهاب خالد موسی
ئەندام
ڕۆژی: / / 2009

ناو: پ.ی.د.بکر عمر علی
ئەندام
ڕۆژی: / / 2009

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمان  زانکۆی سەلاحەددین پەسندکرا.

ناو: پ.ی.د.نەوزاد حسن خۆشناو
ڕاگری کۆلێجی زمان زانکۆی سەلاحەددین
ڕۆژی: / / 2009.

# زاراوەکــان

| کوردی | ئینگلیزی |
|---|---|
| **ئ–** | |
| ئاشکرا | Overt |
| ئامانج | Goal |
| ئامرازی گەیەنەر | Complementizer |
| ئامێری | Instrument |
| ئەلفا بجووڵێنە | Move alpha (a) |
| ئەنافۆر(جێناوی خۆیی و هاوبەش) | Anaphor |
| ئەنافۆرەیی | Anaphora |
| **ب–** | |
| بۆگەڕاوە | Antecedent |
| بۆگەڕاوەیی(ئاماژەیی) | Reference |
| بێ کات و کەس(چاوگیی) | Nonfinite (Infinitival) |
| بازنەی سیتا | Ө- Gird |
| بەدەستهێنان | Recoverability |
| بەربەستەکان | Barriers |
| بەرکاری پێشناو | Prepositional object |
| بەرکاری ناڕاستەوخۆ | Dative |
| بەستراو(بەند) | Bound |
| بگۆڕەکان | Parameters |
| بکەر لابراو (بکەر خراو) | Pro-drop |
| بکەری لاڕستەی چاوگی | Subject of Infinitive Clause |
| بنەمای جێکەوتەدانان | Projection principle |
| بنەمای هاوسێیەتی | Subjacency Principle |
| بنماکان | Principles |
| **ت–** | |
| تەواوکەر | Complement |

| | |
|---|---|
| Infinitive clause | تەواوکەری چاوگیی |
| Linguistic competence | توانستی زمان |
| X-bar theory (X′ theory) | تیۆری ئێکس–بار |
| Binding theory | تیۆری بەستنەوە |
| Movement Theory | تیۆری جوولاّندن |
| Case theory | تیۆری دۆخ |
| Government and Binding theory | تیۆری دەسەلاّت و بەستنەوە |
| Standard theory | تیۆری ستاندارد |
| Extended standard theory | تیۆری ستانداردی فراوانکراو |
| Bounding theory | تیۆری سنووربۆدانان |
| Theta theory (Ѳ-theory) | تیۆری سیتا |
| Control theory | تیۆری کۆنترۆڵ |
| | پ– |
| Case filter | پارزێنەری دۆخ |
| Pro | پرۆی بچووك |
| PRO | پڕۆی گەورە |
| Case assigner | پێدانی دۆخ(دۆخ بەخشێنەر) |
| Preposition | پێشناو(ئامرازی پەیوەندی) |
| Context | پێکهاتە(دەوروبەر) |
| Structural dependency | پێکهاتەی بەستراوەیی(بەندێیتی) |
| Construction | پێکهاتوو |
| Ѳ- Criterion | پێوەری ڕۆڵی سیتا |
| | ج– |
| Movement | جوولاندن |
| Maximal projection | جێکەوتەی گەورە |
| Free Pronoun | جێناوی جودا |
| Pronominal | جێناوی کەسی |
| Pronominal Celtic | جێناوی لکاو |
| | خ– |
| Sisterhood | خۆشکایەتی |

د-

| | |
|---|---|
| Abstract case | دۆخی ئەبستراکت(نابەرجەستە) |
| Referring expression | دەربڕی ئاماژەیی |
| Government | دەسەڵات |
| Proper government | دەسەڵات(حوکمکردن)ی توند |
| Govern | دەسەڵاتدار |
| Antecedent government | دەسەڵاتی بۆگەڕاوەیی |
| Constant command | دەسەڵاتی پۆلی |
| Branching | دووفلیقانەیی(دووپەلکیی) |
| Specifier | دیاریکەر |

ڕ-

| | |
|---|---|
| Theta roles | ڕۆڵە سیتاییەکان |
| external Ɵ- role | ڕۆڵی سیتا دەرەکی |
| Internal Ɵ- role | ڕۆڵی سیتا ناوەکی |
| Deep structure (DS) | ڕۆنانی ژێرەوە |
| Surface structure | ڕۆنانی سەرەوە |
| Syntactic structure | ڕۆنانی سینتاکسی |
| Complement sentence | ڕستەی تەواوکەر |
| Path | ڕێڕەو |
| Synchronic grammar | ڕێزمانی ئیستایی(وەسفی) |
| Generative- transformational grammar | ڕێزمانی بەرهەمهێنان-گوێزانەوە |
| universal Grammar | ڕێزمانی گشتی(سەراپا) |
| Diachronic grammar | ڕێزمانی مێژووی |
| Traditional grammar | ڕێزمای دێرین |
| Agreement (AGR) | ڕێککەوتن |

ز-

| | |
|---|---|
| Domination | زاڵبوون |
| Knowledge of Language | زانستی زمان |
| non- Pro drop- Language | زمانی بکەر پارێز |
| Pro drop- Language | زمانی بکەر لابەر(فرێدەر) |

| | |
|---|---|
| س- | |
| سەرچاوە | Source |
| سنووربۆدانانی شوێنی | Local restriction |
| سوودمەند | Benefactive |
| ش- | |
| ئاسەوار | Trace |
| ئاسەواری فرێزی ناوی | NP-trace |
| ئاسەواری وشەی پرسیار | Wh-trace |
| شوێنی | Location |
| شوێنی ئارگۆمێنت | Argument position |
| شوێنی بێ ڕۆڵی سیتا | non-ϴ- position |
| چ- | |
| چالاکی زمان | Linguistic performance |
| گۆڕاو | Variable |
| گریمانەی زانیاری | Cognitivist hypothesis |
| گوێزانەوە | Transformational |
| ف- | |
| فۆرمی فۆنۆلۆژی | phonetic from component (P.F) |
| فۆرمی لۆژیکی | Logical from components (L.F) |
| فەرهەنگی | Lexical |
| فەرهەنگ | Lexicon |
| فرێزی X | Xphrase (XP) |
| فرێزی پێشناوەیی | Propositional phrase (pp) |
| فرێزی گەیەنەر | Complementizer Phrase (CP) |
| فرێزی وشەی پرسیار | Wh-phrase |
| فرێزی یەکەی گەردانیی | Inflectional phrase = INFL |
| ک- | |
| کۆتایی وشە | Word- ending |
| کاتیگۆری ئاشکرا | Overt category |
| کاتیگۆری بەتاڵ | Empty category |

| | |
|---|---|
| Governing category | کاتیگۆری دەسەلاتدار(حوکمکەر) |
| Head category | کاتیگۆری سەرە |
| Agent | کارا |
| Patient | کارتێکراو |
| | ل- |
| Clause | لاڕستە، پاڕستە، کلۆز |
| Relative Clauses | لاڕستەی گەیەنەر |
| Embedded clause | لاڕستەی ناوەکی |
| Sub categorization | لقکردنی کاتیگۆرییانە |
| | م- |
| The Specified Subject Condition (SSC) | مەرجی بکەری تایبەتی |
| Nominative island condition (NIC) | مەرجی دورگەی تایبەتی |
| The Tensed sentence condition (TSC) | مەرجی ڕستەی دەمکات |
| Subjacency condition | مەرجی هاوسێیەتی |
| Domain of reflexive binding | مەودای بەستنەوەی خۆیەتییەکان |
| Local domain | مەودای شوێنی |
| | ن- |
| Node | نۆد(گرێ) |
| Bounding nodes | نۆدە بەندکەرەکان |
| Theta (Ɵ)- marking | نیشانەکردنی سیتا(واتایی) |
| | هـ- |
| Coordination | هاوپایە |
| Subjacency | هاوسێیەتی |
| Index | هاونیشانە |
| Percept | هەست پێدان |
| Experience | هەستپێکەر |
| Category selection (C S) | هەڵبژاردنی کاتیگۆری |
| Aspects of theory of syntax | هەندێ لایەنی تیۆری سینتاکس |
| Force | هێز |

| | |
|---|---|
| | **و–** |
| Recipient | **وەرگر** |
| | **ی–** |
| item | **یەکە(ئایتم)** |

# کورتکراوە و هێما بەکارهاتووەکان

| | |
|---|---|
| ف.ن (NP) | فرێزی ناوی |
| ف.ك (VP) | فرێزی کاری |
| ف.ئاوەڵ (AP) | فرێزی ئاوەڵناوی |
| ف.پێش (PP) | فرێزی پێشناو |
| ف (P) | فرێز |
| ئا. پەیوەندی | ئامرازی پەیوەندی |
| ئاوەڵ | ئاوەڵناو |
| ك.ژ | کرمانجیی ژووروو |
| ك.ن | کرمانجیی ناوەڕاست |
| م | مۆرفیم |
| e | کاتیگۆری بەتاڵ |
| t | ئاسەوار |
| ϴ | سیتا |
| X | سەرە |
| م.ڕ | مۆرفیمی ڕەگەز |
| م.ڕ. مێ | مۆرفیمی ڕەگەزی مێ |
| ∅ | مۆرفیمی سفر |
| ϴ–Role | سیتاڕۆل |
| GB | دەسەڵات و بەستنەوە |
| a | ئەلفا |
| Spec | دیاریکەر |
| A | ئاڕگۆمێنت |
| A′ | نا– ئاڕگۆمێنت |
| CP | فرێزی تەواوکار |
| IP | فرێزی (کات و کەس) |
| AGR | ڕێککەوتن |
| / | یان |
| ⟵ | دەبێتە |

| | |
|---|---|
| INFL | کات و کەس |
| SS | ڕۆنانی سەرەوە |
| DS | ڕۆنانی ژێرەوە |
| Wh | وشەی پرسیار |
| UG | ڕێزمانی گشتی(سەراپا) |
| س.پ | سەرچاوەی پێشوو |

# نـــاوەڕۆك


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| **پێشەكی** | 4-1 |
| 0-1- ناونیشان و بواری لێكۆڵینەوەكە | 2 |
| 0-2- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەكە | 2 |
| 0-3- كەرستە و سنوری لێكۆڵینەوەكە | 2 |
| 0-4- ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە | 3-2 |
| 0-5- گرفتی لێكۆڵینەوەكە | 3 |
| 0-6- ناوەڕۆكی لێكۆڵینەوەكە | 4-3 |
| **بەشی یەكەم**<br>**1- پێ شینەی ڕێزماننوو سی و لێكۆڵی نەوە  لە جێناوە كانی ز مانی كوردی:** | 27-5 |
| 1-1- پێشینەی ڕێزماننووسی. | 9-6 |
| 1-2- پێناسەی جێناوەكان لە ڕێزمانی چاولێكەری و نوێدا. | 10-9 |
| 1-3- جۆرەكانی جێناو. | 23-10 |
| 1-4- هەندێ كەم و كوڕی لە باسكراوی جێناو لە ڕێزمانی چاولێكەریدا. | 26-23 |
| 1-5- زاراوەی جێناو. | 27-26 |
| **بەشی دووەم**<br>**2- بنەماو پێكھا تەی تیۆری بە ستنەوە و لقە تیۆرە كانی پەیوە ندار بەم تیۆرە:** | 83-28 |
| 2-1- ڕێزمانی گشتی. | 33-29 |
| 2-2- تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە: | 63-33 |
| 2-2-1- ڕێزمانی X′-بار(س[1] □ بار). | 40-36 |
| 2-2-2- بنەمای جێكەوتە دانان. | 42-40 |
| 2-2-3- تیۆری ڕۆڵی سێتا. | 50-42 |
| 2-2-4- تیۆری دۆخ. | 54-50 |
| 2-2-5- تیۆری سنووربۆدانان(بەندێتی)(Constraint). | 58-54 |
| 2-2-5- تیۆری دەسەڵات. | 63-58 |

| | |
|---|---|
| 2-3- تیۆری بەستنەوە. | 83-63 |
| **بەشی سێیەم**<br>**3- تیۆری بەستنەوە لە زمانی کوریدا:** | 118-84 |
| 3-1- بنەمای بەستنەوە لە زمانی کوردیدا: | 97-85 |
| 3-1-1- جێناوی هاوبەش و جێناوی خۆیی لە زمانی کوردیدا... | 90-85 |
| 3-1-2- جێناوی کەسی لە زمانی کوردیدا... | 93-90 |
| 3-1-3- دەربڕاوی ئاماژەیی لە زمانی کوردیدا... | 97-93 |
| 3-2- لێکۆڵینەوەی کاتیگۆرییەکانی داپۆشراو لە زمانی کوردیدا... | 105-97 |
| 3-2-1- ئاسەواری فرێزی ناوی Trace.... | 99-97 |
| 3-2-2- پرۆی گەورە PRO ... | 101-99 |
| 3-2-3- پرۆی بچووك Pro .... | 102 |
| 3-2-4- ئاسەواری وشەی پرسیار ... | 105-103 |
| 3-3- هەندێ لە جێناو کە لە تیۆری بەستنەوەدا نەخراونتە بەر لێکۆڵینەوە: | 108-105 |
| 3-3-1- جێناوی نیشانە... | 107-105 |
| 3-3-2- جێناوی نادیار... | 108-107 |
| 3-4- هەندێ خاڵی تەواوکەری تیۆری بەستنەوە: | 111-108 |
| 3-4-1- شی کردنەوەی نیشانەکان. | 111-108 |
| **3-5- تایبەتمەندی جێناوەکان و فۆڕمەکانی بۆگەڕاوەیی و هەندێ ئەنجامی تیۆری:** | 120-111 |
| 3-5-1- هاوپایە لە جێناوەکان و فۆڕمەکانی بۆگەڕاوەیی. | 109-111 |
| 3-5-2- هاوپایە لە جێناوەکانی خۆیی و تەئکیدی. | 113-111 |
| 3-5-3- هاوپایە لە جێناوەکانی هاوبەش. | 113 |
| 3-5-4- هاوپایە لە جێناوەکانی کەسی. | 119-113 |
| 3-5-5- هاوپایە لە دەربڕاوی ئاماژەیی. | 120-119 |
| 3-5-6- هاوپایە لە فرێزەکانی ناوییەکاندا. | 1120 |
| ئەنجام | 122-121 |
| سەرچاوەکان | 129-123 |
| کورتەی باس بە زمانی عەرەبی (ملخص البحث) | 130 |
| کورتەی باس بە زمانی ئینگلیزی (Abstract) | 131 |

# پێشەکی

# پێشەکی

## 0-1- ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە(جێناو لە کرمانجیی ژووروودا)، مەبەستی سەرەکی ئەم نامەیە لێکۆڵینەوەیە لە جێناوەکان و فۆرمەکانی بۆگەڕاوەیی لە زمانی کوردی دیالێکتی(ک.ژ) لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە(GB). بواری لێکۆڵینەوەکە بە شێوەیەکی سەرەکی بواری سینتاکسی جێناو لەخۆدەگرێت و سروشتی تیۆرەکەش ئەوە دەخوازێ هەندێ لایەنی سیمانتیك و مۆرفۆلۆجیش بێتە ناو شیکردنەوەکەوە.

## 0-2- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

جێناوەکان ڕۆڵێکی گرنگ و چالاك لە دیاردە سینتاکسی و سیمانتیکییەکاندا دەبینن. هەر بۆیە بەردەوام گرنگیان پێدراوە، بەڵام تا ئێستا لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی تیۆرێکی زانستی وەك تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە تیشکیان نەخراوەتەوەسەر، بۆیە بە پێویستی دەزانین لە ڕوانگەی تیۆرێکی ئەوهاوە بڕوانینە شیکردنەوەو لێکدانەوەی جێناوەکانی زمانی کوردی(دیالێکتی کرمانجیی ژووروو)و پەیوەندییان بە یەکترەوە بخەینەڕوو.

## 0-3- کەرەستە و سنووری لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا کەرەستەی(دیالێکتی کرمانجیی ژووروو) کراوەتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە، کە دیالێکتی ناوچەکانی باکور و باکوری ڕۆژئاوای کوردستان دەگرێتەوە و لە دیالێکتەکانی بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بادینانی و شێوەی خۆرئاوا پێك دێت.

نموونەکان لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکەوە وەرگیراون و لە هەندێ شوێنیشدا بەپێی مەبەستی باسەکە نموونە و ڕستە لە زمانەکانی تر هێنراوەتەوە. سنووری باسەکە ئەو لقە تیۆری و لایەنانەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە دەگرێتەوە کە بۆ لێکدانەوەی چۆنیەتی بەستنەوە و فۆرمەکانی بۆگەڕاوەیی لە فرێز و ڕستەدا پێویستن.

## 0-4- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە ڕێبازێکی وەسفی شیکارییە، چونکە ئەو تیۆرەی، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا جێبەجێکراوە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەیە، کارکردنیش بەپێی ئەم

تیۆره، جگه له ئەرکی شیکردنەوەی دیارده زمانەوانییەکان، ئەرکی وەسفکردنیش دەخاته ئەستۆی لێکۆڵەر.

## 0-5- گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

هەموو لێکۆڵەرێك لەکاتی نووسین و ئامادەکردنی نامە یەکی ئەکادیمی بەپێی هەڵکەوتی لێکۆڵەرەکە و سروشتی بابەتەکەی ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەی زانستی دەبێتەوە.

بەشێکی زۆری ئەو زانیارییانەی کە لە ناوەڕۆکی ئەم نامەیەدا خراونەتەڕوو لە سەر چاوە ئینگلیزییەکان و فارسییەکانەوە وەرگیراون و دوا تریش وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، وەرگێڕانی ئەو بابەتە زمانەوانییانەش بۆ زمانی کوردی کارێکی وا ئاسان نییە، چونکە ئەو زانیارییانە دەبێ جارێکی تر دابڕێژرێنەوەو نموونەی کوردیشیان بۆ بهێنرێتەوە، هەروەها هەر تیۆرێك یان ڕێبازێك، بەتایبەتی ئەو تیۆرەی کە لەم نامەیەدا پشتی پێبەستراوە، کۆمەڵێك وشە و زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەو زاراوانە پێویستە بەرامبەرەکانیان بە کوردی بنووسرێنەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێ بە ئاسانی تێیانبگات، لەبەر ئەمە دووچاری وەرگێڕان و داتاشینی ژمارەیەکی زۆری زاراوە بووینەوە و ڕەنگە لە هەندێ شوێندا نەمانتوانیبێت زاراوەیەکی پڕ بە پێستی خۆی لە کوردیدا بۆ بدۆزینەوە، بۆیە هەندێ لە زاراوەکا نمان وەکو خۆی بەکارهێناوە، چونکە لێکۆڵەرەکانی بەر لە ئێمەش نەیانتوانیووە زاراوەکان یەك بخەن و لە زمانەکەماندا بیانچەسپێنن. گرفتێکی تر ئەویش ئەو بابەتەیە کە لە تیۆری بەستنەوەدا ئاوڕی لێنەدراوەتەوە یاخود ئاوڕێکی کەمی لێدراوەتەوە. یەکێ لەو بابەتانە جێناوەکانی ترە جگە لە جێناوە کەسییەکان و خۆیی و هاوبەش کە لە زمانی کوردی و ئینگلیزیشدا هەن، بەڵام ڕوون و ئاشکرا نییە کە بۆچی نەخراونەتە بەر لێکۆڵینەوە ئەو جێناوانەش، جێناوە نادیارەکان و جێناوەکانی نیشانەن کە لە زمانی کوردیدا زۆر بەکاردێن.

## 0-6- ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی(جێناو لە کرمانجیی ژووروودا)، هەوڵێکە بۆ بە ئەزموون کردنی یاسا و بنەماکان و پێشنیازەکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و دۆزینەوەی ڕێژەی کارکردنی لە زمانی کوردیدا. هەڵبەت زیاتر جەخت کراوەتە سەر نیوەی دووەمی ئەم تیۆرە، واتە تیۆری بەستنەوە، بەڵام لقە تیۆرەکانی پەیوەندندار بەم تیۆرەش بە گشتی خراونەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

جگە لەو پێشەکییە، لێکۆڵینەوەکە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە سێ بەش پێکهاتووە و لە کۆتاییشدا ئەنجام و کورتەی نامەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوەتەوە.

بەشی یەکەم: کە بە ناونیشانی(پێشینەی ڕێزماننووسی و لێکۆڵینەوە لە جێناوەکانی زمانی کوردی) یە، پێنج بابەت لەخۆدەگرێت: بابەتی یەکەم باس لە پێشینەی ڕێزماننووسی کراوە و بابەتی دووەم پێناسەی جێناوەکان لە ڕێزمانی چاولێکەری و نوێدا خراوەتەڕوو، لە بابەتی سێیەم جۆرەکانی جێناو دەستنیشان کراوە، بابەتی چوارەم باسکردنە لە هەندێ کەم و کوڕی لە ڕێزمانی چاولێکەریدا. لە بابەتی کۆتاییدا زاراوەی جێناو بە کورتی باسی لێوەدەکرێت.

بەشی دووەم: کە بە ناونیشانی(بنەماو پێکهاتەی تیۆری بەستنەوە و لقە تیۆرییەکانی پەیوەنددار بەم تیۆرە)وەیە، لەم بابەتانە پێك دێت: ڕێزمانی گشتی، باسکردن لە بارەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەو لقە تیۆرەکانی پەیوەندار بەم تیۆرەوە، لە بابەتی سێیەم بە شێوەیەکی فراوانتر باس لە بنەماکانی ئەم تیۆرە دەکات.

بەشی سێیەم: تایبەتە بە (تیۆری بەستنەوە لە زمانی کوردی)دا، ئەم بەشە لە پێنج بابەت پێك دێت: بابەتی یەکەم باس لە بنەماکانی بەستنەوە دەکات کە خاوەنی سێ بنەمایە ئەم سێ بنەمایە پەیوەندییان بە سێ دەستەی فەرهەنگییەوە هەیە: (ئەنافۆرەکان (جێناوە خۆیی و هاوبەش)، جێناوی کەسی و دەربڕی ئاماژەیی...)ن، بابەتی دووەم لێکۆڵینەوەیە لە کاتیگۆرییەکانی داپۆشراو لە زمانی کوردیدا وەك: (ئاسەواری فریزی ناوی، پرۆی بچووك، پرۆی گەورە و جێناوی پرس...)، لە بابەتی سێیەمدا باس لەو جێناوانە کراوە کە بەپێی بنەماکانی تیۆری بەستنەوە نەخراونەتە بەر لێکۆڵینەوە، لە بابەتی چوارەمدا شیکردنەوێك بۆ نیشانەکان کراوە، لە بابەتی پێنجەمیش باس لە تایبەتمەندی جێناوەکان و فۆرمەکانی بۆ گەڕاوەیی و هەندێ ئەنجامی تیۆری کراوە.

لە کۆتاییدا ئەو ئەنجامانەی کە بەدەستهاتوون بریتییە لە چۆنیەتی کارکردنی بنەماکانی دەسەڵات و بەستنەوە لە زمانی کوردیدا.

# بەشی یەکەم

## 1- پێشینەی ڕێزماننووسی و لێکۆڵینەوە
## لە جێناوەکانی زمانی کوردی

## 1-1- پێشینەی ڕێزماننووسی:

نوو سینی ڕێز مانی کوردی پێ شینەیەکی دوورو در ێژی نی یە، بەڵام ئەو لێکۆڵینەوە و کارانەی کە پێشتر دەربارەی ڕێزمانی کوردی کراون، خزمەتێکی زۆری زمانی کوردییان کردووە، هەرچەندە با سەکان لە سەرەتادا گشتی و هە مەکی بوو نە، بەڵام وەك هەر زاذ ستێك لە ئەنجامی پێ شکەوتن و فراوان بوون، بەرە بەرە بابە تە ڕێزمانییەکانیش وردتر و تایبەتر بوون (ڕەسول، 1995: 5).

بەر لە هەر کەس لە ذیوەی یە کەمی سەدەی بیستەمدا یە کەمین ڕێزمانی زمانی کوردی بە پێنووسی(سەعید صدقی کابان) لە کتێبی(مختصر صرف ونحوی کوردی)دا بە ناوی ( ضمیر)ەوە لە ڕێزمان و کێشەی جێ ناو دواوە، دوای ئەو ڕێزماننوو سە لە ساڵی 1929ی زایینی( تەوفیق وە هبی) لە ک تێبی (دە ستووری ز مانی کوردی)دا لە ڕێز مانی کوردی و لەژێر ناوی ( بۆ ناو) لە جێ ناوی کوردی کۆڵیوە تەوە (وە هبی: 1929: 83).

نوری عەلی ئەمین لە ساڵی(1956) لە کتێبەکەیدا بەناوی (قواعدی زمانی کوردی لە صرف و نحو) باس لە ڕێزمانی کوردی دە کات و بە شێکی کتێبە کەی بۆ جێ ناو تەرخان کردووە، دوای ئەم کتێبەی لە کتێبێکی تری بە ناوی (ڕێزمانی کوردی)و لە ژ ێر ناوی (ڕا ناو) باس لە جێ ناو دە کات ( عەلی ئەمین، 1960: 17)، هەروەها لە بەرهەمی سێیەمدا بە ناوی(ئەرك و شوێنی ڕاناوە کەسییەکان لە (ئا خاوتنی کوردی)دا زۆر بە وردی باس لە ئەرکی جێناوەکان دە کات ( ئەمین، 1986: 15). ذیوەی دووە می سەدەی بیستەمدا لە ساڵی 1974 بە پێنوو سی مە سعود محە مەد، لێکۆڵینەوە یەکی زانستی لە بارەی(جێناو)ەوە نووسیوە، ئەمەش لە وتارێکدا بە ناوی (سووڕێکی خا مە بە دەوری ڕاناو) باس دەکات (محەمەد، 1974: 61).

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە زاراوەی (جێناو)ی تەنها لە بەر ڕۆ شنایی (جێگری ناو)دا تەماشای دەکرد، بۆیە هەر جێناوی کەسیی (جوداولکاو)ی بە جێناو داناوە.

جەمال نە بەز لە ک تێبی (ز مانی یەکگرتووی کوردی) باس لە ڕێزمانی کوردی دە کات و هەو ڵدەدات هەر دوو دیالێکتە سەرەکییەکەی کرمانجی ژووروو و کرمانجی ناوەڕا ست ل ێك نز یك بکا تەوەو لایە نە لێک چوو و جیاوازە کان بخا تەڕوو، مەبە ستی سەرەکی شی هەو ڵدان بوو بۆ درو ست کرد نی ز مانی یەکگرتووی کوردی و باس لە جێناوەکانی هەردوو دیالێکتەکە دەکات بە شێوەیەکی گشتی (نەبەز، 1976: 23).

له ساڵی 1961 له کتێبی (آوا ئو ده ستورا زمانی کوردی)دا جگرخوین باس له ڕێز مانی کوردی ده کات (ڕێز مانی د یالێکتی کر مانجی ژوورووو)و لێکۆڵی نەوەو توێژینەوە لەسەر جێناوەکانی زمان دەکات (جگرخوین، 1961: 71).

ئەم ڕێزماننوو سانه ز یاتر کاری گەری ڕێز مانی عەرەبی و ئەوروپاییان بەسەرەوەبووە، بۆیە بێ کەم و کوڕی نەبوو، چونکه لا سایی کرد نەوەی ڕێزما نەکانی بێگانه دەبێته هۆی ئەوەی که هەندێ لا یەنی زمانی بێگا نه که پەیوە ندی به ڕێزمانی زمانەکا نەوە هه یه له سەر زمانه کەی خۆت جێ بەجێ بکەیت، به واتا یەکی تر: ( ئەو کوردانەی له بابەت ڕێزمانی کوردییەوە نووسیویانه، بەپێی سەرچاوەی ڕۆشنبیرییان پەیڕەوی عەرەبی یان ئەوروپییان کردووە)(محه مەد، 1974: 69)، ئەم لا سایی کردنەوە تەنها له لایەن ڕێزماننووسانی کوردەوە نەبوو، بەڵکو له زۆر بەی ڕێزما نەکانی چاولێکەری عەرەبی و یاخود ئەوروپایی ئەم لا سایی کرد نەوە دەبینر ێت ( باطني، 1385: 64).

دوای ئەمانه چەند ڕێزماننووسێکی تر وەك کورد ستان موکریانی هاتنه مه یدان بۆ نموونه له وتارێکی دا به ناوی ( جۆرەکانی جێناو و دەوریان له ڕستەی کوردیدا له د یالێکتی کر مانجی خواروو و کر مانجی ژووروو )دا زۆر به فراوا نی با سی ڕێز مانی کوردی ده کات (موکر یانی، 1980: 229)، صادق بەها ئەددین له کتێبەکه یدا به ناوی(ڕێزمانا کوردی) له ڕێزمانی کوردی دواوەو چەندین لا یەنی ڕێزمانی له هەردوو دیالێکتی کرمانجی ژووروو و کرمانجی خواروو خستۆتەڕوو(ئامێدی، 1987: 203).

ڕێز مانی پێ شوو پێ شکەوتنێکی بەخۆوەبینی ئه مەش له بەر هەمی چەند زمانەوانێك دەردەکەوێت به تایبەتی لای ئەو زمانەوانانەی که خوێندنیان له ئەوڕوپای ڕۆژهەڵات و ئەوڕوپای ڕۆژئاوا تەواو کردبوو.

دیسانەوە قەناتی کوردۆیێڤ چەندین لێکۆڵینەوەو پەرتووکی له بارەی ڕێزمانی کوردی نوو سیووە و ئەو بەرهەما نەی دوا یی پ شتگیری ئەو ڕێزماننوو سانەی کورد دەکات که له سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەوڵیان بۆ داوە، بۆ نموونه یەکێ له

بەرهە مەکانی (ڕێز مانی کوردی بە کەر ستەی د یالێکتی کر مانجی و سۆرانی) بوو، کە تویێژیـ نەوە لە سەر زۆر بەی لایە نەکانی ز مانی کوردی دە کات ( کوردۆییڤ، 1984: 7).

هەر چەندە هاوبە شیەکی زۆر لە نێوان نوو سینی یان بۆ چوونە ڕێزمانییەکا ندا هەیە و لە ڕاستیدا تێکەلاوە لە ڕێزمانی چاولێکەری و نوێ، بەڵام شیکردنەوەکان لە ڕوانگەیەکی نوێوە بوو.

دوای ئەمانەش کە سانێکی تر هەوڵیا نداوە ڕێزمانی کوردی لە ڕوانگەی تیۆرە جیاوازە کانی زما نەوانی شی بکە نەوە و لێکۆڵیـ نەوەی لە سەر بـ کەن، دە توانین ئەو کەسانە بەم شێوەی خوارەوە ناو ببەین، وەك: محەمەد مەحوی لە کتێبەکە یدا بە ناوی (ڕستە سازی کوردیی) کە تـ یدا بۆ شی کرد نەوەی ڕ ستەی ز مانی کوردی دە ست بەجێ بەجێکردنی تیۆریـ یە نوێ یەکان کردووە ( مەحوی، 2001: 3) و حا تەم ولـ یا لە نا مەی دکتۆرا یدا لەژێر ناونیـ شانی (پەیوەندیـ یە ڕۆنانیـ یەکانی نواند نە سینتاکییەکان)دا، ئا مانجی سەرەکی ئەوە یە کە لە ڕواذ گەی تـ یۆرێکی زاذ ستی وەك(GB) بڕوانێ تە شیکردنەوەو لێکدا نەوەی فر ێزو ڕ ستەکانی ز مانی کوردیی و پەیوەندییان بە یەکترەوە بخاتەڕوو (محە مەد، 2006: 3)، هەروەها سەباح ڕە شید، لە نامەکە یدا بە ناوی (هە ندێ لا یەنی ڕێز مانی دە سەڵات و بە ستنەوە(GB) لە ز مانی کوریدا) لە ڕواذگەی تـ یۆری دە سەڵات و بە ستنەوە ڕێزمانی کوردی شی کردۆ تەوە و هەو ڵدانێك بووە بۆ شیکردنەوەی یا ساکانی ئەو مۆدێلە ڕێزمانیـ یە و جێ بەجێکردنی لە سەر ز مانی کوردی و نا ساندنی تیۆرە کە بە خوێـ نەری کورد ( قادر، 2007: 1) و دوای ئە مە ڤـ یان حاجی سلیمانیش لە نا مەی دکتۆراکە یدا لە ڕواذ گەی ئەم تیۆرە(دەسەڵات و بەستنەوە GB) باسی ڕێزمانی کوردی دەکات و پێی وایە کە تیۆری دە سەڵات و بە ستنەوە یەکێ کە لە تـ یۆرە نوێ و باوە کانی کە گۆڕە پانی لێکۆڵیـ نەوە زمانیـ یەکان لە ئەمریکا و زۆر بەی وڵا تە ئەوروپا یـ یەکان داگیر کردووە، بۆ یە بۆ ز یاتر ئاشناکردنی بە لێکۆڵەری زمانی کوردی، لەم نامەیەدا باس لە لـ قە تیۆرە کانی سەر بە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە دەکات بە شێوەیەکی گشتی و شیکردنەوە و لێکۆڵیـ نەوە لە کەر ستە بەتا ڵەکان، ئەو کەر ستانەی کە بە هۆی بارێکی تایبەتیـ یەوە لە ڕ ستەدا خاوەن شێوەی گۆکراوەیی نین یاخود بە واتا یەکی تر لە ڕستەدا نابینرێن، تەنیا لە ڕووی واتاو ڕێزمانەوە هەست بە بوونیان دە کرێ، تـ ێڕوانینی ئەم تـ یۆرە لەم بارە یەدا

ئەوەیە کە دەرکەوتنی کەرەسەی بە تاڵ بۆ دەسەڵات و زاڵبوونی کەرستە بۆ گەڕاوەکە بەسەر کەرەسە هاوپێرستەکەی دەگەڕێتەوە (سلێمان، 2007: 3).

هەرچەندە دەتوانین ذیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بە سەدەی ڕێزمانی نوێ دابنێین، بەڵام بەو مانا یە نیە کە ڕێزمانی چاولێکەری یاخود نیمچە چاولێکەری کۆتایی پێ هاتووە و نەماوە.

بە درێژایی ئا مانجی ئەم نامە یە کە(جێناو لە کرمانجیی ژووروو)ە بەلای ئەو لێکۆڵینەوانەی ڕێزمانی چاولێکەری ڕۆیشتووین تا باسەکە بەو خوێندنەوەی کە ئەوان بۆ جێناو لە زمانی کوردییان کردووە دەست پێ بکەین. لە خستنەڕووی ئەو بابەتانەی کە لە ڕێزمانەکانی چاولێکەری وەرگیراون هەوڵمانداوە بە پێی ساڵ ڕێزیان بکەین.

## 1-2- پێناسەی جێناو لە ڕێزمانی چاولێکەری و نوێدا:

ئەو پێناسانەی کە بۆ جێناو هاتووە تاڕادەیەك لێکدەچن.

لێرەدا هەندێ لەو پێناسانە دەخەینەڕوو:

أ) ((لفظیکە جێگای اسم دەگرێ)) (کابان، 1928: 28).

ب) ((ڕاناو وشەیەکە، کە لە بری ناوێ، بەکارئەهێنرێ جا ناوەکە لە پێشەوە بێژرابێ، وە یان لە یادابێ)) (ئەمین، 1960: 87).

پ) ((وتەیەکە یان پیتێکە لە جیاتی ناوێك یان وتەیەکی تر بەکارئەهێنێ بۆ مەبەستی دووبارەنەکردنەوەی وتە لە ڕستەدا)) (ئەحمەد، 1976: 158).

ت) ((ئەو کۆمەڵە وشەیەیە، کە ڕاستەوخۆ بۆ کەسانی یەکەم و دووەم و سێیەم وەیا (ڤسەکەرو ڤسەبۆکراو ڤسەلێکراو) دا نراوە، هەر یەکێك لەو شانەش لە وێنەیێکی تایبەتی دا دەبێتە هۆی پەیدابوونی واتای تەواو لە ئاخاوتنی کوردی دا)) (محەمەد، 1976: 56).

ج) ((بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، کە بە پێی ئەو دەلالەتانە ناودەنرێت: کەسی، هەیی، خۆیی، پرسیار، نیشانەکردن، نادیار، گەیێنەر)) (فەخری، 1976: 73).

چ) ((دەکەوێتە کۆنترین بەشی وشەی فەرهەنگی لە ڕووی واتا و نیشانەی ڕێزمانییەوە بە ناو، ئاوەڵناو، ژمارە وە پێویستە و وەکو جێگری ئەم بەشانەی ئاخاوتن بەکاردێت و کەتیگۆری ژمارە، ڕەسەن، ناسیاری و نەناسیاری دەنوێنێ)) (کوردۆییف، 1984: 133).

ح) ((ژ وان خەبەرانرا دبێژن جێناڤ، یێن کو ل شوونا ناڤێن مەریڤان ئو تیشتان تێن خەبیتاندن)) (کوردۆییێڤ، 1981: 64).

خ) ((ئەو بێژەیە یاکو د ڕستەیی دا جهێ ناڤ چ مرۆڤ یا تشت دگریت، چ ئێکسەر یان ژی بکریار و نیشانکرن)) (ئامێدی، 1987: 203).

د) ((جێناو بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆیەو ئیشارەت بۆ دەلالەت و مادە دەکا، بەڵام ناویان نابا)) (مارف، 1987: 29).

لە پێنا سەی جێ ناودا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێ تەوە کە زۆر بەی ڕێزماننووسەکان(کابان، عەلی ئەمین، ئەحمەد حەسەن، مەسعود محەمەد...) جێ ناو وەکو جێگری ناو سەیردەکەن، کەواتە ڕاستە کە جێناو وەك(جێگر)ی دانەیەکی واتادار خۆی دەنوێنێ، بەڵام واتاکەی وەرناگرێ، بۆ نموونە ئەگەر جێناوی( ئەو) لە ڕستەی ( ئەو بـ گرە)دا مەبەستی (کچێك) بـ ێت، ئەوە وا ناگەیەنێ کە ( ئەو) ما نای (کچێك) دەگەیەنێ (مارف، 1987: 15).

لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا جێناو وەکو فرێزێکی ناوی سەیر دەکرێت، بۆیە ئەم پێنا سەی خوارەوە زیاتر لەگەڵ بابەتەکەمان دەگونجێت وەك: (یەکەکانی جێناو لە شوێنی فرێزی ناوی لە ڕستەیەك و یان ڕستەکانی دواتر بەدیار دەکەون) (مشکوة الدین، 1374: 174).

## 1-3- جۆرەکانی جێناو:

دوای پێناسەی جێناو، لێکۆڵینەوە لەسەر جۆرەکانی جێناو دەکەین:

- بە پـ ێی بۆ چوونی جگر خوین جێ ناو لە کر مانجی ژووروودا چوار جۆرە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- جێناوی کەسی جودا، 2- جێناوی کەسی لکاو، 3- جێناوی نیشانە، 4- جێناوی نادیار (جگرخوین، 1961: 71-84).

لە باسی جێناوی کەسی جودا دا، دوو دەستە جێناوی جودا دەستنیشان کراوە:

أ- بەرناڤێ کرنا بۆری تێپەڕ.

ب- بەرناڤێ هەمی کرنێ مایی.

لە دەستەی یەکەمدا 7 فۆڕمی دیاری کردووە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

دەستەی یەکەم ⟸ من، تە، وی، وێ ⟸ بۆ تاك، مە، وە، وا ⟸ بۆ کۆ.

دە ستەی دووەم ⟸ ئەز، تو، ئەو ⟸ بۆ تاك، ئەم، هون، ئەو ⟸ بۆ کۆ (س.پ: 71-72).

له دەستەی یەكەمی جێناوی جودای كەسی سێیەمی كۆدا (وا)ی بەكارهێناوە كە له فۆڕمی گ شتی ئەم جێ ناوە له كر مانجیی ژوورووی (وان)ە، هەروەها له جێ ناوە جوداكانی دەستەی دووەم له كەسی دووەمی كۆدا( هون)ی بەكارهێناوە، بەڵام زیاتر فۆڕمی(هوون) سەرەكی تر و باوترە، چونكە ئەمە لە شێوەزارەكاندا زیاتر بەكاردێت، بەتایبەتی لە شێوەزاری بادیناندا.

لە باسی جێناوە لكاوەكان لەبەر ئەوەی لە دوای جێناوی جوداوە بەكاردێن بە نیشانەی جێناو دادەنێ، بەم شێوەیە:

م ⟸ نیشانا دەنگبێژە.

ئی ⟸ نیشانا پێشبەرە.

ن ⟸ نیشانا هەمی كۆمایە (جگرخوین، 1961: 71-84).

لە باسی جێناوی(نادیار)دا دوو جۆرە جێناوی دەستنیشان كردووە بەم جۆرەی خوارەوە:

1- داخوازی لەگەڵدایە ⟸ هەموو، كێم، زۆر، گەڵەك، هیچ...هتد.

2- بێ داخوازییە ⟸ فلان، فیسار، كابرا، ...هتد (س.پ: 74).

خاڵی یەكەم مەبەستی ئەوەیە كە ئەم جێناوانە فەرماندانیان لەگەڵدا یە، وە خاڵی دووەم مەبەستی ئەوەیە بێ فەرماندانە، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە هەموو ئەو جێناوا نەی دەتواندرێ لە ڕستەیەكی فەرماندانەدا بەكاربهێنرێن، بۆ نموونە وەك:

هەمی، زۆر، گەلەك، كابرا، فلان...وەرن.

وشەكانی(كێ، كەی، كەنگی، كا، كوا، كو، كیژان-كا مە، قەی، خوە نە، دە خەمۆ، چە، چاوا، چلۆ، لۆ، بۆ، چەند، چقا، گەلۆ، ئا یا، چۆن)ی لە پرسیاردا بەو ئامرازا نە داناوە، كە یارمەتی پرسیاركردنی ناوێك دەدەن (س.پ: 62-64)، هەروەها لە بارەی جێناوی خۆیی، بەجێناو دانانێ و پێی وایە ئەمە جێناو نییە، بەڵكو پا شگری جێناوە و بۆ خورتی[*] بەكاردێت وە بۆ سەلماندنی ڕایەكەی چەند نموونەیەك دەهێنێتەوە بەم شێوەی خوارەوە:

بارام ب خوە هات

ئەو ب خوە هات

وی ب خوە خوار ...هتد (س.پ: 81-82).

---

[*] خورتی: جەختكردن.

واتا لێرەدا (ب خوە) بۆ جەختکردن لە ناوێك یان جێناوێك بەکارهاتوە، بەڵام ئەو ناوی نەناوە جەختکردن بەڵکو نووسەر بە کاریگەری ڕێزمانی عەرەبی، (خۆ)ی بەرانبەر (نفس–شخصیة–ذات)ی کردووە و ڕستەی (ئەز بخوە چووم)ی بەرانبەری کردووە بە (انا ذهبت بشخصي– بنفسي–بذاتي)و ناوی لێناوە (خورتی). مەبەست لە خورتیش لە لای ئەو چالاکترکردنە، کە هەر جەختکردنەکە یە، بەڵام ئەو ناوی نەناوە جەختکردن، هەروەها باسی ئەوەی نەکردووە کە بەبێ پێشگری (ب) وەکو جێناو دەردەکەوێت، وەکو: ئازدی خۆ دڤێت.

- جەمال نەبەز لە کتێبەکەیدا بە ناوی(زمانی یەکگرتووی کوردی) بەم شێوەیە جێناوەکان دەخاتەڕوو:

1– جێناوە کەسییەکان، 2– جێناوی بەکارەوە نووساو، 3– جێناوی خۆیی (نەبەز، 1976: 23–26).

**1– جێناوە کەسییەکان:** لە جێناوە کەسییەکاندا دوو دەستە جێناوی کەسی جودای دەستنیشان کردووە کە ئەمانەی خوارەوەن:

أ) جێناوی دۆخی کارایی (Nomimative cas):

دەستەی یەکەم
- ئەز، تو، ئەو ⟸ بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەم ⟸ تاك.
- ئەم، هۆن، ئەو(ان) ⟸ بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەم ⟸ کۆ

ب) جێناوەکانی دۆخی خاوەنی (Possessive Case)

دەستەی دووەم
- من، تە، وی/وێ ⟸ بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی ⟸ تاك
- مە، وە، (ئە)وان ⟸ بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی ⟸ کۆ

(نەبەز، 1976: 24).

نووسەر لەوە دواوە کە چۆن جێناوە کانی دۆخی کارایی(ڕاستەوخۆ) لە گەڵ هەموو دەمکاتەکانی کاری تێنەپەڕدا بەکاردەهێنرێن، بەڵام باسی ئەوەی نەکردووە، کە لەگەڵ کاری تێپەڕی کاتی ئێستاو داهاتووشدا دێن.

2- **جێناوی بەکارەوە نووساو:** لەبارەی جێناوە بەکارەوە نووساوەکاندا نووسەر پێی وایە کە لە شێوەی ژووروودا لە کارە تێپەڕەکاندا ئەم جێناوە بەکارناهێنرێ بۆ ئەم مەبەستە هەندێ نموونەی هێناوەتەوە وەك: (من کر، تەکر، وی/وێ کر، مەکر، وەکر، وان کر). (نەبەز، 1976: 26)، لێرەدا ڕاستە جێناوەکانی دۆخی خاوەنی لەگەڵ کاری تێپەڕ لە ڕابردوودا جێناوی لکاو وەرناگرێت، بەڵام باسی ئەوەی نەکردووە کە جێناوەکانی دۆخی کارایی چۆن لەگەڵ تێنەپەڕی ڕابردوو و تێپەڕو تێنەپەڕی داهاتوودا دەردەکەون، چونکە لەم حاڵەتەدا کار جێناوی لکاو وەردەگرێ وەك:

ئەز نڤستم ⟸ تێپەڕی داهاتوو.

تو دێبەی ⟸ تێپەڕی داهاتوو.

ئەو دێنڤیت ⟸ تێنەپەڕی داهاتوو (ئەمین، 1990: 262).

3- **جێناوی خۆ (Reflexive pronoun):** نووسەر پێی وایە کە جێناوی خۆیی لە شێوەی کرمانجی ژووروودا گەردان ناکرێ و هەروەك خۆی دەمێنێتەوەو نموونەکانی وەك:

من، تە، وی/وێ، مە، وە، وان خۆشویشت. (نەبەز، 1976: 27).

و پێشنیازی ئەوە دەکات وەك دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست گەردان بکرێت چاکترە لەگەڵ جێناوە لکاوەکانی خاوەنیەتی دیالێکتی(ك.ن) کە لە دیالێکتی (ك.ژ)دا نییە، زیاتر مەبەستی بۆ یەکگرتنی زمانی کوردییە، بەڵام بە بۆچونی ئێمە ئەم جێناوە فۆڕمێکی نەگۆڕی هەیە نە لە ڕووی کەس وە نە لە ڕووی ژمارە لەگەڵ کاردا ڕێك ناکەون و هەمیشە فۆڕمی خۆیان پاراستووە، وەك ئەم ڕستەیەی خوارەوە:

ئازادی خوە کوشت Ø.

بکەر بەرکار کار

ت3 نەگۆڕ ت3

ڕێککەوتن نییە

- هەرچی کوردستان موکریانییە جێناو دابەش دەکاتە سەر دە جۆر بەم شێوەی خوارەوە:

1- جێناوی کەسی، جێناوی لکاو، 3- جێناوی نیشانە، 4- جێناوی پرسیاری، 5- جێناوی چەندی، 6- جێناوی هەیی، 7- جێناوی خۆیی، 8- جێناوی نادیار، 9- جێناوی دیار، 10- جێناوی نا(نەڤ) (موکریانی، 1980: 233).

نوو سەر جێ ناوە کە سییەکان بەجیا باس دە کات وا تە بە جێ ناوی کە سی و جێناوی لکاو کەچی ئەم دوو جێناوە هەردووکیان جێناوی کەسیین یەکەمیان جێناوی کەسی سەربەخۆیە وە دووەمیان جێناوی کەسی لکاو، لە بارەی جێناوی لکاو نوو سەر ڕ ێی وا یە کە لە د یالێکتی کر مانجیی ژووروودا یەك جێ ناوی لـ کاوی هە یە کە ئەویش(یَ) یە، بۆ کە سی سێیەمی تاك دەگەڕێ تەوە و لە ڕ ستەدا دەوری بەرکاری ناڕا ستەوخۆ دەگێڕێت وە چەند نموونە یەك دەهێنێ تەوە بۆ ئەم مەبە ستە یەکێك لەو نموونانە، وەك:

– پارە ژێ ستاندن. (موکریانی، 1980: 241).

لە با سی جێناوی نیشانەدا نوو سەر ئەم جێناوە دا بەش دەکا تە سەر دوو بەش وەك ئەمانەی خوارەوە:

أ– ئەو جێناوانەی کە واتای شت یا شوێنێکی نزیك دەبەخشێ وەك:

ئەڤ، ئەڤا، ئەڤانە.

ب– ئەو جێناوانەی کە واتای شت یا شوێنێکی دوور دەبەخشێ وەك:

ئەو، ئەوە، ئەوا نە (س.پ: 242). لە د یالێکتی کر مانجی ژووروودا بە تای بەتی لە دۆ خی تیا ندا ڕە سەنی ن ێر و مێ دەردە کەوێت بۆ یە ئەم جێ ناوەش گۆڕانی بەسەرردادێت، (ئەڤ، ئەو) بۆ نێر (ی) دەچێتە سەر و دەبێتە( ئەڤی، ئەوی) و بۆ مێ(یَ) دە چێتە سەر و دەبێ تە ( ئەڤێ، ئەوێ)و هە ندێ جار ئەم هەمزە( ئـ) لادە چێت و دەبێتە(ڤی، وی) بۆ نێر و (ڤێ، وێ) بۆ مێ.

لە باسی جێناوی پرسیاریدا بەم شێوە پێنا سەی دە کات، (مەبە ست لە جێناوی پر سیار ئەو جێناوا نەن، کە لە ڕ ستەدا پر سیار لە کەس و شت و ڕووداو دە کەن) (س.پ: 244). وە ئەم فۆڕما نەی بۆ جێ ناوی پر سیار د یاریکردووە ( کێ، کی، چ، کام/کا مە/کیها، ک یژان، چۆن، چەوا (ن)) (موکر یانی، 1980: 244)، بەڵام هە ندێ فۆڕمی تر کە لە کرمانجیی ژووروودا بەکاردێن نوو سەر دەستنیـ شانی نەکردووە وەك: (کا/ کانی، کیرێ/کیدەرێ...هـ تد). لە پێنا سەی جێ ناوی چەندێتی دا نوو سەر دە ڵێ: (( ئەو جێناوە یە کە وا تای چەندێتی و پر سیار دەبەخ شێ)) (س.پ: 247)وە ئەم فۆرما نەی خ ستووتەڕوو: ( چەند، چقاس، ئەڤقاس، ئەوقاس) (س.پ: 248). و لە باسی جێناوی هەیی دا ئەم فۆرمانەی دەستنیشان کردووە: (–یێ، –یا، یێ/یدە/ینە) (موکریانی،1980 :248).

جێناوی خۆیی هەروەکو زما نەوانانی پێش خۆی بە سەربەخۆ دادەنێت و دوو فۆرمی وەك: (خۆ/ خوە)ی دەستنیشانکردووە و هە ندێ نموو نەی هێناوە تەوە، یەکێ لەم نموونانە وەك: دەستێ دایکا خۆ ماچ دکر. (س.پ: 249)، هەروەها بەم شێوەیە پێناسەی جێناوی نادیار دەکات، (ئەو جێناوا نەن کە چەندێتی، ژمارە، کەس نیشان نادەن)، وە ئەم فۆرما نە دەخا تەڕوو (کەس/کە سەك/توکەس، تشت/تشتەك/تو شت، هنەك/هـ ندەن) (س.پ:250)، بۆ جێ ناوی د یاریش ئەم فۆرما نەی هێناوە تەوە ( هەر، هەرتشت، هەرکەس، گشت، هەمی، هەمی تشت، هەمی کەس...هـتد) (س.پ: 251). بەڵام ئەو جێناوانەی کە نووسەر بە جێناوی نادیار ناویان دەبات بە شێوەیەکی ناد یار بۆ کەس و شت و شوێن بەکاردێن، هەروەها هەموو ئەوانی تر جێ ناوی د یارن وە کو هەموو جێناوە کەسییەکان (جێناوی کەسی سەربەخۆ، جێناوی کە سی لکاو)، خۆیی، نی شانە...هتد. نوو سەر بۆ جێ ناوی نا( نەڤی) سێ فۆرم دەستنی شان دە کات وەك: (هیچ/ هەچ/چ) (س.پ: 253)، بەڵام با سی جێ ناوی هاوبە شی نەکردووە، جێ ناوی هاوبەش کە دەبێتە دوو جۆر: جۆری یەکەم جێناوی خۆیی دەگرێتەوە نوو سەر با سی ئەمەی کردووە، بەڵام جۆری دووەمی (جێناوی هاوبەش)(هەڤدوو-ئێکدوو) دەگرێتەوە کاتێك بەکاردێن کە بکەر و بەرکار وەك یەك بە شداری کارێك بکەن، و لە باری کۆ لە جیاتی بەرکار بەکاردێت، بۆ نموونە وەك:

- مەهەڤدوو دیت.

- کوردۆییێڤ، جێناوەکان دابەش دەکاتە سەر ئەم بەشانەی خوارەوە:

1- جێ ناوی کەس، 2- جێ ناوی ل کاو، 3- جێ ناوی نی شانە، 4- جێ ناوی خۆیی، 5- جێناوی هاو بەش، 6- جێناوی هەیی، 7- جێناوی پرسیار، 8- جێناوی د یار، 9- جێ ناوی ناد یار، 10- جێ ناوی چەندی، 11- جێ ناوی نا( نەڤی) ( کوردوییڤ، 1984: 133).

لە جێ ناوی کە سی جودادا دوو دە ستە جێ ناو د یاری دە کات أ- جێ ناوە کەسیەکانی دەستی ڕاست. ب- جێناوە کەسییەکانی دەستەی تەوا ندی (جێناوە کانی دۆخی ڕاستەوخۆ و جێناوەکانی دۆخی تیان)(س.پ: 64).

لە باسی جێناوی لکاودا دابەش دەکاتە سەر دوو گروپ بەم جۆرەی خوارەوە:

جێناوی لکاوی (-م، ت، ی)⟸ بۆ کەسی تاك.

جێناوی لکاوی (-ێ) وەکو جێناوی کەسی سێیەمی تاك لە ڕۆڵی بەرکاری تیاندا بەکاردێت، لە دیالێکتی ژووروودا شێوەی(ن) کۆتایی کەس یە کەم و دووەم و سێیەمی

کۆیه (س.پ:140–142)، هەروەها له باسی جێناوی نیشانەدا هەروەکو زما نەوانانی تر دابەشی دەکاتە سەر دوو گروپ:

أ– ئەو جێناوانەی، کە بۆ شتی نزیك بەکاردێن.

ب– ئەو جێناوانەی، کە بۆ شتی دوور بەکاردێن.

| کۆ | | تاك |
|---|---|---|
| بۆ نزیك. ⟸ ئەڤان | ⟸ | ئەڤ |
| بۆ دوور. ⟸ ئەوان | ⟸ | ئەو |

(کوردۆییێڤ، 1984: 148–149).

هەروەکو پێشتر ئاماژه مان پێدا ئەم جێناوی نیشانه له دیالێکتی کرمانجی ژووروودا بە تایبەتی له دۆخی تیاندا ڕەگەزی نێر و مێ دەردەکەوێت (ئەڤ، ئەو) ئەگەر بۆ نێر بەکاربهێنرێن (ی) وەردەگرن و دەبنە(ئەڤی، ئەوی)، بەلام بێتو بۆ مێ بەکاربێت (ێ)یان دەچێتە سەر و دەبنە(ئەڤێ، ئەوێ)، زۆرجاریش (ئە)ی سەرەتایان تێدە چێت و له شێوەی (ڤی، وی)؛ (ڤێ و وێ)دا دەبینرێن.

دیسانەوە بۆ جێناوی خۆیی ئەم فۆرما نەی هه یە(خوا، خوە، خۆ) (س.پ: 67)، و وا تای خۆ یەتی و خاوەذ یەتی دەبەخ شێت، له ڕووی ڕه سەنی، ژ مارە، دۆخ دا بێلایەنە ( س.پ: 153).

له پێنا سەی جێ ناوی هاو بەش دا دە ڵێ: (ژ وی جێنا ڤان دبێژن جێنا ڤێ هە ڤدووتیێ، یێ کو کر نا بیهڤرا نیشان د کە، یانی ژ نیشان د کە، کو ل نا ڤ دوو میریڤاندا کرنك تێ کرن) (کوردۆییێڤ: 1981: 71) وەك (هەڤدوو، یەکدوو).

مه هەڤدوو دیت.

له بارەی فۆڕمەکانی جێناوی پرسیار بەم شێوەیە دەخاتەڕوو:

( کێ؟، کی)، (چ؟ ، چی)، (کێژان؟)، ( چەند؟ ، چاوان)، نوو سەر پێی وا یە کە جێناوی(کێ، کی)، چ، چی)، گەردان ناکرێن و ڕەسەنن (کوردۆییێڤ، 1984: 154).

بۆ جێ ناوی هەیی فۆڕ مەکانی(یێ، یا) بۆ تاك، (یێد، یێت، یێن) بۆ کۆ و فۆڕمەکانی تاکی ئەم جێناوانە، (یا) بۆ مێ، (یێ) بۆ ذێر بەکاردێنێت (س.پ: 156)، هاتنی ئەم دوو(ی)یە پێکەوە هۆیەکەی بۆ دەنگسازی دەگەڕێتەوە و لە شێوەزارێکەوە بۆ شێوەزارێکی تر گۆڕانی بەسەر دێت، بۆ نموونە: فۆرمی(یێ، یا، یێد) لە شێوەزاری بۆتان، بادینان، هەکاری، دیاربەکر، بایەزید، ئەرمینیا، سوریا به زۆری بەکاردێت، فۆرمی(یێت، ێت) لە شێوەزاری بادینان وە فۆرمی(یێن) لە زمانی وێژەیی سوریادا بەکاردێت. له باسی جێناوی دیاردا نووسەر بەم جۆرە پێناسەی دەکات و دەڵێت:

(جێناوی دیار بۆ شتی بێ گیان بەکاردێت و جێناوی (هەر) سەر بەم جێناوەیە، ئەم جێناوە بەیارمەتی وشەی تر جێناوی لێکدراو پێك دەهێنێت (س.پ: 157). بە بۆچوونی ئێمە (هەر) جێناو نییە، بەڵکو ئامرازی جەختە، بۆ نموونە، وەك:
هەر ئازاد دێهێت.

- صادق بەهائەددین لە کتێبەکەیدا بە ناوی(ڕێزمانا کوردی) چەند جۆرە جێناوێك دیاری دەکات کە ئەمانەی خوارەوەن:

لە بارەی جێناوی کەسی جودا دا دوو دەستە جێناو باس دەکات وەك:

دەستەی یەکەم:

تاك:
ئەز ⟸ بۆ کەسی یەکەمی قسەکەر
تو ⟸ بۆ کەسی دووەمی گوێگر
ئەو ⟸ بۆ کەسی سێیەمی نادیار

کۆ:
ئەم ⟸ بۆ کەسی یەکەمی قسەکەران
هوین ⟸ بۆ کەسی دووەمی گوێگران
ئەو ⟸ بۆ کەسی سێیەم نادیاران (ئامێدی، 1987: 206).

لە دەستەی یەکەمی جێناوە جوداکان لە کەسی دووەمی کۆدا (هوین و هنگ)ی بەکارهێناوە، کە ئەمەش زیاتر لە گۆڤەری بادینان لە هەندێ ناوچە بەکاردێت.

دەستە دووەم:

من ⟸ بۆ کەسی یەکەمی تاك
تە ⟸ بۆ کەسی دووەمی تاك.
وی ⟸ بۆ کەسی سێیەمی تاك، نێر.
وێ ⟸ بۆ کەسی سێیەمی تاك، مێ.
مە ⟸ بۆ کەسی یەکەمی کۆ.
وە(هەوە) ⟸ بۆ کەسی دووەمی کۆ.
وا(وان) ⟸ بۆ کەسی سێیەمی کۆ. (ئامێدی، 1987: 214).

لە بارەی جێناوی( هەیی)دا نوو سەر پێی وایە کە لەگەڵ دەستەی دووەمی جێناوە جوداکاندا بەکاردێن و لەڕووی نێرو مێ دابەش دەکاتە سەر دوو جۆر وەك:

1- بەشی یەکەم بۆ(نێرو مێ)ی تاك ⟸ نێرینە ⟸ئێ  یێ
مێینە ⟸ ئا  یا.

2- بەشی دووەم بۆ(نێرو مێ)ی کۆ ⟸(ئێت-یێت، ئێد-یید، ئێن، یێن)ە (ئامێدی، 1987: 232)، نووسەر بە هەمان شێوەی کوردۆییێف دوو(ی) بەکارهێناوە کە ئەمەش بۆ هۆکاری دەنگسازی دەگەڕێتەوە.

لێرەدا نووسەر جێناوی هەیی و نیشانەی ئیزافەی تێکەڵ کردووە (یێ)و (یا) ڕاستە جێناوی هەیین، بەڵام لە ڕاستیدا (ئێ) و(ئا) نابنە جێناوی هەیی. لە بارەی جێناوی نیشانە هەروەکو ڕێزماننووسانی تر چەند فۆرمێکی دەستنیشان کردووە وەك:

ئەڤ  ئەڤە ⟸ بۆ تاکی نێرینەو مێینەی نزیك.
ڤان  ئەڤان ⟸ بۆ کۆی نێرینەو مێینەی نزیك.

ئەو- ئەوە ⟸ بۆ تاکی نێرینەو مێینەی دوور.
وان  ئەوان ⟸ بۆ کۆی نێرینەو مێینەی دوور (س.پ: 237-239).

نووسەر لە پێناسەی جێناوی پرسیاردا دەڵێ: ((ئەو جهناڤن ێیت کۆ جهێ نا ڤان ب ئاوایەکێ پرسیاری دگرن و دگەل کارێت دەربازو نەدەرباز ب هەمی دەمان و ئاوایان ب کارتێن)) (س.پ: 253).

لە بارەی جێناوی لێکدەر کە نووسەر بە(پێگەهـ)ناوی دەبات پێی وایە کە ئەم جێناوە لەگەڵ جێناوی نیشانە و هەییدا لە ڕستەدا بەکاردێن، جێنای لێکدەر (کو)یە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا، ئەگەر ئەم فۆرمە لەگەڵ جێناوی هەیی(یێ) بۆ نێرینەی تاك و (یا)ی مێینەی (تاك) بەکارهات دەبێتە، (یێ کو) و (یاکو)، کەواتە بەڕای نووسەر جێناوی لێکدەر لە دیالێکتی(ك.ژ)دا بە پێی نێرو مێ دوو جۆرە، هەروەها بۆ جێناوی نادیار بەم شێوەیە پێناسەی دەکات و دەڵێت: ((ئەو جهناڤە یێ کۆ جهێ کەسەکی یان تشتەکی خۆمالی ناگرنەڤە)) (ئامێدی، 1987: 263).

فۆرمەکانیش بەم جۆرە دەخاتەڕوو وەك:

1- سادە⟸ کەس، تشت، یەك، کەسەك، تشتەك، من، هنەك، هندەك، چەندەك، چەند، هیچ، ...هتد.
2- لێکدراو⟸ چ کەس، قەت کەس، قە یەك، فلان کەس، فلان تشت، ...هـتد (س.پ: 263-264).

- ئەوڕەحمان حاجی مارف لە کتێبەکەیدا بە ناوی(ڕێزمانی کوردی) جۆرەکانی جێناوی بەسەر دە جۆر دابەش کردووە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

**1- جێناوی کەسی:**

**أ- جێناوی کەسی جودا.**

**ب- جێناوی کەسی لکاو.**

2- **جێناوی خۆیی.**

3- **جێناوی نیشانە.**

4- **جێناوی پرسیار.**

5- **جێناوی چەندێتی.**

6- **جێناوی هەیی.**

7- **جێناوی نەفی.**

8- **جێناوی هاوبەش.**

9- **جێناوی دیار.**

10- **جێناوی نادیار** (**مارف**، 1987: 78).

**1- جێناوی کەسی:**

**أ- جێناوی کەسی جودا: لە جێناوی کەسی جودا دا هەروەکو ڕێزماننووسانی پێش خۆی دوو دەستە جێناوی دەستنیشان کردووە، کە ئەوانیش بە پێی دۆخی ڕاستەوخۆ**(Direct case)**و دۆخی تیان**(Oblique Case)**ن وەک:**

1- **دۆخی ڕاستەوخۆ:**

**تاک** ←
1- **ئەز**
2- **تۆ**
3- **ئەو**

**کۆ** ←
1- **ئەم**
2- **هوون**
3- **ئەو**

2- **دۆخی تیان**

**تاک** ←
1- **من**
2- **تە**
3- **ئەوێ، وێ(بۆ مێ). ئەوی، وی(بۆ نێر).**

کۆ → مه
کۆ → وه
کۆ → وان (مارف، 1987: 79).

ب- جێناوی کەسی لکاو:

جێناوە لکاوەکان بەم شێوەیە دەستنیشان دەکات:

| کەس | جێناوی کەسی جودا | جێناوی کەسی لکاو |
|---|---|---|
| یەکەم | ئەز | م |
| دووەم | تو | ی |
| سێیەم | ئەو | ه ، . |
| یەکەم | ئەم | ین |
| دووەم | هوون | ن |
| سێیەم | ئەو | ن |

(س.پ: 160).

نووسەر پێی وایە کە بۆ دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی جێناوی کەسی لکاو دوو حاڵەت هەیە وەك:

أ- دەرنەکەوتنی جێناوی لکاو، ئەگەر لە ڕستەدا بەرکار نەبێت وەك:

من، تە، (وی/وێ)، مە، وە، وان/ کر.

ب- دەرکەوتنی جێناوی لکاو، ئەگەر لە ڕستەدا بەرکار هەبێت وەك:

تە ئەز هیناردم

من تو هیناردی ....هتد (مارف، 1987: 170-174).

2- **جێناوی خۆیی:** لە جێناوی خۆیی ( خوە) بە فۆرمی سەرەکی لە دیالێکتی کرمانجی ژووروو دادەنێت (س.پ: 232).

3- **جێناوی نیشانە:** ئەم فۆرمانەی خستوتەڕوو وەك:

ئەڤ، ئەڤە ⇐ تاك ┐ نزیك
ئەڤان، ئەڤانە ⇐ کۆ ┘

ئەو، ئەوە ⇐ تاك ┐ دوور
ئەوان، ئەوانە ⇐ کۆ ┘ (س.پ: 245).

**4- جێ ناوی پرسیار:** له جێ ناوی پرسیاردا نووسەر چەند فۆرمێك دەخا تەڕوو و پێناسەی هەریەکەیان دەکات بەم شێوەی خوارەوە (أ- کی، ب- چ، پ- کیێهە/کێهان، ت- (چەوا (ن)، چاوا(ن))، ج- کەنگی، چ- کا/کانێ، ح- چەند، خ- کێرێ.

أ- کی: ئەو جێناوە بۆ پرسیاری ئەو کەسە بەکاردەبرێ کە کارێکی کردبێ یان بیکا (س.پ: 257).

ب- چ: ئەم جێناوە بۆ پرسیار لە شت و هۆی ڕووداو بەکاردەهێنرێ (س.پ: 259).

پ- کێهە/کێهان: ئەم جێناوە بۆ پرسیاری جوداکردنەوەی کەسێك یان شتێك لە ذێو کۆمەڵێکدا بەکاردەهێنرێن (س.پ: 261).

ت- چەوا(ن)، چاوا(ن): ئەم جێناوانە بۆ پرسیارکردن لە شت و چۆنیەتی ڕووداو بەکاردەبرێن.

ج- کەنگی/کەنگێ: لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا ئەم دوو فۆرمە بەکاردێت، بۆ پرسیارکردن لەکاتی ڕووداوەکە (س.پ: 226).

چ- کا/کانێ: ئەم دوو فۆرمە بۆ پرسیارکردن لە کەس و شت بەکاردەهێنرێن (س.پ: 266).

ح- چەند: ئەم جێ ناوە بۆ پرسیاری ئەندازە و ژمارە... بەکاردێ، وەك جێ ناوی چەندێتیش دەبینرێ (س.پ: 269).

خ- کێرێ: بۆ پرسیاری شوێن و جێگە بەکاردێن (س.پ: 268).

**5- جێ ناوی چەندێتی:** نووسەر لە دیالێکتی (ك. ژ)دا هەندێ فۆرمی دەستنیشان کردووە، کە بۆ مەبەستی گەیاندنی مانای چەندێتی بەکاردێن و دەکرێ بە(جێناوی چەندێتی) ناو ببرێن، وەك:

(چەند، هنەك/هندەك، چقاس، ئەڤقاس، ئەوقاس) (مارف، 1987: 276).

**6- جێ ناوی هەیی:** جێ ناوی هەیی ئەو جێناوەیە کە خۆیەتی(تملك) ڕادەگەیەنێ. جێناوی هەیی لە(ك. ژ)ی کوردیدا بە پێی ڕەگەز دەگۆڕێ:

(یێ  y ê) بۆ نێرو(یا  ya) بۆ مێ بەکاردەهێنرێ (س.پ: 278-280).

**7- جێناوی نەفی:** فۆرمی(هیچ، چ) لە دیالێکتی (ك.ژ)دا وەك جێناوی نەفی دەبینرێن (س.پ: 281).

8- جێناوی هاوبەش: هەروەکو ڕێزماننووسانی پێش خۆی فۆرمی(هەڤ)، (هەڤدوو)، (یکدوو)ی بە جێناوی هاوبەش داناوە (س.پ: 283).

9- جێناوی دیار و جێناوی نادیار: ئەم دوو جێناوە پێکەوە باس دەکات، وەك:

أ- جێناوی دیار (هەر، هەریەك، هەركەس)، (هەرتشت، هەرشت)، (گشت، هەمی، تەڤ، تەمام)، (هەمی تشت، هەمی كەس).

ب- جێناوی نادیار: (هندەك، فلان، فیسار) (س.پ: 285-287)، هەروەكو پێشتریش ئاماژە مان پێ ێدا (هەر یەك، هەر كەس، هەرتشت) دە توانن وە كو ئامرازی گەیە نەر بەكاربهێنرێن، بۆ نموو نە، وەك: ئازاد وا نەكانی دەخوێنێت، هەر كە لە قوتابخا نە گەڕایەوە.

لێرەدا ( هەر) ئامرازی جەختە، وا تە ئە مەی لێدەر چێت لە خاڵی 9/أ-ب كە ناد یارن ئەوانیتر جێناوی د یارن وە كو هەموو جۆرە كانی تری (جێناوی كە سی سەربەخۆ، جێناوی كەسی لكاو)، خۆیی، نیشانە...هتد.

10- جێناوی لێكدەر: لە ڕستەدا هەبێ و نەبێ واتا و مەبەست هەریەكە فۆرمی (كو)ی بە جێناوی لێكدەر داناوە (س.پ: 289).

● وریا عومەر لە وتارەكانیدا باس لە دوو جۆر جێناوی كە سی جودا و جێناوی كەسی لكاوی كردووە، لە جێناوی كەسی جودادا دوو دە ستە جێناوی دەستنیشان كردووە وەك:

1- دەستەی (A) كە(من، تە، وی/وێ-مە، وە، وان) دەگرێتەوە.

2- دەستەی(B) كە (ئەز، تو، ئەو-ئەم، هوون، ئەو) دەگرێتەوە.

جێناوی كەسی جوداو جێناوی كەسی لكاو لە خشتەیەك بەم شێوەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

| ژمارە | كەس | جێناوی جودا | | جێناوی لكاو |
|---|---|---|---|---|
| | | A | B | |
| تاك | 1 | من | ئەز | م |
| | 2 | تە | تو | ی |
| | 3 | وی/وێ | ئەو | - ، ت، ە ت |
| كۆ | 1 | مە | ئەم | ین |
| | 2 | وە | هوون | ن |
| | 3 | وان | ئەو | ن |

(ئەمین، 2001: 55).

دەستەی یەکەم(A) لەگەڵ کاری ڕابردوی تێپەڕ دەردەکەوێ، وەك:

من، تە، وی/وێ، مە، وە، وان... کر  (ئەمین، 1990: 260).

من، تە، وی/وێ، مە، وە، وان... نڤیسی.

دە ستەی دووەم (B) لە گەڵ  کاری تێنە پەڕی ڕا بردوو، تێ پەڕ و تێنە پەڕی دا هاتوودا دەردەکەوێ، وەك:

ڕابردووی تێنەپەڕ ⟸ ئەز نڤستم

داهاتووی تێپەڕ ⟸ ئەز دکەم  دخۆم

داهاتووی تێنەپەڕ ⟸ ئەز دنڤم.  (س.پ: 262).

لە  بارەی جێ ناوی کە سی لـ کاو  کە (م، ی، (-، ت، ە ت)،  ین، ن، ن)ە، لە گەڵ دەستەی دووەم(B) لە کەس و ژمارەدا ڕێکدەکەون، جێناوی لـکاو بۆ کە سی  سێیەمی  تاك  لە ڕا بردوودا  هیچ نی شانەیەکی نی یە،  بەڵام  لە دا هاتوودا(ت، ە ت) دەردە کەوێ (ئەمین، 1983: 41-43) بۆ نموونە لە جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەم:

- ئازادی ئەو هنارد.

نووسەر زانیارێکی چاکی لە بارەی جێناوەکانی (جودا و لکاو) تۆمارکردووە، بە تایبەتی لە نیشاندان و دەورو چۆنیەتی دەرکەوتن و ئاڵوگۆڕکردنی جێناوەکاندا، بەڵام باس لە جۆرەکانی تری جێناو ناکات.

ئەو فۆرما نەی کە  لەبارەی جێناوە کان  باس  کران  بە گ شتی ئەوا نەن  کە  لە ئاخاوتنی دیالێکتی(ك.ژ)دا زۆر بەکاردێن...ئەگینا لە هەندێ بەشە دیالێکتی ژووروودا بۆ بەشێك لەو جێناوانە  فۆرمی دی  بەکاردێن،  بۆ نموو نە، وە کو  ئەم فۆرما نە: (هنگ، هنگۆ، هنگە)، (هەوە، وە).

## 1-4- هە ندێ  کەم و  کوڕی  لە با  سکراوەکانی جێ ناو  لە ڕێز مانی چاولێکەریدا:

هەروەك دەبینرێت چەمکەکان و شێوەی نیشاندان چەمکەکان لەو ڕێزمانانەی کە تاکو ئێستا خراونەتە بەر لێکۆڵینەوە لێکدەچن.

بە گ شتی  بەم  شێوەیە  کە  سەرەتا  پێنا سەی جێ ناو  کراوە  و  دوا یی  جۆرە کان و ئەرکەکانی جێناو باسکراوە.

هەڵ بەت  لە  شێوەی دەستنی شانکردنی جێناوە کان  یان ژمارە  یان ج یاوازی دەبینرێت. لە ڕێزمانەکانی دوایدا جۆرەکان و ئەرکی جێناوە کان  بە  شێوەیەکی ورد تر

خراونەتەڕوو، مەبەست لە ووردتر ئەوەیە کە لە ڕێزمانی نوێدا جێناو وەك بەشێك لە بەشەکانی ئاخاوتن دادەنرێت، بەڵام ڕێزماننووسەکانی چاولێکەری جێناو بە بەشێك لە ناو دادە نێن، هەروەها چاولێکەری لە ڕواذ گەی وا تاوە بە شەکانی ئاخاوتذ یان دەستنیشان دەکرد، بۆ نموونە ناو: وشەیەکە بۆ ناو لێنانی کەسێك یان شتێك یان بیر یێك بەکاردێت. بەڵام ڕێزماننووسانی نوێ بە شەکانی ئاخاوتذ یان لە سەر بنەمای تایبەتمەندی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسیەکان دەستنیشان کردووە بۆ نموونە وەك: ناو: لە ڕووی مۆرفۆلۆژی یەوە نیشانەی نا سیاوی و کۆ و ... وەردەگریێت، ناو: لەڕووی سینتاك سەوە لە سەرەتای ڕ ستە د ێت و ئەرکی بکەر و بەرکار و بەرکاری ناڕا ستەوخۆ... دەبیذ ێت. سەرەڕای ئە مەش کەم و کوڕێکی هاو بەش لە هەموویان دەبینرێت. بۆ نموونە کەم و کوڕیەکان ئەمانەن:

**أ- ڕێك نەکەوتن لەسەر جۆر و ژمارەی جێناو:**

ڕێزماننووسانی زمانی کوردی لە سەر جۆرو ژمارەی جێناو ڕ ێك نە کەوتوون، هەروەکو پێ شتر ئاماژە مان پ ێدا، هەر یەك لە زمانەوا نەکان چەند جۆرێکی دەستنیشانکردووە.

**ب- جیاکرد نەوەی جێناوی کە سی جودا لە د یالێکتی کرمانجیی ژووروو بۆ دۆ خی ڕاستەوخۆ و دۆخی تیان:**

ئەوانەی کە لە جێناوەکانی کەسی جودا لە دیالێکتی (ك.ژ) دواون، زۆربەیان دوو دەستە جێناویان دیاری کردووە، بەڵام بەشێکیان بۆ ئەوە نەچوون، کە بە پێی دۆخی ڕاستەوخۆ و دۆخی تیان دابەش دەبن (مارف، 1987: 69).

لێکۆڵەرەوەکانی کرمانجی سنووریان بۆ دۆخی ڕاستەوخۆ و تیانی جێناوی کەسی جودا دانەناوە (کوردۆییێڤ، 1984: 133)و بە ناوی جیا جیا ناویان بردووە، بەم شێوەی خوارەوە:

((جونا ئێکی، جونا دوویێ)) (ئامێدی، 1987: 224).

((بەرناڤێ کرنا بۆری تێپەڕ، بەرناڤێ هەمی کرنێ مایی)) (جگرخوین، 1961: 71).

((جێناڤێن هەمی دەمان جێناڤێن دەمێن بۆری)) (زاخۆیی، 2008: 78).

((بەرناڤێن باڵا و بەرناڤێن بنیاتی)) (حلبجە، 1993: 4).

ناوەکان بە پێی خاسیەتێك یان زیاتری جێناوەکانەوە ناونراون.

**پ- ئاماژە نەدان  بە بۆ گەڕاوە (Antecedent)[1]ی جێناوە کان:**  لە زۆر بەی ڕێزمانەکانی کە باسمان لێوەکرد بۆگەڕاوە پشتگوێ خراوە، ڕاستەوخۆ باسیان لێوە نەکردووە، یاخود بە شێوەیەکی سەرپێیی ناو یان بردووە، بە جۆر ێك کە گوا یە بۆگەڕاوە، هەبوونی ئەو گرنگییەی نییە.

**ت- دەستنیشان نەکردنی بنەما یەك بۆ بەکارهێنانی مەودای جێناوە کان:** ئەو ڕێزمانا نە زانیاریەك لە بارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی جێناوە کان بە خوێنەر نادەن، بەواتایەکی تر ئەم ڕێزمانانە پێمان نالێن کە دابەش بوونی جێناوەکان بە چ شێوەیەکە و لە چ کاتێکدا فۆرمەکانی ناڕێزمانی دروست دەبێت.

**ج- نەبوونی تیۆرێکی زمانی:** ڕێزمانە چاولێکەریەکان لە سەرەتادا لەسەر بناغەی هیچ تیۆرێکی گشتی زمان دا نەنراون، چونکە ڕێزمانی کۆن و سەرەتا بە زۆر وەسفییە باسی چۆنیەتی کارکردنی زمانەکە دەکات وەکو هەیە نەك لەسەر تیۆری زمان، ئەمە لە سەرەتای ولاتە پێشکەوتوو خواپێداوەکانیش هەر وابوونە لە سەرەتادا وەسفی بووە دوا تر لە سەر ئەمە تیۆر دا نراوە و ڕێزمان باس کراوە بەتایبەتی بۆ کوردیش کە زمانەکەی زمانی خوێندن نەبوو و قەدەغەش کراوە، کەوا تە هەبوونی تیۆرێ لەبارەی سروشت و کارکردنی زمان بە شێوەیەکی گشتی هەروەك چرایەکە کە ڕێگای لێکۆلەر لە لێکدان و شیکردنەوەی پێکهاتەی زمانەکەیدا ڕۆشن دەکات و سیستەمێکی زانستی بە کارەکەی دەبەخشێت، لە بەر ئەوەی ئەو ڕێزمانا نە لەسەر بنا غەی تیۆرێکی دیارو ئاشکرا دەربارەی زمان دانەنراون، ناچار پێناسەی ئەوان بۆ پێکها تەی ڕێزمانی زمان ئالۆز، ناڕێك ... و لە زۆر لە بابەتەکان نادروست و سەرلێشێوێنەرە (باطني، 1385: 74).

**چ- یەکێ لەو کەم و کوڕیانەی کە باطنی(1385: 78)[2] لە ڕێزمانەکانی چاولێکەری دەگرێت** تێکەڵ کردنی ڕێزمانی مێژوویە[3] لەگەڵ ڕێزمانی ئێستایی(وەسفی)[4]. بە پێی بۆچوونی باطنی ((دەبێ جیاوازی دابنرێت لە نێوان خوێندنەوەی مێژووی زمان کە قۆناغەکانی گۆڕان و گەشەیی باس دەکات لەگەڵ خوێندنەوەی ئێستایی کە دوورە

---

[1] Antecedent (العائد إليه): وشەیەکی پێشتر، وشەیەکی دواتر هێمای بۆ دەکات یان ناوێك ڕاناوەکەی کە دوای دێت هێما بۆ ناوە کە دە کات، بەپێی یاسای بە جێ ناوکردن. بڕوانە: الخولي، 1982: 17. بەهۆی ئاماژەپێکردنی(د.رفیق)وە لە تاوتوێکردنی نامەکەدا گەڕامەوە سەر ئەم سەرچاوە.

[2] چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە ژێر ناونیشانی (نگاهی تازه به دستور زبان) بۆ ساڵی (1357) دەگەڕێتەوە.

[3] Diachronic grammar.

[4] Synchronic grammar.

له هەر هۆ کارێکی مەێژوویی کە باس لە چۆنیەتی پێکها تە و کارکردنی ئێستایی دەکات)).

جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە خوێندنەوەیە، کە یەکێ لە بنەما گرنگەکان بوو کە سۆسێر لە سەدەی بیستەمدا خستیەڕوو. بۆ نموونە، لە ڕێزمانی ئێستایی زمانی کوردی کە لە ساڵەکانی(70–80)ی زاینی نووسرابێت نابێ نموونەیەکی لەم شێوانەی تێدا ببینرێت وەك:

((کورد هەمی بەرێ(ئەن) بکاردهینا چ ژوور چ ژێر)) (سندی، 1983: 134).

(( مەردومی سلێمانی بۆ ناو( ضمیر)ی کە سی(ئەن) فاعیلی کوردی با ستانییان لە بیرخۆیان بردەوە لە ژێر تاری ئەردەڵانی–جافیدا، وە بۆ ناوی مفعولی(من) یان خستە جێی)) (وەهبی: 1973: 15).

ح– ئەو ڕێزمانا نەی کە لێکۆڵینەوەمان لە سەر کرد تەنها کار یان لە سەر لایا نەکانی واتایی  سینتاکسی زمان کردووە و کاریگەری لایانەکانی تری نازمانی لە سەر زمان بە گشتی گرنگی پێ نەداوە، لە کاتێکدا ئەگەر مەبەست فێرکردنی ڕێزمانی زمان بۆ تەواو قسەکردن و تەواو نووسینیش بێت دیسانەوە بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە تەنها لە ڕێگای لایانەکانی واتای سینتاکسی ناکرێت، چونکە تەنها فۆرمەکانی ناڕێزمانی نیین کە لە بۆچوونی خەڵك نادروست دەبن، بەڵکو هەندێ فۆرم هەن کە پێکهاتەیەکی تەواو و ڕێزمانییان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە جێگا یەکی ناڕاست، یاخود جێبەجێ نەکردنی لا یەنی نازمانی وەك پێکها تە و دەوروبەر لە بۆچوونی گشتیدا نادروست دەبێت، بۆ نموونە وەك: بەری نان خوار.

## 1–5– زاراوەی جێناو:

لە ڕێزمانی چاولێکەریی کوردی و گەلێ زمانی تردا، زاراوەی جێناو زۆرجار تەنها بۆ ئەو وشانە بەکاردەهێنرێت، کە لە ڕستەدا هەمان دەوری ناو دەبینن، واتە زاراوەی ناوبراو لە ڕووی ئێتمۆلۆژییەوە بە واتای دەقاودەقی ( جێ  ناو، Pro-noun) وەردەگرن ( مارف، 1987: 3–4)، بۆ نموونە ئەو ڕێزماننووسانەی کە کاریگەری ئەوروپییان لە سەر بوو (جێناو) یان بە سێبەرێکی ( ناو) دا ناوە، بەڵام ئەوانەی پەیڕەوی عەرەبییان کردووە ئەو دەورەی کە عەرەب داویەتیە جێناو هەمان دەوریان پێی داوە لە ڕستەی زمانی کوردیدا (محەمەد: 1974: 69)، واتە ڕێزماننوسە کوردەکانیش بە هەمان شێوەی ڕێزماننوسە عەرەبەکان جێناو یان بە جێگری ناو

داده نا. ئەو زاراوا نەی کە بۆ جێ ناو لە ڕێز مانی کورد یدا بەکارهاتوون ئەما نەی خوارەوەن:

أ- سەعید صدقی لە (مختصر صرف ونحوی کوردی)دا زاراوەی(ضمیر)ی بەکارهێناوە (کابان، 1992: 28).

ب- جگر خوین لە کتێبەکە یدا بە ناوی(آوا و د ستورا ز مانی کوردی)دا زاراوەی (بەرناڤ)ی بۆ بەکارهێناوە (جگرخوین، 1961: 71).

پ- لێژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد زاراوەی(ڕا ناو)ی بۆ بەکارهێناوە (گۆڤاری کۆڕ، 1975: 423).

ت- کوردۆییێڤ لە(ڕێزمانی ز مانی کوردی)دا زاراوەی (جێ ناڤ)ی بۆ بەکارهێناوە (کوردۆییێڤ، 1981: 64).

ج- صادق بەها ئەددین لە کتێبەکە یدا بە ناوی (ڕێزما نا کوردی) زاراوەی(جهنا ڤ) بەکاردەهێنێت (ئامێدی، 1987: 203).

چ- ئیبراهیم ڕەمەزان لە کتێبەکەیدا لەژێر ناوی(ڕێزمانا کوردی) زاراوەی (جێناڤ)ی بۆ بەکارهێناوە (زاخۆیی، 2008: 78).

ئێمە وامان بە باش زانی کە زاراوەی جێناڤ-جێناو بەکاربهێنین، چونکە لە پێش ئێمە بەم شێوە بەشێکی زۆر لە ڕێزماننووسەکان بەکاریان هێناوە، هەروەها لە ڕێزمانی نوێشدا ڕێزماننووسەکان ئەم زاراوە بەکاردەهێنن، بەڵام وای بۆ دەچین کە جێناو تەنیا لە بری ناو بەکارنەهاتووە، بەڵکو لە بری فرێزی ناویش بەرکادەهێنرێ، وەك:

قوتابییێن زیرەکێن پشکا کوردی هاتن.

ف.ن

ئەو هاتن.

# بەشی دووەم

## 2- بنەماو پێکهاتەی تیۆری بەستنەوە و لقە تیۆرەکانی پەیوەندار بەم تیۆرە

## 2-1- ڕێزمانی گشتی[1]:

لە ڕاستیدا زمانەوانەکان دەستپێك نەبوون کە هەستیان بەو کێشەیەی فێربوونی زمان لای منداڵ کردبێ، بەڵکو پێش ئەمانە دەرونزانەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن هەوڵێکی زۆریان دابوو بۆ گەیشتن بە نهێنیەکانی فێربوونی زمان لای منداڵ، بەڵام ئەوەی کە بۆتە هۆی دروستکردنی جیاوازی لە دەستکەوتەکانی ئەم دوو گروپە ئامانجی جیاواز بوو کە ئەمانە پەیڕەویان دەکرد و ئەو تێڕوانینە جیاوازەی کە ئەوان بەرامبەر بەم کێشەیە هەیانبوو، دەروونناسان و شارەزایانی فێرکردن و پەروەردە لەو لایەنەوە لێکۆڵینەوەیان لە فێربوونی زمان لای منداڵ کردووە کە لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیاندا بتوانن بگەن بە چارەسەرێك سەبارەت بە کێشە و گرفتەکانی فێربوونی زمان لای منداڵ کە لە قۆناغەکانی فێربوونی زماندا منداڵ تووشی دەبێت (مشکوة الدین، 1365: 19). بۆ نموونە ئەوان دەیانویست بزانن بۆچی هەندێك لە منداڵەکان درەنگ زمان فێردەبن، یان ئەوەی کە ئایا زمان تایبەتە بە مرۆڤ و زیندەوەرانی تر توانای فێربوونی زمان و سوود وەرگرتنیان نییە؟ بەم شێوەیە هەوڵەکانی ئەم گروپە لەسەر فێرکردنی زمان بوو بۆ گیانەوەرەکانی وەك غۆریلاکان و شەمپانزیای ناوەندی کە لە ڕاستیدا ئەنجامێکی باشی بەدەستەوەنەدا (باطني، 1385: 50-53)، چونکە تاکو ئێستا ئەو بابەتەی ڕابردوو بەو هێزەی خۆی ماوەتەوە کە زمانی مرۆڤ، لەگەڵ ئەو تایبەتیانەی کە لە تاکەکەسێکدا هەیە، لە هیچ زیندەوەرێکی تردا نییە. لە کاتێکدا زمانەوانەکان بە دیدێکی تر سەیری کێشەی فێربوونی زمانیان کردووە. ئامانجی یەکەمی زمانەوانەکانی وەك چۆمسکی لە لێکۆڵینەوەی فێربوونی زمان لای منداڵ، ئەوەبوو کە بەسروشتی زمان و چۆنیەتی کارکردنی مێشك لە کاتی بەرهەمهێنانی زمان، یان بە واتایێکی تر باشتر لە سیستەمی ناوەوەی مێشك لە کاتی بەرهەمهێنانی ڕێزمانی زمان، شارەزا بن، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت تاکو ئێستا مرۆڤ نەیتوانیوە لە ناوەوەی ئەم سیستەمە ئاڵۆزەی مێشك تێبگات و وێنەیەکی تەواو و ئاشکرا لە چالاکییەکانی ناوەوەی بکێشێت، ئەو دەستکەوتانەی کە زمانەوانەکان لە سەری دەڕۆیشتن گیروگرفتی هەبووە پێش بڵاوبوونەوەی تیۆری چۆمسکی لە بارەی فێربوونی زمانی یەکەم لای منداڵ، تیۆری زانیاری وەرگرتن[2] بوو (مشکوە الدین، 1386: 272) ئەم بۆچوونە زیاتر جەختی لەسەر ئەو چالاکییانە دەکرد کە منداڵ زیاتر لە ڕێگای پەیوەندیکردن بە جیهانی دەرەوە، وەك پەیوەندی کۆمەڵایەتی

---

[1] Universal Grammar.
[2] Cognitivist hypothesis.

بەدەست دێنێت. واتە منداڵ زمانی لە ڕێگای دونیای دەرەوە، بە یارمەتی دایك و باوك و ژینگەی دەوروبەری فێردەبوون (مشكوة الدين، 1386: 273)، بەڵام چۆمسكی لە لێكۆڵینەوەكانی خۆی هەندێ شتی بۆ دەركەوت كە زمانەوانەكانی تر هەستیان پێی نەكردبوو. بۆ نموونە دەریخست كە سەرەڕای هەندێك كەم و كوڕی و گیروگرفت و لادانەكان كە لە ئاخاوتنی بەتەمەنەكاندا هەیە، بەڵام منداڵ زمانەكەی بە تەواوی فێردەبێت، جگە لەوە منداڵەكان توانای ئەوەیان هەیە كە هەندێ ڕستە دروست بكەن كە هەرگیز گوێیان لێی نەبووە (سەعید، 2008: --)[٭].

لە قۆناغەكانی دوایی بەتایبەتی لە ساڵی (1957–1960) چۆمسكی ڕێزمانی لەسەر بناغەی ئەم بیرو باوەڕە گشتییەی كە (بە شێ لە زانستی زمان زاتییە و وەرناگیرێت) بنیاتنراو ناوی گوێزانەوەی[2] لەسەر دانابوو، گۆڕانكاری تێداكرد و لەگەڵ گۆڕانكارییەكان لە سەرەتای ساڵانی (70 تاكو 80) لە كتێبی (زانستی زمان[3])دا بۆ چەمكی ڕێزمانی گشتی(UG) بۆچوونێكی تایبەتی هەبوو و بەم كارە گۆڕانێك لە تیۆرەكانی پەیوەندندار بە فێربوونی زمان ڕوویدا (مشكوه الدين، 1386: 55–56). چۆمسكی زیاتر جەختی لەسەر (توانستی زمان[4]) دەكرد نەك (چالاكی زمان[5]) بە لای چۆمسكییەوە (زمان ـ توانا و چالاكی زانستێكی دەروونییە) (كمال، 2002: 20). (توانستزانینی ئاخێوەرانە سەبارەت بە زمانەكەیان) (Crystal, 1992: 66)، بەڵام چالاكی زمان (ئەو دەنگە زمانیانەن كە ئاخێوەر دەیاندركێنێت و مەرجیش نییە وێنەیەكی ڕاست و دروستی زمان بن) (نايف، 1979: 161)، ڕێزمانی گشتیش بە توانستی ڕێزمانی خەریك دەبێت نەك چالاكی زمانی، توانستی ڕێزمانی (ئەو یاسا و دەستوورە شاردراوانەن كە پرۆسەی ڕێزمانی بەگشتی پێكدەهێنن، بە واتایەكی تر توانستی ڕێزمانی توانستێكی ناوخۆیی زمانە و بریتییە لە زانیاری ئاخێوەرە ڕەسەنەكان بەرامبەر بە ڕێزمانی زمانەكەیان) (كمال، 2002: 17).

لە دوایدا بۆ چوونی چۆمسكی دەكەوێتە بەر ڕەخنەی هەندێ لە زمانەوانان، هەرچەندە چۆمسكی لە چوارچێوەی ئەو ڕەخنانە دەڵێت: (گومان نییە كە فێربوونی زمانی سروشتی پێویستە دەكات سوود لە دەرفەتەكانی ژیان وەرگرێت)

---

[٭] سعید، یوسف شریف. (2008)، وانەكانی زمانەوانی، كۆرسی یەكەمی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر.

[2] Transformational.

[3] Knowledge of language.

[4] Competence.

[5] Performance.

(Chomsky, 1965: 33)، بەڵام لە هەمان کا تدا جەخت لەسەر ئەوە دەکا تەوە کە چالاکی پەیوە ندی بە ڕێز مانی گ شتییەوە نی یە و دە بێ لە دەرەوەی ئەم بۆ چوونە بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە.


بە هەر جۆرێ بێ بۆچوونی چۆمسکی لە ساڵی 1980 ئەوە بوو کە لە ڕا ستیدا نابێ قسە لە فێربوونی زمان بکرێت، بەڵکو دەبێ بە گەشەی ڕێزمان لە ناو بیردا خەریك ببین (Chomsky, 1980: 134)، بەڵام سەبارەت بەوەی، کە ڕێزمانی گشتی لە کوێ هاتووە بۆچوونی جۆراو جۆر خراونتەڕوو. هەندێ لەو بڕوا یە دان کە ڕێزمانی گشتی پێشتر لە مێشکی منداڵدا هەبووە کاتێك منداڵ دەکەوێتە بەر کاریگەری زانیاریەکانی زمانی ئەو توانا یەی سەرهەڵدەدا و بە شێوەیەکی ئا شکرا دەردە کەوێت، هە ندێکی تر لەو بڕوایەدان لەگەڵ گەشەی منداڵ، ڕێزمانی گشتیش بەرە بەرە گە شە دە کات (مقدم، 1386: 13)، کەواتە ئەو ڕێزما نە لە سەرەتادا تەواو نییە و هە ندێکی تر لەو بڕوا یە دان لە سەرەتادا منداڵ سیستەمێکی ڕێزمانی تایبەتی لە مێشکدا نییە، لەگەڵ گە شەی زانیاری منداڵ، ڕێزمان بێ سیستەم بۆ ڕێزمانی سیستەمدار دەگۆڕێت (مشکوة الدین، 1386: 279).

ڕێزمانی زمانی گ شتی کە بە بنەماکان[1] و تایبەتمە ندی[2] ناو دە بەن. بنەما خاوەنی بابەتێك دەبێت کە لە هەموو زمانەکا ندا هە یە (Chomsky, 1986: 2) وەکو بنەمای پێکهاتەی ژێرەوە– Structural dependency[3]کە چۆمسکی پێی وا یە لە هەموو زمانەکاندا بوونی هەیە، بەڵام تایبەتمەندییەکان ئەو بابە تە لەخۆدەگرێت کە لە هە ندێ زما ندا هە یە و لە هە ندێکی تردا نی یە (Chomsky, 1981: 6) هەروەك لابردنی بکەر کە لە زمانی کوردی دیالێکتی(ك. ن)دا هە یە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا نییە و بە نەبوونی ڕستەکە لە ڕووی ڕێزمانییەوە لەنگ دەبێت[4].

بە لەبەر چاوگرتنی هەموو ئەو بابەتا نەی کە خرا یەڕوو هێڵ کاری ڕێز مانی گ شتی (UG) کە چۆم سکی لە ساڵی(1981) خ ستیەڕوو و لە ساڵی(1986) تەواوی کرد دەتوانین بەم شێوەی خوارەوە پیشان بدەین:

(Cook, 1988: 2-31)

(1) Principles.
(2) Parameters.
(3) Structural dependency.
(4) Pro-drop.




هەروەك دەبينين ئەم هێلكارييە سێ بەشی سەرەكی لەخۆدەگرێت:

1- بەشی سنتاكس.

2- بەشی فۆرمی فۆنۆلۆژی[1].

3- بەشی فۆرمی لۆژيكی[2]. (Chomsky, 1986: 17).

بەڵام پەيوەندی ئەم بەشانە لەگەڵ يەك بە چ شێوەيێكە؟

ڕۆنانی ژێرەوەو ڕۆنانی سەرەوە دوو ئاستی جياوازی سينتاكسين، لە ڕۆنانی ژێرەوەدا هەموو يەكەكانی كە لە ڕستەدا هەن لە شوێنە سەرەكييەكەدا بوونی هەيە، بەڵام لە ڕۆنانی سەرەوەدا كەرەسە كە لە ڕستەدا هەن لە شوێنی يەكەميان جوڵێندراون و گواستراونەوە. كەواتە ڕۆنانی سەرەوە دەبێتە خاوەنی شوێنپێی ئەو كەرەسانەی كە جوڵێندراون (Cook, 1988: 30). بە واتايەكی تر جوڵاندن، ياخود بجوڵێنە ئەلفا، لە ڕاستيدا لە جياتی گواستنەوەكانی ڕێزمانی دانراوە كاتيگۆڕيەكانی سينتاكسی لە ڕۆنانی ژێرەوە دەجوڵێنێت و لە شوێنێكی شياو دادەنێت و لە شوێنی يەكەمی شوێنپێی بەجێ دەهێڵێت نيشاندەری شوێنی يەكەمی ئەو كاتيگۆڕيە دەبێت. ئەنجامی ئەم گەشە و گۆڕانكارييانە ڕۆنانی سەرەوەيە. جگە لەوەش لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دۆخ و ڕۆڵی سێتايی[3] كاتيگۆڕييەكانی سينتاكسی و پەيوەندی پێكهاتەكان پێشان دەدرێت. ڕۆنانی سەروەی بەرهەم هاتوو بە يارمەتی بەشی فۆرمی لۆژيكی و فۆرمی فۆنۆلۆژی لێكدانەوە و شيكردنەوەی بۆ دەكرێت. (فۆرمی لۆژيكی بريتييە لە چەند لايەنێكی واتايی كە پەيوەندی بە پێكهاتەی ڕستەوە هەيە و فۆرمی فۆنۆلۆژی

---

[1] Phonctic from component.
[2] Logical from component.
[3] Theta roles.

یا ساکان و یا ساکانی دەذ گی و  چالاکییەکانی فۆ نەتیکی دەذ گی  لیٚ وەردەگیر یٚت) (Chomsky, 1986: 68).

## 2-2- تیۆری دەسەلاٌت و بەستنەوە[1]:

ئامانج و مەبەستی زمانەوانی  نویٚ، ڕیٚزمانی گشتییە، وا تە دارِشتنی ڕیٚزماذیٚك کە ئا ماژە  بەو تایبەتمەندییا نە بکات،  کە  لە  هەموو زما نەکانی جیها ندا، هاوبە شن یاخود بەواتایەکی  تر دیارخەری پیٚکها تەی زمانی  بیٚ  لە  چەمکە گشتییەکەیدا، نەك تایبەت بیٚ بە پیٚکها تەی زمانیٚکی تایبەت. تیۆری دەسەلاٌت و بەستنەوە هەولٌیٚکە لە ڕیٚ گای گەیـ شتن  بەم ئاما نجەدا، ڕە گەزەکانی  ئەم تـ یۆرە دە بیٚ  لە تیۆرە کەی چۆمسکی(ڕیٚزمانی بەرهەمهیٚنان و گویٚزانەوە) کە لە سالٌی (1957ز) بلاٌوکرا یەوە لـیٚی بکۆلٌدریٚ تەوە،  لەم  سالٌەدا چۆم سکی  بە کتیٚب یٚك  لەژیٚر ناونیـ شانی (ڕۆنا نە سینتاکسییەکان[2]) مژدەی کردنەوەی دەروازەیەکی نویٚی بە لیٚکۆلٌەرەوەکانی زما ندا و سەرەتایەکی  گرنگ  بوو  سەبارەت  بە لیٚکۆلٌیـنەوەکانی زما نەوانی و  سەرهەلٌدانی قوتابخانە یەکی  گەورەی تـ یۆری ز مانی  بوو، هە ندیٚ  لە زمانەوا نەکان ئە مەیان  بە (شۆڕ شی چۆم سکی)یان  ناودەبرد (گلـفام، 1385: 128-129)، دوای هە شت  سالٌ واتە سالٌی (1965ز) لە کتیٚبەکەیدا (هەندیٚ لایەنی تیۆری سینتاکس[3]) چاکسازی و گۆڕانکاری لە تیۆری یەکەمی خۆیدا کرد و ئەم تیۆرەی بە(تیۆری ستاندارد)[4] ناوبرد. سیمای سەرەکیی ئەم قۆناغەش، کە لە قۆنا غەکانی  پیٚش  خۆی جیابکا تەوە  ئەوەبوو، کە چۆمسکی نواندنیٚکی واتایی بۆ ڕستە زیادکرد و ئەم نواندنە واتاییەش بە  تەواوی لە سەر بنەمای ڕۆ نانی ژیٚرەوەی ڕستەوە  بوو، وا تە  هەموو واتا کان دە بیٚ  لە ڕۆ نانی ژیٚرەوەدا جیٚگیر بکریٚن و ئەم واتایانەش لە ڕۆ نانی  سەروەدا بپاریٚزریٚن.  بە واتا یەکی تر (تیۆرە کە وا یدادەنا  کە  گۆڕان  لە ڕۆ نانی ژ یٚرەوەدا نابیٚ تە  هۆی  گۆڕانی وا تا) (محەمەد، 2006: 10).

لە کۆ تایی حەفتاکا ندا تـ یۆری کۆ تایش  بەر لیٚکۆلٌیـنەوە و نویٚکرد نەوە و پیٚداچوونەوە کەوت و بە ناوی (تیۆری ستانداردی فراوانکراو[5]) خرایەڕوو و (هەولٌیٚك بوو  بۆ لیٚکدا نەوە و چارە سەری  ئەو کیٚما سیانەی  کە تـ یۆری  ستاندارد و گریما نەی کاتز-پۆ ستال  هەیبوو؛ بەتایـ بەتی  ئەو گۆڕانکاریـ یە واتاییا نەی  کە  لە  ئەنجامی

(1) Government and Binding.
(2) Syntactic Stractures.
(3) Aspects of theory of Syntax.
(4) Standard theory.
(5) Extended Standard theory.

کارکردنی یا ساکانی گوێزانەوە و فۆنیمە ناکەرتییەکانی(Supra Sigmental) وەك ئاوازە و ستریس ڕوویا ندەدا. بە واتا یەکی تر ئەم نموونە یە هەوڵێ کە بۆ چارە سەرکردنی پەیوە ندی ذ ێوان سیمانتیك و سینتاکس لە ت یۆری ستانداردا) (Cowper, 1992: 10).

لە ئاکامی پێداچوونەوە و نوێکردنەوە تیۆرێکی تر بە ناوی (تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە[1]) شوێنی دەگرێتەوە، کە لە ساڵی (1981) لە کتێبێك لەژێر ناوی (چەند وتارێك لە بارەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە[2]) بوو کۆتایی هات و لە ئەنجامدا ئەم مۆدێ لە ڕێزمانی یەش دوای پ ێنج ساڵ (1986) لە کتێ بەکانی (زاذ ستی ز مان) و (بەربەستەکان[3]) گۆڕانکاری دروست بوو (مقدم، 1386: 422).

تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە لە کۆمەڵێکی ئاڵۆز پێك د ێت، کە چەند ت یۆرێکی جۆراو جۆر دەگرێ تەوە و لە گەڵ یەك پەیوەند یەکی نزیکیان هە یە. لە بەر ئەوە پێش با سکردنی ت یۆری بە ستنەوە، کە بە شێکی گرن گی ئەم ت یۆرەی (دە سەڵات و بەستنەوە)یە پێویستە ئا ماژەیێکی کورت بەو لقە تیۆریا نە بدەین، بەڵام خاڵێك دە بێ هەمیشە لەبەرچاو بگیرێت ئەوەیە کە تەواوی ئەم لقە تیۆرا نە یاخود بە واتا یەکی تر تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، لەسەر بناغەی ڕێزمانی گشتی بنیاتنراون وە لە ڕاستیدا د یارترین ج یاوازی ئەم ت یۆرە لە گەڵ تیۆرە کانی تری چۆمسکی دا هە یە ئەوە یە کە زیاتر بۆ ڕەچاوکردنی ڕێزمانی گشتی[4] و جەخت کردنە لەسەر ئەم ڕێزمانە.

کەوا تە ناوەڕۆکی سەرەکی ئەم ت یۆرە هەمان ئەو هێلکاری یە گ شتییە پ ێك دەهێن ێت کە لە لا پەڕەی(30) پێ شاندراوە، بەڵام نەخ شە پەرەپێدراوە کەی کە پێکهاتب ێت لە تەواوی ئەو ل قە تیۆریا نەی کە پەیوە ندییان بە ئەوەوە هەبێت، بەم شێوەی خوارەوەیە: (Cook, 1988: 33)


---

[1] ئەم تیۆرە زۆرجار تیۆری(بنەماکان و بگۆڕەکان− Principles and Parameters) پێدەوترێت.

[2] Lectures on Government and Binding.

[3] Barriers.

[4] هە ندێ لە زمانەوا نەکان بە ڕێز مانی سەراپا(محەمەد، 2007: 15)، (ک مال، 2002: 20)و یاخود ڕێز مانی جیهانی (سلێمان، 2007: 29) ناوی دەبەن.




بەم شێوەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە شیکردنەوەی هەر ڕستەیەك پەیوەندی بە هەموو لقە تیۆرییەکانی دەسەلات و بەستنەوەوە هەیە، بەپێی ئەم بابەتەی سەرەوە، تیۆری دەسەلات و بەستنەوە بریتییە لەو لقە تیۆرییانەی کە پەیوەندییان پێکەوە هەیە (Chomsky, 1988: 5-6):

1– تیۆری ڕێزمانی ئێکس– بار

2– بنەمای جیکەوتەدانان.

3– تیۆری ڕۆلی سێتا.

4– تیۆری دۆخ.

5– تیۆری جولاندن.

6– تیۆری سنووربۆدانان.

7– تیۆری دەسەلات.

8– تیۆری بەستنەوە.

## 2-2-1- ڕێزمانی $X'$ - بار (س)[1]:

ئەو ساڵانەی (1957 تا 1970) چۆمسکی تیۆری یەکەمی خۆی کە بە ناوی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە(ب. گ)بوو بەردەوام وەرچەرخانێکی تێدا دەکرد، بەڵام دوای دەرکەوتنی تیۆری ( ستانداردی فراواذ کراو)یش کەم و کوڕی و گیروگرفتەکان بە تەواوی چارەسەر نەکرابوون. ئەو ڕەخنانەی کە لە ڕۆنانی سینتاکسی چۆمسکی پێش ساڵی (1970) دەگیران ئەمانەی خوارەوە بوون:

1- ڕۆنانی سینتاکسی لە ڕووی ژمارەی کاتیگۆری ڕێزمانییەوە(پۆلی ڕێزمانی) زۆر سنووردارە.

2- ئەو کۆمەڵە یاسایانەی لە ڕێزمانی ڕۆنانی فرێزدا ڕێگایان پێدەدرێت زۆر بەربڵاو و فراوانن. (مشکوة الدین، 1386: 243).

واتە هەر جۆرە فرێزیەك یاسایەك یان چەند یاسایەکی دەستەبەر دەکرد، ئەمەش وا یدەکرد کە پێکها تەی فرێزە کە نەتوانرا گە شتاندنێکی ڕێك و پێك بێ لە هەموو زمانەکان بۆ هەموو بۆ کاتیگۆرییەکان، بەڵام تیۆری $X'$ - بار لە بری ئەوەی کە بۆ هەر فرێزێك یاسایەك یان چەند یاسایەکی جیاوازی دابڕێژێت بۆ هەموو فرێزەکان یەك یا سای گشتی و هاو بەش و ها سانکراو دادەڕێژێت (محە مەد، 2006: 73). بە واتایەکی تر تیۆری X-بار کەم و کوڕی نەهێشت، بەڵام ڕەخنەی یەکەم کە Rad ford خستیەڕوو بە تەواوی بۆی چوو بوو، چونکە لە ڕۆنانی سینتاکسیدا تەنیا دوو جۆر کاتیگۆری ناسرابوو:

1- کاتیگۆرییە فرێزییەکان: فرێزی ناوی NP، فرێزی کاری VP، فرێزی بەند PP(فرێزی پێشناو)، فرێزی ئاوەڵناوی AP.

2- کاتیگۆرییە فەرهەنگییەکان: ناو N، کردار V، ئامرازی پەیوەندی P، ئاوەڵناو و ئاوەڵفرمان. (Rad ford, 1981: 92).

واتە ژمارەی ئەو کاتیگۆرییانەی کە ڕێگا یان پێدەدرا سنووردار و دیاریکراو بوون و هیچ جۆرە کاتیگۆرییەکی تێدا نەبوو کە لە کاتیگۆرییە فەرهەنگییەکان گەورەرتر بێت و لە کاتیگۆرییە فرێزییەکانیش بچووکتر بێت. بەواتایەکی تر لە ڕۆنانی فرێزدا هەر پێکهێنێك دەبوا یە یان وشە بێت، یان فرێز بێت و هیچ ئاستێکی مام ناوەندیی لە نێوانیاندا نەبوو، بەڵام هەندێ بەڵگەی ئەزموونبەند ئەوە نیشاندەدەن کە کاتیگۆرییەکانی مام ناوەندیش هەن (مشکوة الدین، 1386: 243). بۆ لابردنی ئەم گیروگرفت و کەم و کوڕییانە چۆمسکی ساڵی(1971) وەرچەرخانێکی لە پێکهاتەی

ڕێزمانیدا کرد و بە ناوی ڕێزمانی ئێکس □ بار خستیەڕوو. هەڵبەت پێش چۆمسکی هەندێ زمانەوانی تر وەك (Rad ford و Jackendoff) باسیان لێوەکردووە، بەڵام چۆمسکی بە شێوەیەکی ڕوونتر تۆماری کرد. یەکێ لە پێویستیەکانی ئەم تیۆرە ئەوەیە کە سەرەی فرێز(head- phrase) دەبێ لە جۆری کاتیگۆری فرێز بێت، واتە سەرەی فرێزی ناوی دەبێ ناو بێت و سەرەی فرێزی کاری، کار. ئەم بنەمایە دەتوانین بەم شێوەی خوارەوە نیشان بدەین:

أ- فرێزی ناوی ⟸ ... ناو ...

ب- فرێزی کاری ⟸ ... کار ... یان بە شێوەی ... X ... ← X P (1)

ج- فرێزی ئاوەڵناوی ⟸ ... ئاوەڵناو...

د- فرێزی بەند ⟸ ... ئامرازی پێشناو ...

(مشكوة الدين، 1386: 248).

X- ئێکس نیشانەیەکی هاوبەشە کە لە جیاتی سەرە (head)ی فرێز دادەنرێت و P هێمای فرێزە. بە واتا یەکی تر x- ئێکس هێما یەکی بیرکاریە لە بری(س، ص)ی بواری بیرکاری بەکاردێت، هەروەك چۆن لە بیرکاریدا بەهایێکی جەبری هەیە، لە زمانیشدا بەهایێکی زمانی هەیە بەهای ئاستەکەی خۆی، لە بریتی یەکێ لە کاتیگۆرییەکان بەکاردێت (قادر، 2007: 13).

خاڵەکانی پێش و پاش سەرەکان نیشاندەری یەکەی گونجاوترە کە دەتوانن لەگەڵ سەرەکاندا بەکاربێن. بەم شێوەیە فرێزە جۆراوجۆرەکان بە هۆی سەرەوە بەشەکان گرێ دەدرێن.

لە چوارچێوەی تیۆری x- ئێکس- بار بۆ کاتیگۆریەکانی جۆراو جۆر دەتوانین بەم شێوەی خوارەوە بخەینەڕوو:

أ- X (یان X سفر یان بەبێ بار = کاتیگۆری فەرهەنگی X).

ب- X′ (یان X بار یان X یەك بار).

ج- X″ (یان X′ یان X دوو بار)[٣] (مشكوة الدين، 1986: 245)،

بەڵام چەمکی (بار) لە تیۆری x- بار دا تەنها بۆ کاتیگۆریەکانی فەرهەنگی بەکارنەدەهات، بەڵکو بۆ ڕستەش سوود لەم چەمکە وەردەگیرێت. کەواتە ′ڕستە(S′)

---

[٣] بار Bar: بۆ چەمکی بار زۆر هێما بەکارهاتووە وەك ڕاستەهێڵێکی بچووك □ یان کومە □ فاریزە(،)یان ژمارەکە لە لای ڕاستی سەرەوەی(X) دادەنرێ لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا تاکو سێ باریش دانراوە بە پێی هێماکە بەم شێوەیە بووە: X̊، $X^1$، $X^2$، یان X، $X^1$، $X^{11}$، یان X، X′، X″، بەڵام ئەوەی ئێستا زۆر باو و بڵاوە (X، X′، X″) بەکاردێ.


خاوەنی ڕستەیە و لە هەمان کاتیگۆرییە. پێدانی ڕاستەهێڵ یان بار توا نای گشتاندنی زیاتر دەکات و دەتوانرێت یاسای خوارەوەی لیٚ دەربهێنرێت: (مشكوة الدين، 1986: 251).

ڕستە ← گەیەنەر(ئ)[1] + ڕستە

شوێنی گەیە نەر بە گ شتی ئامرازی گەیە نەر یان ئایت مەکانی پر سیار پڕیدەکەنەوە، کەواتە گەیە نەر لە ڕستەی سادەدا نییە. کەوا تە لە تیۆری دە سەڵات و بە ستنەوە دوو جۆر ڕ ستە نا سراوە؛ ڕ ستەی(بێ □ بار)و ڕ ستەی یەك بار('ڕ ستە)، ڕ ستەی □ بار پێکهاتە یەکی بە ناوی (Complementizer) هە یە، شوێنی ئەم گەیە نەرە هە ندێك جار بە تاڵ دەبێت و لە شوێنی یە کەکانی پرس یاخود ئامرازی لێکدەر لە ڕێ گای جوڵا ندن لەو شوێنە دەردە کەون (Cook, 1988: 90-91) بەم شێوەیە:

نەوزادی گوت [ڕستە'] ئایا ئازادی پەرتووك خاندییە.


(1) ئایا ئازادی پەرتووك خاند





(1) Complementizer (CP).

کەواتە (Complementizer) لە ڕستەی سادەدا نییە، بەڵام ڕستە خۆی لە ″ناو و ″کار پێکهاتووە و لەم کاتیگۆرییانە و کاتیگۆرییەکانی تری وەك ″ئاوەڵناو و ″پێشناو (Preposition)یش دا دەتوانرێت بەم شێوەی خوارەوە جێبەجێ بکەین:


″ناو ← دیاریکەر (Spec)[1] + ′ناو




″ کار ← دیاریکەر (Spec) + ′کار یان بە شێوەیەکی گشتی X′ + Spec → X″ (2)





″پێشناو ← دیاریکەر(Spec) + ′پێشن




---

[1] Specifier.

ئاوەڵ″ ← دیاریکەر (Spec) + ئاوەڵ′




یاسای (2)ش دەتوانین پەرەی پێبدرێت بەم شێوەی خوارەوە:

(3) X′ ← X + تەواوکەر[1]

لەبەر ئەوەی بنا غەی تیۆری ئێکس بار ڕێزمانی زمانی گشتی پێك دەهێنێت بۆیە ئەم تیۆرە بەدوای بەدەست هێنانی زۆرترین گشتاندنە و لە ڕاستیدا هەوڵدا نە بۆ بنەماو بگۆڕەکان. بۆ نمونە بەپێی ئەم تیۆرە هەبوونی سەرە(head) لە کاتیگۆری هەر فریزێك بنەما یە وە لە هەموو زما نەکان ئەم ڕا ستیە دە سەلمێنێت، بەڵام ئەوەی کە تەواوکەر لە لای چەپ یان لای ڕاستی سەرە دەردەکەوێت ئەمە بە گۆڕاو دەژمێردرێت و لە زما نێ بۆ ز مانێکی تر جیاوازە. بەم شێوە یا سای(1) و(2) سەر بە بنەمان و یاسای(3) سەر بە بگۆڕەکانن (Cook, 1988: 103).

## 2-2-2- بنەمای جێکەوتەدانان[2]:

چۆمسکی بنەمای جێکەو تەدانان بەم شێوەیە باس دە کات: ((دەر کەوتنی پێکها تەکان لە هەر ڕۆنانێکی سینتاکسی وا تە(فۆرمی لۆژیکی LF، ڕۆنانی ژێرەوە DS و ڕۆنانی سەرەوە SS) دەکەوێتە ژێر کاریگەری فەرهەنگی))

(Chomsky, 1981: 29).

زانیارییە فەرهەنگییەکان بە شێوەیەکی سینتاکسی دە نوێنرێن، بەواتا یەکی تر بنەمای جێکەو تەدانان تایبەتی یەکانی دەروازە فەرهەنگی یەکان بۆ ڕۆ نانی ڕ ستەیەك دەپڕوژێنێت، ئەمەش ئەوە دەردەبڕێت کە داواکاریيەکانی لقکردنی کاتیگۆرییانە[3]ی

---

[1] Complement.

[2] Projection Principle.

[3] Subcategorization.

ئایتمه فەرهەنگییەکان دەبێ لە هەموو ئاستەکانی نواندندا تێربکرێت (محەمەد، 2006: 44).

لەم ڕێگەیەوە جێکەوتەکانی سەرەی فرێزی سینتاکسی واتە (ناو، کار، ئاوەڵناو و فرێزی بەند) دەردەکەوێت و هەر بناغەیەکی فەرهەنگی خاوەنی فۆرمی فۆنەتیکی و جێکەوتەکانی واتایی و سینتاکسی تایبەت بە خۆیەتی(مشکوة الدين، 1386: 254). بۆ نموونە، دەردەکەوێت کە لەگەڵ بناغەی فەرهەنگی(بشکێن) تەواوکەرێك بە ڕۆڵی سێتایی(وەرگر) (Recipient)، و بکەر بە ڕۆڵی کارا(agent) بەکاردێت (س.پ: 255)، جگە لەوە فەرهەنگەکان جێکەوتە هەڵبژێردراوەکانی کاتیگۆری[1] لەگەڵ هەر وشەیەك دەداتە دەست (Chomsky, 1986: 86). بۆ نموونە، وەك:

1- بناغەی کاری(خاندن) پێویستی بە تەواوکەرێکی فرێزی ناوی هەیە:

2- خاندن: کار [فرێزی ناوی ] یان [+ فرێزی ناوی$_1$ ، فرێز ناوی$_2$ – ] لقکردنی کاتیگۆرییانە (لە دوو کەوانەی سەرەوەدا، ڕاستە هێڵەکە (-) نیشاندەری شوێنی کار و فرێزی ناوی نشاندەری ئەوەیە کە ئەم ئایتمە دەبێ لە دوای فرێزێکی ناوی بێت (مشکوة الدين، 1386: 256)، بۆ نموونە، وەك لە ڕستەی(3)دا:

(3) نەوزادی پەرتووکەکا نوو خاند.

دەبێت فرێزێکی ناوی لە پێش کار بەکاربێت، لەم ڕێگەیەوە، ئەو کاتیگۆرییانەی کە دەتوانن لەگەڵ هەر کاتیگۆرییێ بەکاربێت ئاشکرا دەبێت (Chomsky, 1986: 85) هەروەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا چاوگی (خاندن) پێویستی بە فرێزێکی ناوی هەیە، هەروەها چاوگی (بوون) پێویستی بە فرێزێکی بەند هەیە:

(4) بوون: کار، [فرێزی بەند –].

وەك: نەوزاد ل ماڵ نەبوو.

هەندێ لە کارەکان ڕستەیان لەگەڵدایە، وەك (گۆتن):

(5) گۆتن: کار، [– ڕستە]

نەوزادی گۆت جیهان چوو قوتابخانێ.

ڕوون و ئاشکرایە کە هەر یەك لە نموونەکانی سەرەوە، ئەگەر پێویست بەکاتیگۆرێك بکات و بەکارنەهێنرێت ناڕێزمانی دەبێت، وەك:

* (6) نەوزاد دخینیت.

---

[1] Category Selection.

واته بە بێ دیاریکردنی ئەوەی کە (نەوزاد چ دخینیت) ڕستەی سەرەوە ڕاست دەرناچێت.

یەکێ لە ئەنجامە گرنگەکانی بنەمای جێکەوتەدانان ئەوەیە کە ئەگەر هەبوونی ئایتمێ لە شوێنی تایبەتی ((ناسراو)) بوو، لەو کاتە ئەو ئایتمە لە نواندنی سینتاکسی لەو شوێنە بوونی هەیە، لەوانەیە ئەو ئایتمە بە شێوەی کاتیگۆریەکی ئاشکرا[(1)] و یاخود بە شێوەی کاتیگۆریەکی بەتاڵ[(2)] بێت کە هیچ فۆرمێکی فۆنەتیکی نییە (مشکوة الدين، 1386: 257).

## 2-2-3- تیۆری ڕۆلی سیتا[(*)]:

یەکێ لەو بابەتانەی کە لە ڕێزمانی چاولێکەریدا دەخرایە بەرباس ئەوە بوو کە پێکهاتەی کەرەسەکانی ناو ڕستە خاوەنی چ ڕۆلێکن لە ڕستەدا. بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك (نەوزادی پەنجەرە شکاند) دەیانگوت: (نەوزاد) بکەرە یاخود کارەکەی ئەنجام داوە، (پەنجەرە) بەرکارە یان کارەکەی بەسەرهاتووە وە (شکاند) کارە کە ئاماژە بە ئەنجامی کارەکە دەکات.

تیۆری ڕۆلی سیتاش لە پەیوەندی واتایی فرێزەکانی ناوی دەکۆڵێتەوە بێ گومان ئەو پەیوەندییە بەشێ لە ناوەڕۆکی بناغەی فەرهەنگی هەر فۆرمێکن. بە پێی بۆچوونی چۆمسکی: (تایبەتمەندی واتایی کە دەدرێتە پاڵ سەرەکان ڕۆڵە سیتایەکان ناودەبرێت) (Chomsky, 1986: 93). یاخود بە واتایەکی تر تیۆری(سیتا – Θ) ئەو تیۆرەیە کە بە شێوەیەکی گشتی بەندە بە ڕوونکردنەوەی ئەوەی چۆن ڕۆنانی سینتاکسی دەبێتە ناوەندی دیاریکردنی چۆنیەتی پەیوەندی نێوانیە کە سینتاکسییەکانی ڕستەیەك لە لایەك و پێویستیە ئارگۆمێنتە واتاییەکانی ڕۆنانی سەرە لە لایەکی ترەوە (Colicover, 1997: 21).

لە بابەتی پێشوو ئاماژەمان پێدا کە تایبەتمەندی واتایی بناغەی فەرهەنگی کارێکی وەکو (خوارن) دیاردەکات کە کاتیگۆرە پێکهێنەکەی دوای ئەو لە جۆری ناوییە، بۆ نموونە: (خوارن) [نەوزاد، نان –] ئەوە بەدەردەکەوێت کە لە نێوان (خوارن)

---

(1) Overt Category.

(2) Empty Category.

(*) لە بنەڕەتدا تیپێکی گریکییە وەکو زاراوە بۆ ئاماژەکردنی ئەم تیۆرە بەکارهاتووە، واتە پیتی(Θ)ی گریکی یەکسانە بە(th)ی ئینگلیزی کە ناوی(theta)یە، بە هۆی ئەوەی یەکەم دەنگی (thematic) بە(th) دەست پێدەکات و (Θ = th)ی گریکی دەکرێ بە (thematic role) واتە ڕۆڵی سیتا بە(Θ – role) یان (theta role) ناوببرێ، بڕوانە: (قادر، 2007: 73).

و (نەوزاد) و (نان) پەیوەندییێك هەیە یاخود بە واتا یەکی تر (خوارن) دەتوانێت دوو فرێزی ناوی لەگەڵدا هەبێت. هەڵبەت ناتوانرێت تەنها لە گەڵ یەك فرێزی ناوی بەکاربێت، چونکە زمانی کوردی دیالێکتی (ك.ژ) یەکێکە لەو دیالێکتانەی کە لە هەموو کاتێك و لە هەموو بارێکدا پڕبوونی جێگەی بکەر بە فرێزێکی ناوی یان جێناو مەرجێکی دروستی ڕستەکەیە و نەبوونی ڕستەکە لە ڕووی ڕێزمانییەوە لەنگ دەکات (سلێمان، 2007: 145). وەك: نان خوار. خوارن [ف.ن1، ف.ن2 – ]، بەڵام خاڵێك کە لێرەدا هەیە ئەوەیە کە پێکهاتەی کارەکە چ بە شێوەی کاتیگۆرییەکی ئاشکرا[1] بێت کە لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە دەرکەوتووە و چ بە شێوەیەکی کاتیگۆری بەتاڵ[2] کە فۆرمێکی فۆنۆلۆژی تایبەتی وەرنەگرتووە ئەو پێکهاتە لە نواندنی سیتایی لەو شوێنە بوونی هەیە (مشكوة الدين، 1386: 257) و (Chomsky, 1986: 84).

لەم باسەدا بە لەبەر چاوگرتنی تایبەتمەندی واتایی بناغەی فەرهەنگی دیاردەکەین بۆ نموونە کاری (خوارن) دەتوانێت خاوەنی دوو فرێزی ناوی بە ڕۆڵی سیتایی کارا[3] و کارتێکراوبێت. بەم شێوەی خوارەوە:

(خوارن) [فرێزی ناوی1 فرێزی ناوی2 –] □کارا، کارتێکراو[4]□

خوارن [نەوزادی نان □] □کارا، کارتێکراو□

کارا: ئەو دۆخە زیندووە یە کە بەکارێك هەڵدەستێت یان دەبێتە هۆی ڕوودانی ڕووداوێك یاخود بە ئەنجامی دەگەیەنێت (Fillmore, 1968: 5).

یان بە واتایەکی تر کارا لە ڕستەدا ئاماژە بە کەرەسەیەك دەکات کە هەستی هەبێت و بە ئاگایانە و بە شێوەیەکی ئیرادی کارێك بە ئەنجام بگەیەنێت (میر عیمادی، 1386: 91).

بۆ نموونە: ئازادی بۆ سۆپێ هندەك دار شکاندن.

لەم ڕستەی سەرەوەدا (ئازاد) **کارایە** و (دار) کارتێکراو.

کارتێکراو: بەواتای کەس یاخود شتێکە کە بکەوێتە ژێر کاریگەری ڕووداوێك و کارەکە ئاشکرا دەکات (Cook, 1988: 112)، یاخود بە واتا یەکی تر بە ناوێ دەوترێت کە ئەنجامی کارێك بەدەست بهێنێت و کاردا نەوەی کار بە گۆڕانی بارەکە دەبێت (میر عیمادی، 1386: 95). ئێستا سەرنج بدەنە ئەم نموونانەی خوارەوە:

---

(1) Overt.
(2) Empty.
(3) Agent.
(4) Patient.

وی/ویٚ کتێبەك بۆ دایکاخۆ کرە دیاری.
وی/ویٚ گوڵەك کرە دیاری بۆ دایکاخۆ.

ڕۆڵی(دایك) لەم ڕستەیەدا بە پێی بۆچوونی کۆك ئامانجە[1]. لە کاتێکدا بە پێی پێناسەکەی میر عیمادی ڕۆڵی ئەم وشەیە(وەرگر)[2]ە، لە ڕاستیدا کۆك لە نێوان ئەم دوو چەمکە جیاوازێك دانانێ لە کاتێکدا میر عیمادی ئەم دوویەی بە شێوەی جودا پێناسە دەکات.

بەم شێوەیە:

ئامانج بۆ کەرستەیەك دەگەڕێتەوە کە کار(کردار)ەکە ئاراستەیە بۆلای ئەو، جا ئەو کارە بە ئارەزووی بێت یاخود بەبێ ئارەزوو یان کۆنکریتی بێت یاخود کۆنکریتی نەبێت و کارەکە بە ئەو کۆتایی بێت یاخود نەیێت (میر عیمادی، 1386: 93).

بۆ نموونە، وەك:

(7أ) ئەم ژ هەولێرێ بەرەف دهوکێ چووین.

(8ب) مەگوت هەولێرێ دێ هێلین و بەرەف دهوکێ دێچین (گەیشتن و نەگەیشتن دیار نییە).

(9ج) ئەم چووینە دهوکێ.

(10د) پشتی پینج دەمژمێران شوفێریا بەردەوام گەهشتینە زاخۆ.

لە ڕستەی (7 أ)دا (هەولێر) و (دهوك) ئامانجن و هەروەها لە ڕستەی (9 ج)دا (دهوك) ئامانجە.

وەرگر: ((بۆ ناوی دەگەڕێتەوە کە بەرهەمی ڕوودای کارەکە بەدەست بێنێت)) (س.پ: 95).

بۆ نموونە، وەك: (11) سیڤەکا سورا مەزن دا من.

(12)- ئەو ڕۆژانە دە هەزار دیناران ددەتە هەژاران.

لەو نموونانەی سەرەوە(من) و (هەژار) وەرگرە.

جگە لەم ڕۆڵانەی سەرەوە، ڕێزماننووسەکان ئاماژە بە هەندێ ڕۆڵی تر دەکەن وەکو ڕۆڵی شوێنی[3]، ڕۆڵی شوێنی: ئەو شوێنەی کە بارێك نیشاندەدات، یان کارێکی تێدا ڕوودەدات و بە هۆی گوزارەیە کەوە گوزارشتی لێوە دەکرێت (Haegeman, 1998: 50).

---

[1] Goal.
[2] Recipient.
[3] Location.

بیروڕای جیاواز هەیە لە بارەی ئەم ڕۆڵە ، ئەو ڕایەی کە بڵاوە ئەوەیە کە ئەم ڕۆڵە تەنها تایبەت نییە بە ئاوەڵکاری شوێنی(میر عیمادی، 1386: 94)، بە پێی بۆچوونی کۆپەر ئەو ڕۆڵە هەندێ حاڵەتی ئەبستراکتیش لەبەرچاو دەگرێت، بۆ نموونە دۆخی خاوەنداریێتی بە یەکێك لەو کاتیگۆرییە دادەنێت (Cowper, 1992: 49)، بۆ نموونە، وەك: (13) أ– شیلانێ نێزیکی دوو هەیڤا پەرتووکا خۆ ل دەف وی هێلا.

بەڵام هەندێکی تر( شیلان) لە (13 أ) بە ڕێڕەو[1] دادەنێن. بۆ نموونە، بەم شێوەش پێناسە کراوە، بریتیە لەو شوێنەی کە وەك وەرگر یان دوا خاڵی ڕێڕەو کار بکات (قادر، 2007: 88)، ئەمەی خوارەوەش نموونەیەکە لەو جۆرانە، وەك:

(14) نەوزادی پەیامەکا بۆتە هەی.

سەرچاوە[2]: بەو یەکە زمانییە دەوترێت کە ئاراستەی ڕووداوەکە (کونکریتی بێت یان نابەرجەستە) لێی دەردەچێت (میر عیمادی، 1386: 93). بۆ نموونە، وەك:

أ) نەوزادی پەرتووکا خۆ دا بەهارێ.

(15) ب) ژ دهۆکێ هەتا هەولێرێ سێ دەمژمێرە.

جـ) ئەو کەسێن کۆ هەمیشە ل ئەڤینیێ بۆ کینێ ئو ژ کینێڤە بۆ ئەڤینیێ دێنە گۆهۆڕین وەکی ئێکدوو نینن.

**سوودمەند( سوود وەرگر)**[3]: بۆ ناوێ دەگەڕێتەوە کە پێدە چێت سوودی لە کارو ڕووداوەکە وەرگرتبێت، لە ڕاستیدا کارەکەش بەو هۆیە ئەنجامدەدرێت کە سوودێکی پێبگەیەنێت، جا ئەگەر سوودەکە بە سوودمەند بگات یان نەگات (س.پ: 96). بۆ نموونە، وەك:

(16) أ) من پەرتووك بۆ گوڵشەنێ هنارد.

ب) من دیارییەکا لاو بۆ وێ کڕی.

لەو ڕستانەی سەرەوەدا(16 أ) (گوڵشەن) کە ناوەو لە(16ب)دا کە(وێ) یە بۆ کەسی سێیەمی تاکی مێینە دەگەڕێتەوە، سوودمەند بوون.

---

[1] Path.
[2] Source.
[3] Benefactive.

**ڕۆ ڵی هه ستپێکەر**[1]: ((ئارگۆمێنتێ که ئا ماژه بۆ هه ست(Sensory)، هۆش (Cognitive)و ئەزموونی سۆزداری(Emotional Experience) ده کا ( قادر، 2007: 89).

یاخود بەواتا یەکی تر (هه ستپێکەر وا ته ئەو تا کەی که هه ست به ڕووداوه که دەکات یان لێی تێدەگات (Cowper, 1992: 49). بۆ نموونە، وەك:

أ) ئەز ژماری دترسم.

(17) ب) دەمێ تو هاتی ئەز کەیف خۆش بووم.

ج) بێواری کوردستان و مللەتی کورد گەلەك دڤێت.

**ڕۆڵی هەست پێدان**[2]: بریتییه لەو ڕووداوەی که هه ستپێکەر دەخا ته ژێر کاریگەری خۆی و لەم ڕێگایەوه دەبێته هۆی پەیدابوونی هه ستەکان ( میر عیمادی، 1386: 95)، وەك:

(18) أ) ئاخفتنا وی کەته دلێ من.

ب) ئەڤینا وی د دلی مندا هێلین چێکر.

لەم نموونا نەی سەرەوه(ئاخفتن) و ( ئەڤین) هه ستی پ یٚداوه یاخود کاری گەری لەسەر داناوه.

**ڕۆڵی ئامێری**[3]: بریتییه لەو ئامێرەی که کارێکی پێ جێبەجێ دەبێت ( میر عیمادی، 1386: 95).

بۆ نموونە، وەك:

(19) أ) هێلینێ ب کێرکێ دەستێ خۆ بڕی.

ب) جۆتیاری ب تەڤری ئەرد کۆلا.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا (کێرك) و (تەڤر) ڕۆڵی ئامێریان هەیە.

**ڕۆڵی هێز**[4]: بریتییه له توانا و هێزێکی سروشتی که دەبێته هۆی دروست بوونی جۆرێ له جووڵه و گۆڕانکاری (میر عیمادی، 1386: 93). بۆ نموونە، وەك:

(20) أ) لافاوێ گەلەك مالات د گەل خۆ برن.

---

(1) Experience.

له زمانی کوردیدا زاراوەی تریش بۆ بەکارهاتووه وەك( چێژەر) بڕوانه: (محەمەد، 2006: 37)، هەروەها (ئەزموونکار) بڕوانه: (قادر، 2007: 89).

(2) Percept.

(3) Instrument.

(4) Force.

ب) <u>بروسیێ</u> چیا هەرفاند.

ج) <u>با هۆزەکا</u> ترسناك دووهی زۆرخانی وێران کرن.


له نموونەکانی سەرەوە (لافاو)، (بروسی) و (باهۆز) ڕۆڵی هێزی هەیە. چۆمسکی له ڕێزمانی گوێزانەوەدا وای بۆ دەچوو کە فەرهەنگ دەبێ بە لایەنی کەمەوە سێ جۆرە تایبەتمە ندی یاخود زاذ یاری ج یاواز سەبارەت بەیە کە فەرهەنگی یەکان لەبەر چاو بگرێت؛ بۆ نموو نە لە فەرهەنگدا سەبارەت بە یەکە یەکی وەك (چوو) ئەم زانیارییا نە دەبێ هەبێ:

أ) زانیاری کاتیگۆری: (کار).

ب) زانیاری لقەکاتیگۆری: تەنیا پێویستی بە بکەر هەیە و واتە: چوو [+ بکەر].

ج) کۆتی هەلبژاردن: (چوو) کەرەسەی هەڵبژێرە و بکەرە کەی دە بێ توا نای ڕۆیشتنی هەبێ (سلێمان، 2007: 76).

واتە:




لە تیۆری دە سەلات و بە ستنەوەدا بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆ ڵی وا تایی گۆڕاذکاری بەسەر شێوەی دەستنیشانکردنی زانیارییە فەرهەنگییەکانی وشەکاندا هات؛ بەوەی کە هەر دوو زانیاری کۆتە هەڵبژاردنییەکان و ڕۆڵە واتاییەکان لێکدران. چۆمسکی بۆ چوار کاتیگۆری: کار، ناو، ئاوەڵ ناو و ئامراز ئەم سیمایانەی خوارەوە پێ شنیاز دە کات (Chomsky, 1970: 184-231).

| | حاڵەتی کاری | حاڵەتی ناوی |
|---|---|---|
| ناو | − | + |
| کار | + | − |
| ئاوەڵناو | + | + |
| ئامراز | − | − |

بەم شێوەیە هەر کەرەسەیەکی فەرهەنگی خاوەن سێ جۆرە زانیارییە.

بۆ نموونە، وەك:

(21) من نان خوار.

زانیاری کاتیگۆری خواردن: [− حالەتی ناوی، + حالەتی کاری]

زانیاری لقە کاتیگۆرییانە: [+ فرێزی ناوی −]

بازنەی سیتا: [کارا، کارتێکراو]

من ، نان (میر عیمادی، 1386: 118).

لە بارەی باز نەی سیتا[1] Marantz (1984) لەو بڕوا یە دا یە کە لە باز نەی سیتادا دوو دەستە کەرەسە هەن:

− دە ستەی یە کەم: ئەو کەرە سانەن کە دە بێ لە ڕۆڵ بەخ شێك ڕۆڵ وەربگرن، بە واتایەکی تر دەبێ ڕۆڵ بەخشێك هەبێ ڕۆڵیان بداتێ.

− دە ستەی دووەم: ئەو کەرە سانەن کە خۆ یان خاوەن ڕۆ ڵی وا تایین، وەك لەم نموونەیەدا هاتووە:

هاتن ((کارا)، (سەرچاوە)، (ئامانج))

واتە (هاتن) خاوەن سێ بازنەیە، ڕۆڵی دەرەکی دەداتە کارا، ڕۆڵەکانی سەرچاوە و ئامانج بە ئارەزوویین (میر عیمادی، 1386: 124−125).

(22) نەوزاد (کارا) ژ دهوکی(سەر چاوە) هات بۆ هەولێرێ (ئا مانج). لە سەر بنا غەی مەودای جێکەوتەدانان ڕۆڵی سیتا بەسەر دوو دەستە دابەش دەکەن:


1− ڕۆڵی سیتای ناوەکی[2].

2− ڕۆڵی سیتای دەرەکی[3].

بۆ نموونە کارا بە ڕۆڵی سیتای دەرەکی دەژمێردرێت و ئا مانج و کارتێکراویش بە خاوەنی ڕۆ ڵی سیتای ناوەکی دادەنرێت، چونکە (کارا) لە دەرەوەی مەودای جێکەو تەی گەورەی[4] (کار)دا یە و ڕۆ ڵی تر وەك ئەما نەی سەرەوە لە ناو مەودای جێکەو تە گەورە کە دان. بۆ نموو نە، وەك ئەم هێکاریە یەی خوارەوە. (میر عیمادی، 1386: 119).

(1) Ɵ Grid.
(2) Internal Ɵ role.
(3) External Ɵ role.
(4) Maximal Projection.

(23) نەوزادی نان خوار.




بە واتایەکی تر ئارگۆمێنتی دەرەکی و ناوەکی بە پێوەری کاری(V) دەستنیشان دەکرێ بەهۆی ئەوەی ئەم ئارگۆمێنتانەی(تەواوکەر) لەژێر دەسەلاتی سەرە دا بێ ئەوە ئارگۆمێنتی ناوەکییە، بەلام لە دەرەوەی دەسەلاتی(V)دا بێ ئەوە دەرەکییە ( قادر، 2007: 79).

ڕۆڵی سیتا دەتوانرێت بدرێتە پاڵ جێگای فرێزەکانی ناوی شوێن ئارگۆمێنت[1]. ڕۆڵی سینتاکسی بکەر شوێنێکی ڕۆڵییە کە ڕۆڵی کارای پێدراوە و ڕۆڵی سینتاکسی بەکاریش شوێنەکەی ڕۆڵییە کە ڕۆڵی کارتێکراوی پێدراوە. کەواتە هەر شوێنێك کە ڕۆڵی سیتای پێبدرێت بە نیشانەکردنی سیتا[2]ی ناو دەبرێت، یان بە واتایەکی تر پرۆسەی گواستنەوەی ڕۆڵە سیتاییەکان بۆ ئارگۆمێنتەکان لە لایەن کارەوە (محەمەد، 2006: 34) و (Cook, 1988: 154)، بەلام هەندێ شوێن هەن کە بێ بەشن لە نیشانەکردنی سیتای و بەم شێوەیە هیچ ڕۆڵێکی سیتای نادرێتە پاڵ. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا لە جێگای بکەرەکانی وەك (there و it) ڕۆڵی سیتای پێنەدراوە:

(24) 1) مێشێك لە ناو شۆربامدایە. — 1- Thers is afly in my soup.

2) ئەوە تامی خۆشە. — 2- It tastes nice.

هەروەها بەکارەکانی وەك (Seem) کە هەرچەندە ڕۆڵێکی سیتای ناوەکی هەیە ڕۆڵی سیتایی دەرەکی پێنادرێت، وەك:

---

(1) Argument Position.
(2) Theta (Ɵ)- marking.

It seems that sarah has left. ‌وایێ دەچێت کەوا سارا ڕۆیشتووە.
(Cook, 1988: 163)

ڕ ێدانی ڕۆ ڵی سیتای دەره کی لە گەڵ ڕ ێدانی ڕۆ ڵی سیتای ناوەکی بە لەبەر چاوگرتنی شوێنی بکەر جیاوازە. لە بەر ئەوە یە کە لە جێگا کانی فرێزی ناوی بکەری ئاڕگۆمێنی شوێنی بەپێی پێویست ڕۆڵی سیتایی نادرێتە پاڵ. بەم شێوەیە هەموو ڕۆڵەکانی سیتایی دەدرێتە پاڵ شوێنەکانی فریزی ناوی ئاڕگۆمێنتی شوێنی، بەڵام هەموو ئەو شوێنانە ڕۆڵی سیتاییان نییە (Cook, 1988: 115). لێرەدا پێوەری ڕۆڵی سیتا[1] دەخرێتەڕوو بە پێی ئەم پێوەرە: ((هەر ئاڕگۆمێنێك دەتوانێت یەك و تەنیا یەك سیتاڕۆڵ وەربگرێت و هەر سیتاڕۆڵێکیش بە یەك و تەنیا یەك ئاڕگۆمێنت دەدرێت (Chomsky, 1981: 36).

بە پێی ئەم پێوەری – Θ، ئەگەر ئاڕگۆمێنتێ زیاتر لە ڕۆڵێکی سیتای پێ بدرێ ئەوە لادانە لە تیۆری – Θ و ئەنجامە کەش ڕستەکە ناڕێزمانی دەبێت (قادر، 2007: 74). بۆ نموونە، وەك:

(25) باوەرکرن [نەوزادی ترۆمبێل بریبە].

(26)* نەوزادی باوەرکرن [نەوزادی ترۆمبێل بریبە].

ناڕێزمانیە، چونکە (نەوزاد) پێشتر ڕۆ ڵی کارای لە کاری(برن)ی ڕ ستەی ناوەکیی وەرگر تووە؛ بۆ یە کا تێ کە شوێنی دەگۆڕ ێت و دێ تە جێ گەی بکەری ڕستەکەیتر واتە دەبێت ڕۆڵی بکەری وەربگرێت؛ بەڵام لە بەر ئەوەی ناتوانێ دوو جار ڕۆڵ وەربگرێ، ڕستەکە ناڕێزمانی دەردەچێ.

## 2–2–4– تیۆری دۆخ[2]:

لە چەمکی چاولێکەری، دۆخی[3] ڕێزمانی تەنیا ئا ماژە بوو بە تایبەتیەکانی کۆتایی وشە[4] و یاخود ئاماژەیە بە ڕیزکردنی وشەکانی ناو ڕستە کە لەسەر بنا غەی ئەو پەیوەندییە سینتاکسییەی هەیە لە نێوان یەکەکانی ناوی و یان یەکەکانی تری ڕستە پیشان دەدرێت (مشکوة الدین، 1386: 261). بەم شێوەیە دۆخی هەر ناوێ لە هەر شوێنێ لە ڕێگای نیشانەیەکی دۆخی تایبەتیەوە ئا شکرا دەبێت. ئەم ناوانە بە

---

(1) Theta Criterion.
(2) Case Theory.
(3) دۆخ: بریتییە لە ئەرك و واتای ڕێزمانی بەهۆی نیشانەی تایبەتییەوە پێك دێت. ئەم پێناسەیەم لە (د.ڕفیق شوانی) وەرگرتووە.
(4) Word- ending.

ئا سانی  لە ئا ستی ڕ ستەدا دەگوێزرێ تەوە (م شکوة ا لدین، 1386: 261). زما نەکان زۆربەیان خاوەن فۆرمی مۆرفۆلۆجی دۆخ بوو نە دوا تر لە دە ستیانداوە ( قادر، 2007: 49)، هەروەها لە ز مانی کوردی چاولێکەری خاوەن سی ستەمێکی دەوڵەمە ندی دۆخ بوو یە؛ بەڵام هە ندێ لە شێوازەکانی بە در ێژایی م ێژوو سیمای دۆخێ تیان لەدە ست داوە[⊛]، جگە لە شێوەزاری کرمانجیی ژووروو و هەورامی کە مۆرکەکەیان پارا ستووە، لێرەدا دیاردەی دۆخ لە شێوەزاری کرمانجیی ژووروی زمانی کوردی لە ڕووی نیشانە مۆرفۆلۆجییەکان بەم شێوەی خوارەوەیە (سلێمان، 2007: 122):

| دۆخ | نیشانەی مۆرفۆلۆجی | ناو |
|---|---|---|
| ڕەها<br>ئێرگەتیڤی(ناڕاستەوخۆ) | ی بۆ نێر/ ێ بۆ مێ، ان بۆ کۆ | جووتیار ∅ / بێریڤان<br>جووتیاری/ بێریڤانێ<br>جووتیاران/ بێریڤانان |
| هاوبەشی | د □ (دا، را، ڤە) | د گەل (جووتیاری/ بێریڤانێ)دا |
| شوێنی | ب □ (دا، را، ڤە) | ب (جووتیاری/ بێریڤانێ)ڤە. |
| ئامێری | ژ □ (دا، را، ڤە) | ژ جووتیاری/ ژ بێریڤانێ |
| | ل □ (دا، را، ڤە) | ل جووتیاری/ بێریڤانێ |
| خاوەنیەتی | ێ بۆ نێر/ ا بۆ مێ/ ێن بۆ کۆ | جووت یارێ گو ندی/ بێریڤا نا گوندی.<br>جووتیارێن گوندی. |

هەروەها جێ ناوە کە سییەکان لە شێوەزاری کر مانجیی ژوورووداا لە کاتی وەرگرتنی دۆخی ئێرگەتیڤی شێوەکەیان بە تەواوی دەگۆڕێت (س.پ: 124)، کەوا تە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەندێ زمان و شێوەزارەکان لە ڕووی نیشانەکانی مۆرفۆ لۆجی دەوڵەمە ندن، بۆ نموو نە زما نەکانی ئەڵمانی و لا تینی، بە جۆرێ کە نە تەنیا ناوەکان، بەڵکو ئاوەڵناو، تەواوکەر و هەتا جێناوەکانیش خاوەنی نیشانەن ( میر عیـ مادی، 1386: 176)، بەڵام هە ندێ لە ز مان یاخود شێوەزار لاوازن لە ڕووی نیشانەکانی مۆرفۆلۆجی بۆ نموو نە وەك، شێوەزاری(ك. ن)و زما نەکانی وەك ئارامی و عیبری (قادر، 2007: 48)، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم کێشەیە ئەم پرسیارە سەرهەڵدەدا کە ئایا نەبوونی نیشانەکانی مۆرفۆلۆجی ئەوە نیشان دەدات کە ئەم زمانا نە دۆخیان

[⊛] وە نەبێ کە ئەو شێوەزارانە هیچ پا شماوەی دۆخیان بۆ نەمابێ بەڵکو تائێستاش لە هە ندێ گۆ ڤەری وەك موکریانی و هەولێری و گەرمیانی پاشماوەی دۆخ ماوەتەوە.

هەیە یان نە؟ بە واتایەکی تر، هەر ناوێ لە ڕۆنانی ڕستە خاوەنی دۆخ دەبێت ئەگەر نیشانەی تایبەتی هەبێت؟

چۆمسکی(1981) لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بەم شێوەیە دەداتەوە لەبەر ئەوەی کە تیۆری دۆخ بەشێکە لە ڕێزمانی گشتی بۆیە لە هەوڵی بنەمایەکە کە لە هەموو زمانەکان توانای بەکارهێنانی هەبێت. بەم جۆرە تەنها ئەو فرێزە ناوییانەی کە خاوەنی پاشگری ئاشکرای مۆرفۆلۆجین خاوەنی دۆخ نیین. فرێزە ناوییەکانی تریش کە پاشگری دۆخیان نییە خاوەنی دۆخن لە ڕاستیدا دۆخی ئەبستراکتی[1] پێدەدرێت مەبەست لە دۆخی ئەبستراکت، پەیوەندی سیتایی تایبەتە کە وشەی ناو تێدا جێگیر دەبێت، بەڵام لە ڕۆنانی سەرەوەدا پاشگری نیشاندەری دۆخ بەدیارنا کەوێت (م شکوة الدین، 1386: 261). چەمکی نوێی ئەم تیۆرەی دۆخ لە میکانیزمی جێبەجێ کردنیدا جیاوازە لەوەی کۆن (ئەم تیۆرە لە بنەما و بگۆڕەکانیدا زۆر لەوە دوورتر ڕۆیشتووە، کە تەنیا ماماڵە لەگەڵ پاشگرە مۆرفۆلۆجیەکان یان فۆرمە ئاشکراکانی ناو بکات) (قادر، 2007: 49). ئەم سیستەمەی دۆخ لە هەموو زمانەکانی جیهاندا بوونی هەیە واتە جیهانییە، بۆیە پێویستی بە فێربوون نییە، ئەو شتەی کە فێربوونی دەوێ نەخشەکێشان و سنووردانانە لە نێوان دۆخی نابەرجەستە و دۆخی خاوەن نیشانەی مۆرفۆلۆجییە کە ئێمە لە زمانە جیاوازەکاندا بە شێوەی جیاواز دەیبینین، بە واتا یەکی تر (دۆخ تایبەتمەند یەکی هەموو فرێزە ناوییەکانە کە بە شێوەیەکی وەك یەك نیشانە دەکرێن هەتا ئەگەر هەندێکیان شێوەی فۆنەتیکیان نەبێت یاخود هەر فرێزێکی ناوی دۆخی ئەبستراکت(نابەرجەستە) وەردەگرێ بێ گوێدانە ئەوەی کە خاوەن فۆرمی فۆنەتکییە یان نە) (Culicover, 1997: 24-25).

ئاشکرایە کە تیۆری دۆخ هەروەك تیۆری سیتا پشت ئەستوورە بە بناغەی پەیوەندی سینتاکسی یان ئەو شوێنانەی کە فرێزی ناوی تێدا جێگیر دەبێت، واتە پێکهاتەی دۆخ لەسەر ڕۆڵی سینتاکسی دیار دەبێت. هەڵبەت یەکەکانی تایبەتی بە ناونیشانی پێدانی دۆخ[2] کار دەکەن، لەوانە یەکەی گەردانی [+ کات] کە دەسەڵاتی بەسەر ناوێ هەبێت دۆخی بکەری پێدەدات؛ لە کاتێکدا کاری(تێپەڕ)و پێشناو (ئامراز) کە دەسەڵاتیان بەسەر ناوێ هەبێ دۆخی بەرکاری پێدەدرێ (میر عیمادی، 1386: 177)و (Chomsky, 1981: 50). چۆمسکی وای بۆ چووە کە بنەمای پێدانی دۆخ

---

(1) Abstract.

(2) Case assigner.

پەیوەندیە یەکی ڕ تەوی بە پەیوەندیە یە ڕۆنانیە یەکانی دە سەڵاتدارییەوە(١) هە یە. (Chomsky, 1981: 50-52).

بۆ نموونە، وەك:

أ) هەوە ب لۆریێ مال بر.

(27) دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ(٢).

ب) ئازاد زاروکا ماچی دکەت.

دۆخی بەرکاری

ج) نەوزادی پەرتووك ژ ئازادی کڕی.

دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ(٣).

د) نەوزادی زاروکێن خۆ گەلەك دڤێن.

دۆخی بکەری

یەکێ لەو بنەمایانەی کە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی لە ڕستەی ناڕێزمانی بنەمای پارزێنەری دۆخە(٤). لەسەر بناغەی ئەم بنەمایە هەر فریزێکی ناوی ئا شکرا دە بێ خاوەنی دۆ خی (مۆرفۆ لۆجی و یان نابەرجە ستە Abstract)بێت. بە واتایەکی تر هیچ ناوێ لە هیچ شوێنێ جێگیر ناکرێت مەگەر لە ڕێگە یەك دۆخە کەی ئاشکرا بێت، ئەم پارزێنەرە لە ڕۆنانی سەرەوە کار دەکات (Chomsky, 1986: 74).

بەم شێوەیە هەر شوێنێ کە بە ناوێ پڕ بوو بێت و ئەو ناوە بە دە سەڵاتداری کاتیگۆریە یەك لە گەڵ نیە شانەی [− ناوێ] دەرنە کەوتبێت خاوەنی دۆخ نیە یە و هەر ڕستەیێ کە تێدا ناوێکی لە ڕۆ نانی سەرەوە دەرکەوتبێت و (دۆخێکی) وەر نەگرتبێت ڕێزمانی نیە یە (Cook, 1988: 206) و (میر عیمادی، 1386: 178). بەکارهێنانی پارزێ نەر لە پێکها تەی ناد یاردا دە توانین ببینین. بۆ نموو نە ڕ ستەی(1) لە ڕۆ نانی ژێرەوەی(2) داڕێژراوە:

أ) گول هاتن چاندن.

(28) یاخود پەرتووکێن پێدڤی هاتن کڕین.

ب) e گوڵ هاتنە چاندن.

یاخود e پەرتووکێن پێتڤی هاتنە کڕین.

---

(1) Government.
(2) Ablative.
(3) Dative.
(4) Case Filter.

(e نیشانده‌ری شوێنی به‌تاڵه‌).

هه‌روه‌ك ده‌بینین پێكهاته‌ی نادیار ڕێگه‌ ناداته‌ فرێزی ناوی ئاڕگۆمێنتی شوێنی وا ته‌(گول) و ( په‌رتووك) دۆ خی به‌ركاری ڕا سته‌وخۆ وه‌رگر ێت. له‌ كاتێ كدا له‌ ڕسته‌ی( ج) پارزێ نه‌ری دۆخ بۆ فر ێزی ناوی ئارگۆمێنتی شوێنی دۆ خی به‌ركاری ڕاسته‌وخۆ ته‌رخان ده‌كات.

ج) نه‌وزادی گول چاندن.

یاخود ئازادی په‌رتووكێن پێدڤی كڕین.

## 2-2-5- تیۆری جووڵانه‌وه[1] و تیۆری سنووربۆدانان[2]:

له‌ ت یۆری جووڵ نه‌وه‌ گرنگترین چه‌مك، چه‌مكی یا سای جووڵ نه‌وه‌ی ( یان جووڵ نه‌وه‌ی ئه‌لفا) یه‌. ئه‌م یا سایه‌ له‌ ج یاتی گوا ستنه‌وه‌كان به‌كاردێت و به‌ ڕ ێی تایبه‌تییه‌كانی واتایی ڕسته‌، پێكها ته‌ی جۆراو جۆر له‌ ڕسته‌ی فرێزی ناوی، وشه‌ی پر سیار، كار و هیتر له‌ شوێنی بنه‌ڕه‌تی خۆ یان ده‌جووڵێ ندرێن و بۆ شوێنێكی تر ده‌گوا سترێنه‌وه‌ (م شكوة ا لدین، 1386: 258). ساده‌ترین پێنا سه‌ی ئه‌م یا سایه‌ به‌م شێوه‌یه‌:

(ئاره‌زوویی) ئه‌گه‌ر ئه‌لفا كاتیگۆریه‌ك بێت ده‌توانرێت ئه‌لفا بجووڵێنرێت ( میر عیمادی، 1386: 217)، به‌ڵام یا سایه‌كی وا زۆر ناد یاره‌، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئا شكرا نا كات كه‌ ئه‌و كاتیگۆری یه‌ تا چ مه‌ودا یه‌ك توا نای جووڵ نه‌وه‌ی هه‌ یه‌ و یان بۆ چ شوێنێ ده‌توانێت بگوازرێته‌وه‌. ئا یا له‌ جووڵانه‌وه‌ یدا سنوورێكی هه‌ یه‌ یان نه‌ و ئه‌گه‌ر هه‌ یه‌ ئه‌و سنووردانانه‌ چییه‌ ئا یا كاتیگۆریه‌ جووڵێنراوه‌ كه‌ ئا سه‌واری به‌ج ێده‌هێڵێت یان نه‌.

كه‌واته‌ به‌ هه‌بوونی ئه‌و كه‌م و كوڕییا نه‌، له‌ ئه‌نجامی به‌كارهێنانی ئه‌م یا سایه‌ ده‌كرێت ڕسته‌كان ناڕێزمانی بێت. بۆ نموونه‌ له‌سه‌ر بناغه‌ی ئه‌و یاسایه‌ ده‌توانین بڵێین كه‌ ڕسته‌ی(2) ڕۆنانی سه‌ره‌وه‌ی ڕسته‌ی(1)ه‌:

ڕۆنانی ژێره‌وه‌(1) ئازادی نه‌وزاد كوشت.

ڕۆنانی سه‌ره‌وه‌(2) نه‌وزادی ئازاد كوشت.

---

[1] Movement Theory.

[2] Bounding Theory,

ئه‌م تیۆره‌ له‌ هه‌ندێ سه‌رچاوه‌ی تردا زاراوه‌ی (تیۆری به‌ندێتی) بۆ به‌كارهاتووه‌، بڕوانه‌: (محه‌مه‌د، 2006: 143).

هەروەك دەبینین لە ڕۆنانی سەرەوە، فرێزی ناوی(نەوزاد) لە شوێنی فرێزی ناوی (ئازاد) جێگیر بووە. کەوا تە پێویست بە ئا سەواری نەبووە. جگە لە گوا ستنەوەی ناوەکان هیچ کەم و کوڕێکی لە پێکهاتەی یا ساکانی ز مانی کوردی نەکردووە. کاری(کوشتن) دۆخی بە هەردوو ناوەکە داوە و زیانێك بەکارکردنی پێوەری ڕۆڵی سیتا نەگەیشتووە، لەبەر ئەوەی هەردوو ناو لە شوێنی بکەری و بەرکار خاوەنی دۆخن و بەم جۆرە بەسەرکەوتوویی لە (پارزینەری دۆخ) تێپەڕ بوون؛ بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو بەڵگانەی کە باس کران ڕستەی(2) ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەی(1)نییە، ئەوەش کە دەبێتە بەربەست لەبەردەم ئەوەی کە ڕستەی(2) ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەی(1) نەبێت بنەمای بەدەستهێنانە[1]. ئەم بنەمایە دەڵێت:

(هەر کاتێك فرێزێکی ناوی لە شوێنی بەرکاری بۆ شوێنی بکەری بەرزدەبێتەوە، لە جیاتی فرێزە ناوییە جووڵێنراوە کە لە شوێنی بەرکاری (هاونیشانە[2]) یی پەیدادەبێت کە لەگەڵ هاونیشانە فرێزە ناوییە جووڵێنراوەکە یەکسانە) (میر عیمادی، 1386: 220).

کەوا تە فرێزی ناوی( نەوزاد) لە کاتی جووڵانەوە دەبوا یە (ئا سەواری) بەجێ بهێڵێت کە لەگەڵ ئەم فرێزە ناوییە هاونیشانە بێت، بەڵام ئەم مەرجە جێبەجێ نەکراوە. ئەگەر وادا بنێن کە هەردوو فرێزە ناوییە جووڵێنراوە کە ئا سەواریان بەجێهێشتووە و کەم و کوڕی لە بنەمای(Recoverability)دا نییە بە پێی بۆچوونی کۆپەر بنەمای دەسەڵاتداری کەم و کوڕی هەیە (میر عیمادی، 1386: 221)، کەوا تە دیسانەوە ناتوانرێ ڕستەی(2)بە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەی(1)دابنرێت.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە و گیروگرفتانە چەند سنوورێك لە یاسای ئەلفا پێکهات. بەم شێوەیە:

1- تەنیا ئەو کاتیگۆرییانەی کە بێ بار یان کاتیگۆرییەکانی دوو بار دە توانن بجووڵێنرێن.

2- جووڵانەوە(گوا ستنەوە) تەنیا دەبێت لە جێگایەکی شوێن ئاڕگۆمێنت ئەنجام بدرێت.

3- جووڵانەوە بۆ شوێنێك دەرفەتی دەبێت کە بێ بەش بێت لە ڕۆڵی سیتا(non-Θ-Position). (وا تە شوێنی بەتاڵی فرێزی ناوی شوێن ئاڕگۆمێنت بۆ جووڵانەوەی فرێزی ناوی و شوێنی تر بۆ جووڵانەوەی وشەی پرسیار) (Cook, 1988: 132).

---

[1] Recoverability.
[2] Index.

به لەبەرچاوگرتنی بابەتی سەرەوە جۆرەکانی جوولاَنەوە بەم شێوەیە سنووردار دەکەین:

**1- جوولاَنەوەی فرێزی ناوی:** فرێزەکانی ناوی لە شوێنی فرێزە ناوییەکانی شوێن ئارگۆمێنت دەجوولێنرێت و لە شوێنێکی بێ بەش لە ڕۆلی سیتا جێگیر دەبێت و لە شوێنی یەکەمی خۆی ئاسەواری بەجێ دەهێڵێت (میر عیمادی، 1386: 183-184)، بۆ نموونە لە ڕستەی نادیار، فرێزی ناوی کە لە شوێنی بەرکاری ڕاستەوخۆ جێگیرە بۆ شوێنی بەتاڵی بکەر دەگواسترێتەوە.

(29) دایکێ خانی فرۆت. (ڕستەی دیار).

خانی ژ لایی دایکێ ڤە t هاتە فرۆتن. (ڕستەی نادیار)

(t نیشاندەری شوێنی بەتاڵە لە ڕۆنانی سەرەوە)

**2- جوولاَنەوەی فرێزی پرسیاری(پێکهێنی پرسیار):** فرێزی پرسیاری[1] لە شوێنی فرێزە ناوییەکانی شوێن ئارگۆمێنت دە جوولێن بۆ شوێنێکی تر، لەژێر فرێزی گەێینەری (CP)[2] جێگیر دەبێت و ئاسەواری لە شوێنی یەکەمیان بەجێ دەهێڵین (میر عیمادی، 1386: 185) و (Cook, 1988: 182-183).

سەرنج بدەنە ئەم نموونەی خوارەوە:

(30) بۆ نموونە: کێ ئەوی مێوان کرد؟ ئەو سوهای مێوان کرد.

She invited suha? ⟶ Whom did she invitet?

دەبینین لەنموونەی سەرەوەدا پێکهاتەی پرسیار، لە شوێنی خۆی جوولاوەتەوە و بۆ سەرەتای ڕستە گوێزراوەتەوە و ئاسەواری(t)ێ لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە.

**3- جوولاَنەوەی کار:** کار دەتوانێت لە شوێنی خۆی بجوولێنرێت لەژێر نۆدی یەکەی گەردانیی(INFL)[3] جێگیر بێت و لەو شوێنە بۆ شوێنی سەرەی تەواوکار دەگواسترێتەوە. لە زمانی ئینگلیزیدا گواستنەوەی کاری (tobe)و کاری بەیاریدەیتر دەتوانرێت بەرچاو بکەوێت. سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە: (Cook, 1988: 182)

(31) 1- Judith will pass… will Judith pass?

1- جۆدز دەردەچێت... ئایا جۆدز دەردەچێت؟

2- Judith saw him… Did Judith see him?

---

[1] Wh-phrase.

[2] Cp= complementizer.

[3] Inflectional phrase.

2- جۆدز ئەوی بینی... ئایا جۆدز ئەوی بینی بوو؟

3- Sheila is happy… Is Sheila happy?

3- شیلا دڵ خۆشە... ئایا شیلا دڵ خۆشە؟

جووڵانەوەی کار دەتوانێت لەگەڵ جووڵا نەوەی پێکها تەی پرسیار پێکەوە بێت. وەك ئەم نموونەیە:

What will paul wear? پاول چی لەبەردەکات؟

هەروەك ئاماژەمان پێدا، لە گوا ستنەوەدا چەند سنوور و کۆت هەن کە هەندێ لەما نە پێشتر خرا نەڕوو. یەکێ لەم سنوور(کۆت)دانانە، سنووردانانی شوێنییە[1]. (Cowper, 1992: 180)، ئەم سنووردانانە مەودای هەر یەکە یەك کە دەتوانێت لە هەر بازدانێ پەیوەست بێت دیاردەکات. لەسەر ئەم بنەمایە تیۆری سنووربۆدانان پێی وا یە کە ئە گەر لە نێوان خاڵی سەرەتا و کۆ تایی هەر گوا ستنەوەیەك، نۆدە بەندکەرەکان[2] بۆشاییەکی زۆری تێ بکەوێت گوا ستنەوە ڕێگەی پێنادرێت (مشکوة الدین، 1386: 260).

ئەم چەمکە (Weinberg) و (Berwick) لە ساڵی 1984 کە بنەمایی لەژێر ناوی بنەمای هاوسێیەتی[3] بەم شێوەیە دەخەنەڕوو:

(گوا ستنەوە ناتوانێت لە نۆدە بەند کەرێك زیاتر تێپەڕێت) ( Cook, 1988: 134).

ئەم پێنا سەیە دە توانین بەم شێوەیەش ڕوون بکەینەوە کە: ( لە زنجیرە یەك بۆگەڕاوە-شوێنپێ، (شوێنپێ) دەتوانێت یەك نۆدە بەند کەر لەگەڵ بۆ گەڕاوەی خۆی بۆشایی پچڕاوی هەبێت) (میر عیمادی، 1386: 212). نۆدە بەندکەرەکانیش لە هەموو زمانەکان یەکسان نین Rizzi و Sportiche (1981) پێیان وایە کە زمانی ئینگلیزی خاوەنی نۆدە کانی ڕ ستەو فر یزی ناویین و فرەنسی و ئی تاڵی خاوەنی نۆدە کانی ڕستەی یەك بارو فریزی ناویین، بەم جۆرە هەڵبژاردن لە نێوان ڕستە لەگەڵ ڕستەی یەك بار بە بگۆڕ دەژمێردرێت (Cook, 1988: 134-135).

کۆپەر کورتەیەك لە هەر دوو لقە تیۆرییەکە بەم شێوەیە دەخاتەڕوو:

1- زۆربەی کات فریزە دووبارەکانن کە دەتوانن بجووڵێن.

---

(1) Local restriction.
(2) Bounding nods.
(3) Subgacency.

2- فرێزەکانی دووبار بۆ شوێنی دیاریکەر(Specifier) دەگوازرێتەوە.
3- جوولانەوەی فرێزە ناوییەکان پەیڕەوی پێوەری ڕۆڵی سیتا، بنەمای هاوسێیەتی و پارزێنەری دۆخ دەکەن.
4- جوولانەوە پەیڕەوی بنەمای دەسەڵاتداری و بنەمای دەسەڵاتی پۆلی(C-Command) دەکات (Cowoer, 1992: 39).

## 2-2-6- تیۆری دەسەڵات[1]:

هەندێ لە بنەمای زمان کاریگەرییان بە یەك لقە تیۆری تایبەت سنووردار دەبێت، بەڵام هەندێکی تر لەسەر هەموو بەشەکان کاریگەری دادەنێن. بۆ نموونە، چەمکی پێکهاتەی سنووردانان بەشێوەیەکی تایبەت پەیوەندی بە جوولانەوەوە هەیە، بەڵام لەسەر لایانەکانی تری زمانیش بێ کاریگەری نییە، چەمکی (دەسەڵات) لەمەش فراوانتر و گشتگیرترە. دەسەڵات ئاماژەیە بە جۆرێ لە پەیوەندی سینتاکسی تایبەت، کە زۆر ئەبستراکت(Abstract)ـە، لە نێوان دەسەڵاتدار[2] و ئەو ئایتمەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دایە(Cook, 1988: 44).

پێرستی حوکمکەر بریتییە لە کاتیگۆرییەکانی فەرهەنگی ناو، کار، ئاوەڵناو و ئامرازی پەیوەندی(پێشناو)، واتە هەر کەرەسەیەك کە بتوانێت ببێتە سەرەی فرێز (Chomsky, 1986: 171)، بەڵام ئەم کاتیگۆرییە سینتاکسییانەی کە ئاماژەمان پێدا، هەمووی فەرهەنگین و ئەو وشانەن کە پەیوەندیان بە فەرهەنگناسەوە هەیە، لە کاتێکدا ڕستە خاوەنی تایبەتمەندییێ کە کە بەو شەێك سنووردار نابێت، بەڵکو کاریگەری لەسەر هەمووی دادەنێت لەوانە کات، کەس و ڕەگەز... تاد (مشكوة الدين، 1386: 268). یەکەی گەردانی[3] کە بە ناونیشانی پێکهێنی ئەبستراکتە زۆربەی کات بە تەنیا لە ڕۆنانی سەرەوەیان فەرهەنگی ئاشکرا نابێت نوێنەری ئەم تایبەتمەندییەیە. (Cook, 1988: 45-46)، سەرنج بدەنە ئەم ڕستەی خوارەوە:

(32) ئەوان ئێکدوو یەکەی گەردانی (+ Agre)[4] دیت.
ئەوان ئێکدوو یەکەی گەردانی(+ ڕابردوو، کۆ) دیتن.
ئەوان ئێکدوو دیت.
جیهانێ هۆنیا یەکەی گەردانی(+ Agre)نڤاند

---

(1) Government.
(2) Governor.
(3) Ip = Inflection.
(4) Agreement.

(33) جیهانێ هۆنیا یەکەی گەردانی(+ ڕابردوو، ك3 تاك) نڤاندن.
– جیهانێ هۆنیا نڤاند. (سلێمان، 2007: 70).


بە پێی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (ڕێککەوتن Agreement) کە یەکێکە لە بە شەکانی یە کەی گەردانی INFL، دە سەڵاتی بە سەر کار هە یە و کات و کە سی پێدەدات (Cook, 1988: 45-46). کەواتە دسەڵات بە یەکەکانی فەرهەنگی و بینراو سنووردار نابێت، بەڵکو یەکە جیاوازەکانیش لەخۆدەگرێت.

لە پەیوەندی دەسەڵاتداری دوو چەمکی سینتاکسی ڕە سەن هە یە کە بریتین لە: چەمکی زاڵبوون[1] بەو واتایەیەکە لە هێلکاری دار ئاسادا چ ئایتمێك لە ژێر ئایتمی تر جێگیر دەبێت وە چەمکی خوشکایەتی[2] بەو واتا یە دێت کە چ ئایتمێك لە تەنیشت ئایتمی تر و یان لە گەڵ ئەو بەکاردێت (م شکوة ا لدین، 1386: 265–266)، بەڵام دەسەڵات پێویستی بە پێکهاتەیێکی ئاڵۆزتر هەیە.

وا چاکە سەرەتا شوێنی هەر یەك لەو ئایتما نە لە چوار چێوەی دە سەڵات د یار بکەین. سەیری ئەم نموونەی خوارەوە بکەن:

(34) جیهانێ ئەو ب ترۆمبێلێ گەهاند.

---
[1] Domination.
[2] Sisterhood.




(ت) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (گلفام، 1385: 96–97).

لە نموونەی سەرەوەدا جێکەوتەی فرێزی ناوی (جیهان) "فرێزی گەردانییە وا تە خاوەنی هەر شتێکە کە لە ژێر "فرێزی گەردانیدا هەیە.

لە سەر بنا غەی شوێنی ئایتمەکان دە توانین چەمکی دە سەڵاتی پۆلی(٢) بەم شێوەیە بخەینەڕوو:

((A دەسەڵاتی پۆلی بەسەر هەر ئایتمێك هەیە کە دەکەونە سنووری ئەو جگە لە خۆی)) (Cook, 1988: 150).

جارێکی تر دەگەڕینەوە سەر نموونەکەی پێشوو و بۆ نموونە ئەو ئایتما نەی کە لە ژێر دەسەڵاتی کار و پێشناوادان دیار دەکەین.

بنەمای دەسەڵاتی پۆلی بەم شێوەیە پێناسە دەکەن:

دووفلیقانەیی(٣) A دەسەڵاتی پۆلی بە سەر گرێ(Node)ی دوو فلیقا نەیی B دا هەیە ئەگەر و تەنها ئەگەر:

1- A بەسەر B دا زاڵ نەبێت.

2- B بەسەر A دا زاڵ نەبێت.

3- یەکەمین گرێی دوو فلیقانەیی دوو-بار کە زاڵ بێت لە سەر A بە سەر B یشدا زاڵ بێت (مقدم، 1386: 444).

چۆم سکی دە سەڵاتداری لە سەر بنا غەی دە سەڵاتی پۆلی بەم شێوەیە پێنا سە دەکات:

کاتیگۆری A دەسەڵاتی بەسەر جێکەوتەی مەزنی "X دا هەیە ئەگەر و تەنها ئە گەر A و "X دەسەڵاتی پۆلییان بەسەر یەکتردا هەبێت (Chomsky, 1986A: 171)، بەڵام کۆپەر ئەم پێناسەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

A بەسەر B دەسەڵاتی هەیە ئەگەر و تەنها ئەگەر:

1- بۆ کاتیگۆرییەکی یەك-بار، کاتیگۆری بێ-باری A هەبێت.

2- A دەسەڵاتی پۆلی بەسەر Bدا هەبێت.

3- ئە گەر y زاڵ بێت بە سەر Bدا، y زاڵ دەبێت بە سەر A دا (Cowper, 1992: 97).

مەرجی یە کەمی کۆ پەر، چۆم سکی بەم شێوەیە لە ڕ ستەیەکدا بۆ بنەمای دەسەڵات زیاد دەکات:

---

(1) Constituent Command.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (مەحوی، 2001: 31-32)، (محەمەد، 2006: 90).

(( تەنها كاتيگۆريەكانی فەرهەنگی و جێكەوتەكانيان دەتوانن حوكمكەر بن))
.(Chomsky, 1986a: 162)

بە پێی ئەو بابەتەی سەرەوە ئەنجامەكانی خوارەوە بەدەست دێن:

1- كاتيگۆری دۆخ لەژێر كاريگەری دەسەڵاتدايە.

2- هەڵبژاردنی كاتيگۆری لەژێر كاريگەری دەسەڵاتدا بەڕێوەدەچێت.

3- هەڵبژاردنی واتايی(ڕۆڵی سێتا)ی لەژێر كاريگەری دەسەڵات بەڕێوەدەچێت.

4- كار لە ڕووی كەس لەژێر كاريگەری [AGR]دايە كە ئەوە بۆ خۆی يەكێ لە تايبەتيەكانی يەكەی گەردانييە.

5- ئەوەی كە يەكەی گەردانی دەسەڵاتی بەسەر بكەرەوە يان نە بە گۆڕاو دەژمێردرێت، چونكە هەندێ لە زمانەكان دەتوانن بكەر لابەن وەكو(ديالێكتی ناوەراست) وهەندێ ناتوانن وەك (ديالێكتی كرمانجی ژووروو) (Cook, 1988: 156).

تاكو ئێرە لقە تيۆرە جياوازەكانی تيۆری دەسەڵات و بەستنەوەمان بە شێوەيەكی كورت خستەڕوو ئێستا ئەو پرسيارە دێتەكايەوە كە پەيوەندی ئەو بنەما و لقە تيۆرييانە لەگەڵ يەك چۆنە؟

هەروەكو لەو بەشەی پەيوەندی بە ڕێزمانی گشتييەوەيە ئاماژەمان پێدا كە ڕۆنانی ژێرەوە(DS) نيشاندەری پێكهاتەڕۆنانيەكانی ڕستەيە كە دوای كاری جوولانەوە بە ڕۆنانی سەرەوە (S-S) كۆتايی دێت. ڕۆنانی سەرەوە خۆی پەيوەندی نێوان فۆرمی لۆژيكی و فۆرمی فۆنەتيكی ڕستەيە، بەڵام ڕۆنانی ژێرەوە لە كۆی بەدەست دێت؟

ئەركی بەدەست هێنانی ڕۆنانی ژێرەوە لە ئەستۆی لقەتيۆری ڕێزمانی ئێكس- بار(x-bar)دايە، ڕێزمانی ئێكس- بار بە ناونيشانی پەيوەندی نێوان ڕێزمان و فەرهەنگ كار دەكات. وا تە لەلا يەك لەگەڵ كاتيگۆريەكانی فەرهەنگی(ناوەكان، كارەكان، ئاوەڵناوەكان و پێشناوەكان) پەيوەندی دروست دەكات و لە لا يەكی تر پەيوەندی هەيە لەگەڵ پێكهاتەی ڕستە كە پێچەوانەی تايبەتمەنديەكانی فۆرمی فەرهەنگيە لە كاتی لێكدانيان. بنەمای جێكەوتەدانان كە تايبەتيەكانی بنەمای فەرهەنگی بۆ سينتاكس دەگوازێتەوە ڕۆنانی سەرەوە بۆ ڕۆنانی ژێرەوە وە فۆرمی لۆژيكی بە وشەكان دەلكێنێ. هەروەك دەزانين سينتاكس لە نێوان كەرسەكانی ڕستەدا ڕۆڵ دەبينێت. تيۆری ڕۆڵی سێتا ئاراستەكەری چۆنيەتی ڕەفتاری فۆرمەكانی فەرهەنگييە. كەواتە لە كاردانەوەيەكی بەرامبەر لەگەڵ ڕێزمانی ئێكس- بار و بنەمای

جێکەوتەدانان، تیۆری ڕۆڵی سێتا بە ئایتمە پێکهاتووەکانی ڕستە ڕۆڵی سیتا دەدات، بەڵام پەیوەندی جووڵانەوە لە نێوان ڕۆنانی ژێرەوە و ڕۆنانی سەرەوە بەو پێیەی کە چ یە کەێك دەجووڵێنر ێت، لە کویێ هە ڵدەگیرێ و لە کویێ دادەنر ێت و مەودای جووڵانەوە کەی دەتواذ ێت چەند ب ێت، سنووردار دەب ێت. لێرەدا یە کە پێوی ست بە تیۆری سنووورداری دەبێت. ئەم تیۆرە ئا شکرا دە کات کە یە کەێك تا چەند دەتواذێت شوێنی خۆی بگۆڕێت.

لقە تیۆرێکی تر، تیۆری دۆ خە، دۆخێکی تایبەتی دەدا تە ئەو فرێزە ناوییا نەی کە لە ڕستەدان بە پ ێی شوێنیان لە ڕۆ نانی ژێرەوە یان ڕۆ نانی سەرەوەدا. کەوا تە تیۆری دۆخ پەیوەندی بە ڕۆنانی ژێرەوە و ڕۆنانی سەرەوە هەیە.

ج گە لەو ل قە تیۆرییا نەی کە تاکو ئێ ستا ئاماژە مان پ ێدا ت یۆری دە سەڵات و بەستنەوە خاوەنی دوو تیۆری تری وەك: تیۆری بەستنەوە و تیۆری کۆنترۆڵ( Cotrol theory )ـە (درزی، 1385: 77–78)، لە بەر ئەوەی مەبە ستی سەرەکی ئەم نامە یە خەریك بوونە بە لقە تیۆری بەستنەوە، بۆیە لە بە شەکانی دا هاتوودا بە دوور و در ێژی لێی دەدوێین.

لە کورتەیە کدا تەنها دە توانین ئەوە ب ڵێین کە ت یۆری بە ستنەوە چۆنیەتی پەیوەندی فرێزە ناوییەکان وەك هاو ئامارژە یەك لەگەڵ فرێزە ناوییەکانی تری هەمان ڕ ستە لێکدەدا تەوە (Horrock, 1988: 108)، بەڵام ت یۆری کۆنترۆل، ئە گەری ئامارژەیی بکەرە جێناوییە دەرنەبڕاوەکان لە ڕستە دیار دەکات، کە هەمیشە بە (PRO) ئامارژەی بۆ دەکرێت (محەمەد، 2006: 136).

## 2–3– تیۆری بەستنەوە(1):

ت یۆری بە ستنەوە بە ن یوەی دووە می ت یۆری دە سەڵات و بە ستنەوە دەزانر ێت (نیوەی یەکەمی دەسەڵاتە). ئەگەرچی چۆمسکی خۆی بەو ناولێنانە ڕازی نەبوو و ئەو ناونیشانەی بەسەرلێشێوێنەر دەزانێ. هەرچەندە، لە بەشەکانی پێشوو ئامارژەمان پێدا کە ت یۆری دە سەڵات و بە ستنەوە ل قە ت یۆری زۆری هە یە کە هەموویان لە پێکها تەی بنەمای ئەم تیۆرەدا بە شدارییێکی کارا و گرنگ یان هە یە. کەوا تە، ج یا لەم ناونیشانە، تیۆری بەستنەوە بەشێکە لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە کە لەگەڵ بەشەکانی تردا لە کاردا نەوەی بەرام بەر دا یە و لە بەر ئەوە دە بێ لە لێکدا نەوە و شیکردنەوەی ب نەمای بەستنەوەدا کاریگەری بنەما و لقە تیۆرەکانیی تریش لەبەرچاو بگیرێت.

---

(1) Binding theory.

تـ يۆری بە ستنەوە مامە ڵە لە گەڵ زۆر ترین د یاردەی هاوئا ماژەیی(Co-refrential) نێوان فرێزە ناوییەکان دەکات، لەوا نە کاتیگۆرییە بەتا ڵەکان ( Trask, 1993: 30). بە شێوەیەکی گ شتی تـ یۆری بە ستنەوە ئەوە ڕوون دەکا تەوە کە جێناوەکان و جۆرەکانی ناو چۆن پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، لەوانەیە ئەمە بابەتێکی نویێ نەبێت، بەڵام ئەوەی لەم تـ یۆرەدا بە نوێ دادەنر ێت گرنـ گی و پەرەپێدا نە بە پەیوەندی جێناو–بۆ گەڕاوەیی(١) کاتیگۆرییەکانی تر کە لە جێگای خۆیدا با سی لێوە دەکەین.

چۆمسکی دەڵێت: ((تیۆری بەستنەوە مامەڵە لەگەڵ فرێزە ناوییەکان دەکات بە جۆرێ خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە وا تایین کە بەستنەوەیان بە بۆگەڕاوەیی پێویست دەکات)) (Chomsky, 1988: 52).

لە ڕستەی: (نەوزادی ئەو دیت) نەوزاد بەشێکە لە زمان کە بۆ بە شێ لە دونیای دەرەوە دەگەڕێـتەوە وە بۆ ئەوەی کە بزانین ( نەوزاد) کێیە دە بێ بۆ دونـ یای دەرەوە بگەڕێتەوە، چونکە لەم ڕستەیەدا زانیاری زیاتری لە بارەی ئەو نادرێت، بەڵام (ئەو) جێناوێکی کەسییە و بۆ چ کەسێ دەگەڕێـتەوە زا نینی بۆ خۆمان دەگەڕێـتەوە، ئەوەی دیار و ئاشکرایە ئەوەیە کە (نەوزاد) و (ئەو) تەنیا بۆ یەك کەس ناگەڕێـتەوە. نەبوونی هیچ پەیوەندیێك، لە نێوان ئەو دوو کەسە ئەوە نیشان دەدات کە ناتوانین هەردووکیان بەیەك کەس بزانین، بەڵام لە ڕستەی (نەوزادی خۆ شویشت) لە کاتێکدا(نەوزاد) بوونی بۆ دەرەوەی ڕستە دەگەڕێتەوە، (خۆ) دەگەڕێتەوە بۆ(نەوزاد).

بۆ ئەوەی بزانین کە ئەو دوو کەسە یەکن پێویست نا کات بزانین ( نەوزاد) کێیە، بەڵکو پێویـ ستمان بە زا نینی پەیوە ندی سینتاک سی نێوان( نەوزاد)و (خۆ) یە، وا تە پێویستمان بە زانینی پێکهاتەی ناوەوەی ڕستەیە.

تیۆری بەستنەوە بۆ ئەو جیاوازییا نە بەڵگەی شیاو و گونجاو دەخا تەڕوو. وا تە ئەوە ئاراستە دەکات کە بە چ شێوەیەك ئاخێوەر یاخود گوێگر دەزانێت کە چ کاتێك ئەم جۆرە فۆرما نە بۆ تا کە کە سێك دەگەڕێـ تەوە و چ کاتـ ێك ناگەڕێـ تەوە. یەکێ لە شێوازەکانی شرۆڤەکردنی تـ یۆری بە ستنەوە، لەبەر چاوگرتنی دە ستەی فەرهەنگییە(٢)کە لەم بۆچوونەدا خراونەڕوو.

سێ دەستەی فەرهەنگی لە تیۆری بەستنەوە ئاماژەی بۆ کراوە کە بریتین لە:

---

[1] Antecedent.
[2] Lexical.

1- ئەنافۆر(١).

2- جێناوی کەسی(٢).

3- دەربڕینی ئاماژەیی(٣). (مقدم، 1386: 473).

لەو دوو نموونەی کە ئاماژە مان پێدا (نەوزاد) سەر بە دە ستەی سێیەم دەبێت (ئەو) سەر بە دەستەی دووەم و (خۆ) سەر بە دەستەی یەکەم.

جگە لەوە لەم تیۆرەدا پێویستە ئەو شوێنە پێکهاتەییەی کە بەستنەوە دەتوانێت لەو شوێنە بە هاوبەشی لەگەڵ کاتیگۆری فەرهەنگی بەکارهاتوو کار بکات دیار بێت. کەوا تە جیاوازی زۆر گرنگ لە نێوان ئەنافۆرەکان، جێناوە کان و دەر بڕی ئا ماژەیی بریتییە لە مەودای ڕستەیەك، کە ئەوانە تیایاندا دەتوانن ببەسترێنەوە. ئەنافۆرەکان لە ناو ڕستەیەکدا بەستراوەن، جێناوەکان دەتوانن لە لایەن فرێزە ناوییەکانی لاڕستەکانی ترەوە ببەسترێنەوە یان لەوانەیە سەربە ست بن و ئاماژەکانیان لە دەرەوەی ڕ ستەکەدا وەربگرن؛ دەر بڕی ئا ماژەیی هەمیشە سەربە ستن (Cook, 1988: 56)، بۆ ئەم جیاوازییە تیۆری بە ستنەوە چەمکی (مەودای شوێنیی(٤)) بەکاردەهێنێت. لاڕستەش دەبێتە نموونە یەك بۆ مەودای شوێنیی(Ibid: 56) لە تیۆری بە ستنەوەدا بە لەبەر چاوگرتنی مەودای شوێنیی سێ بنەما بۆ سێ دە ستەی فەر هەنگی سەرەوە پیشاندراون. چۆمسکی ئەو بنەمایانە بەم شێوەیە دەخاتەڕوو:

1- ئەنافۆر(خۆیی، هاوبەش) لە مەودای شوێنیی خۆی بەستراوەیە.

2- جێناوی کەسی لە مەودای شوێنیی خۆیان سەربەستن.

3- دەربڕی ئاماژەیی(R-expression) سەربەستن. (Chomsky, 1986a: 166).

هەروەك پێشتر ئاماژە مان پێدا بنەماکانی تیۆری بە ستنەوە لە سەر بنا غەی فەر هەنگی پیشان دەدرێت. کەوا تە دەروازە کانی فەرە هەنگی لە کۆمە ڵە و شەکانی ئاخێوەر دەبێ نیشان بدات کە هەر فۆرمێ تایبەتە بە کام دەستە. بۆ نموونە، وەك:

ئەو [+ جێناوی کەسی] [- ئەنافۆر]

خۆ [- جێناوی کەسی] [+ ئەنافۆر]

ئێکدوو [- جێناوی کەسی] [+ ئەنافۆر] (Cook, 1988: 58).

سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکەن:

---

(1) Anaphora.
(2) Pronominal.
(3) Referring expressions.
(4) Local domain.

(35) أ) سۆلینێ ئەو دڤێت.

ب) سۆلینێ خۆ دڤێت.

ج) سۆلین هزر دکەت، کۆ ئازادی ئەو دڤێت.

د) سۆلین هزر دکەت، کۆ ئازادی خۆ دڤێت.

ڕستەی (35 أ) ناڕێز مانی دەبێت ئەگەر (سۆلین) و (ئەو) بۆ یەك كەس بگەڕێتەوە، هەروەسا ڕستەی(35د) ناڕێزمانییە ئەگەر(خۆ) بۆ (سۆلین) بگەڕێتەوە. لە هەمان کاتدا دوو ڕستەی(35ب) و (35 ج) هەرچەندە (سۆلین) و (خۆ) و (سۆلین) و (ئەو) بۆ یەك كەس بگەڕێتەوە ڕێزمانی دەبێت. پرسیار ئەوەیە کە چ شتێك دەبێتە هۆی ئەم جیاوازییە؟ (Lasnik, 1988: 29) لەو بڕوایەدایە کە لێرەدا کێشەی نزیکی بۆ گەڕاوە و جێناو هەیە بە لەبەرچاوگرتنی نموونەکان وا دەردەکەوێت کە جێناوی کەسی ناتوانێت بۆگەڕاوەی خۆی لە نزیك هەڵبژێرێت. کەواتە هۆی ناڕێزمانی بوونی (35 أ) ڕەتکردنەوەی ئەم یاساییە و هۆی ڕێزمانی بوونی (35 ج)یش پشتگیرییە لەم یاسایە، بەڵام جێناوی خۆیی دەتوانێت لە بۆ گەڕاوەی خۆی نزیك بێت و بە پێی نموونەی (35 ب) و ئەگەر ئەم یاسایە ڕەتبکرێتەوە ڕستەی ناڕێزمانی وەك(د) بەرهەم دێت، بەڵام بە تەواوی نازانین کە مەبەست لە (بۆگەڕاوە)و (نزیك) چییە. ئەگەر نزیك بە واتای (لەناو هەمان لاڕستە) وەربگرین. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بۆ چوونە دەتوانین دەست بە شیکردنەوەی چەمکی بۆگەڕاوە بکەین.

چۆمسکی (1981: 188) و هەروەها (a 1986: 342) دوو تایبەتی بۆ بۆگەڕاوە لەبەر چاوگرتووە. یەکێ لەو تایبەتمەندییا نە، (هاونیشانەیی[1]) یە بە بۆ چوونی چۆمسکی بۆ گەڕاوەی جێناو دە بێ لە گەڵ خودی جێناو هاونیشانە بێت. کەواتە لەمەودوا دەتوانین بۆ هەر فرێزێکی ناوی نیشانەیێك دابنێین، ئەگەر دوو فرێزی ناویی هاو ئاماژە بوون ئەوا، هەمان نیشانەی(i)یان دەدرێتێ و بەمەش هاونیشانە دەبن واتە هەردوو فرێزە ناوییەکە ئاماژە بۆ یەك كەس یان شت دەکەن، بەڵام ئەگەر (هەردوو فرێزە کە هاوئاماژە نەبوون، ئەوا دوو نیشانەی جیاوازی، بۆ نموونە (i) و (j) یان دەدرێتێ و بەمەش نابنە هاونیشانە) (محەمەد، 2006: 119). ئێستا بە لەبەر چاوگرتنی هەردوو بۆ چوونی سەرەوە(نزیکی واتە لە ناو هەمان لاڕستە و هاونیشانەیی بۆگەڕاوە و جێناو) جارێکی تر دەچینەوە لای نموونەکانی (35):

* أ- سۆلینێi ئەوi دڤێت.

---

[1] Co-indexing.

(36) ب) سۆلینیَi خۆi دڤێت.

جـ) سۆلینi هزر دکەت، کۆ ئازادی ئەوi دڤێت.

* د- سۆلینi هزر دکەت، کو ئازادی خۆi دڤێت.

کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت کە بە پێی هەردوو بۆچوونی سەرەوە، پشتگیری لە ناڕێزمانیی بوونی (35 أ) و (35 د)و ڕێزمانیی بوونی (35 ب و جـ) دەکات، بەڵام ئەم بۆچوونانە هەموو کێشەکانیان چارەسەر نەکرد.سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکەن:

(37) * دایکا ئازادیi خۆi دڤێت.

تێبینی دەکرێت کە لە نموونەی سەرەوە هەرچەندە بۆگەڕاوەیی(خۆ) لە هەمان لاڕستەدایە و کەوتووتە نزیکی، بەڵام ڕستەیێکی ناڕێزمانییە. یەکێ لەو ڕێگا یە کە بە مێشکدا بێت ئەوە یە کە بڵێین فرێزی ناوی خاوەندیەتی ناتوانێت وەك بۆگەڕاوە کار بکات، بەڵام نموونەی(38) ئەمە ڕەت دەکاتەوە:


(38) وێنەیێ ئازادیi ب ویi جوان بوو.

بەم شێوەیە دە بێ هەوڵ بدەین ج یاوازی پێکها تەیی د یوان(37) و (38) بدۆزینەوە لە با بەتی پێ شوو لە با سکردنی ت یۆری دە سەڵاتدا، چەمکی زاڵبوو نمان خستەڕوو. ئەم چەمکە Reinhart لە(1976) نا ساندی و چۆنسکی ئەوەی بە ناوی تایبەتمەندی دووەمی بۆگەڕاوە دانا (Cook, 1988: 214-217).


بە پێی ئەم چەمکە ئەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی ڕستەی(37) بە ناڕێزمانی بزانین و (38) بە ڕێزمانی، ئەوەیە کە فرێزی ناوی(دایکا ئازادی) توا نای زاڵبوونی بە سەر(خۆ) هەیە، لەهەمان کاتدا (وێنەیێ ئازادی) زاڵ نییە بەسەر(خۆ)دا.

بۆ زیاتر ڕوونکرد نەوەی چەمکی زاڵبوون، دوو ڕستەی(37)و (38) بە شێوەی هێلکاری دار ئاسای سادە پیشاندەدەین.

(37)



(38)




بەپێی ئەو نموونا نەی سەرەوە دە توانین بڵێین کە هەر فرێزێکی ناوی(A) کە بەسەر (B)زاڵ نەبێت ناتوانێت بۆگەڕاوەی ئەو بێت.

بە لەبەر چاوگرتنی ئەو دوو تایبەتمەندی یەی سەرەوە، دە توانین بەم جۆرەی خوارەوە پێناسەی بەستنەوە بکەین:

(A) بەسەر (B) زاڵ دەبێت.

(A) (B) دەبەستێتەوە ئەگەر تەنها ئەگەر.

(A) و (B) هاونیشانە بن. (Lasnik, 1988: 32) و (Cook, 1988: 226).

بە پ ێی چەمکەکان و نموو نەکانی سەرەوە دە توانین ئەم ئەنجاما نە بەدە ست بهێنین:

1- ئەنافۆرەکان لە ناو کاتیگۆرییە دەسەڵاتدارەکەیدا بەستراون.

2- جێناوی کەسی لە ناو کاتیگۆرییە دەسەڵاتدارەکەیدا سەربەستن.

3- دەربڕی ئاماژەیی سەربەستن. (مقدم، 1386: 475)و (Chomsky, 1988: 188).

بە پ ێی ئەم ئانجاما نە، جێ ناوی خۆیی و جێ ناوی کە سی لە دابە شبوونێکی تەواوکەریدان. واتە لەو شوێنەی کە جێناوی خۆیی توا نای دەرکەوتنی هە یە جێناوی کەسی توانای دەرکەوتنی نییە و بە پێچەوانەش.

ئێستا با ببینین کە ئایا ئەم ئەنجاما نە ڕاستن یاخود نە و ئا یا ئەم دابە شکردنە بوونی هەیە یاخود نە. سەرنج بدەنە ئەم نموونانەی خوارەوە:

أ) * دایکا ئازادیi خۆi دڤێت.

(39) ب) دایکا ئازادیi ئەوi دڤێت.

أ) وێنەیێ ئازادیi ب ویi جوان بوو.

(40) * ب) وێنەیێ ئازادیi ب خۆi جوان بوو.

لێرەدا دەبینین کە نموونەکانی سەرەوە ئەنجامەکانمان دەسەلمێنن، بەلام لە ڕوونکردنەوەی نموونەی(41) چۆن دەبێت؟

(41) ب خۆi ئازادi دڤێت.

لە نموونەی سەرەوە (ئازاد)و (خۆ) خاوەنی نیشانەی هاوبەشن و جگە لەوەش بۆ گەڕانەوەی (خۆ) لە هەمان لاڕستە سنووردار دەبێت. ئایا بە پێی نموونەی سەرەوە دەتوانین بڵێین ڕستەی (41) ڕێزمانیە؟ هەڵبەت وەلام نادروستە دەبێت، لە بەر ئەوەی(ئازاد) زاڵ نییە بەسەر(خۆ)دا، کەواتە ناتوانێت ببێتە بۆگەڕاوەی ئەو.

پێش ئەوەی بەلای ڕوونکردنەوەی سنوور (کۆت) دانانی بەستنەوە (مەودای ئاسەواری) بڕۆین وا چاکە ئاماژەیێکیش بە دابەشبوونی جێناوی هاوبەش بکەین.

لاسینك بەخستنەڕووی هەندێ نموونە نیشاندەدات کە دابەشبوونی جێناوەکانی هاوبەش لەگەڵ دابەشبوونی جێناوەکانی خۆیی یەکسانن (Lasnik, 1988: 49).
لێرەدا بەخستنەڕووی هەندێ نموونە لە زمانی کوردیدا ڕاستی ئەنجامەکانی هەڵدەسەنگێنین:

(42) أ- ئەوانi ئێکدوو(دی)i دڤێتن.

ب- وێنەیێن وانi ژ ئێکدوو(دی)i جوانتر بوون.

* ج- ئەوi هزر دکەن کۆ ئازادی ئێکدوو(دی)i دڤێت.

د- دایکێنi وانj ئێکدوو(دی)i/j دڤێتن.

* هـ- ئێکدوو(دی)i ئەوانi دڤێتن.

(تێبینی دەکرێت کە لە ڕستەی(د)دا تەنیا بەلێکدانەوەی(j) ناڕێزمانی دەبێت).

بەراوردی ئەم نموونانە لەگەڵ ئەو نموونانەی کە تاکو ئێرە لە بارەی جێناوی خۆیی پیشاندراون ڕاستی بۆچوونی لاسینك دەسەڵمێنن.

لە بەشی داهاتوودا لە بارەی ئەم کێشەیە زیاتر دەدوێین.

یەکێ لە بابەتە بە گرفتارەکان لە تیۆری بەستنەوەدا، دانانی سنوور(کۆت- مەرج)ی بەستنەوەیە. لە پێناسەی سنووربۆدانانی بەستنەوەدا هەندێ کێماسی هەیە. لەوەی کە زمانە جیاوازەکان لە ڕوانگەی سنوور(کۆت- مەرج) دانانی جێناوەکانی

خۆیی و هاو بەش و کە سی لە گەڵ یەك جیاوازیی یان هە یە لە ێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، ئایا ئەم سنووردانانە بە ناوی گۆڕاو لە بەرچاو بگرین کە با یەخی لە زمانێك بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت یان ئەوەتە دەبێ پێناسەیەکی نەگۆڕ بخەینەڕوو؟

ئەگەر وەڵامی بەشی یەکەمی پرسیار ئەرێنی بێت پرسیاری تر دەخرێتەڕوو. بۆ نموو نە، چۆن دە توانرێ بەها جیاوازە کانی ئەو بگۆڕە ئا شکرا و پێنا سە بکەین؟ پەیوە ندی ن ێوان ئەم بەهایا نە چییە؟ و بەچ شێوەیەك فێر بوونی زمانێکی تایبەت شارەزایی لە بەهای ئەو بگۆڕە لەو زمانەدا پەیدا دەکات؟ لەگەڵ بوونی ئەم و مژێك لەم کێشەیەدا کەسانێکی وەك yung 1983، Harbert 1991، 1986، Korter 1987، Veksler 1987, Manzini و چەندانی تر هەمان بۆچوونیان هەبووە و لەسەر ئەم بناغەیە کاریان کردووە (Harbert, 1995: 195)، بەڵام ئەگەر وەڵامی بەشی دووەمی پرسیار ئەرێنی بێت چ دەبێت؟ ئایا دەرفەتی پێناسەیێکی نەگۆڕ لە ئارادا هەیە؟

رۆس–Ross (1967) یەکێ لە زمانەوانەکانی قوتابخانەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەیە کە لە نامەی دکتۆراکەی بە ناونیشانی مەرجەکانی سەر ڤاریابڵەکان لە سینتاکسدا– Constraints on variablesin syntax هە ندێ سنوور(مەرج)ی سینتاکس دەنا سێنێت و ئەم سنوور و مەرج دانا نە بە(دوورگەیی رۆس)[1] ناوبانگی دەر کردووە ( میر عیر مادی، 1386: 222). دوای ڕۆس، چۆم سکی(1973) چەند مەرجێکی بۆ سنووری بەستنەوە پێشنیاز کرد. یەکێ لەو مەرجا نە، مەرجی ڕستەی دەمکاتی[2] بوو (مقدم، 1386: 410). سەرنج بدە نە ئەم نموونا نەی خوارەوە کە لە زمانی ئینگلیزییەوە هەڵبژێردراون:

a- John belives himself to like Bill.

أ) جۆن لەو بڕوایەدایە، کە خۆی حەزی لە بێڵە.

*b- John belives him to like Bill. (43)

ب) جۆن لەو بڕوایەدایە، کە ئەو حەزی لە بێڵە.

---

[1] Ross`s Islands.

[2] The tensed sentence condition (TSC).

لە سەرچاوەکانی تری چۆمسکی ئەم مەرجە بە ناوی مەرجی دورگەیی هەواڵ PIC = Island Condition خرا یەڕوو (1977: 73، 74؛ a 1980: 7) و دوای ئە مە بە( مەرجی دوورگەیی بکەری NIC = Nominative Island Condition ناوی وەرگرت (Chomsky, 1980a: 13; 1981: 195).

ڕێزمانی بوونی(a43) و ناڕێزمانی بوونی(b43) ئەو ئەنجامانەی کە ئێمە پێشتر دەر بارەی سنووردانانی بە ستنەوەی جێ ناوی خۆیی هاو بەش و جێ ناوی کە سی بەدەستمان هێنابوو دەخا تە ژێر پرسیارەوە، چونکە ئەوەی کە دەبینین، بۆگەڕاوەی جێناوی خۆیی(himself) کەوتووتە دەرەوەی ئەو لاڕستەی کە تێدا هاتووە و لە گەڵ ئەمە شدا ڕستەکە ڕێزمانییە، لە لایەکی تر جێناوی کە سی(him) بە لاڕستەی خۆی نەبە ستراوەتەوە، بەڵام ڕ ستە ناڕێزمانی یە. نموو نەکانی(44) بارودۆخە کە ئاڵۆزتر دەکەن.

* a- Johni believes that himselfi likes Bill. (44)

أ) جۆنi لەو بڕوایەدایە کەوا خۆیi حەزی لە (بێڵ)ە.

b- Johni believes that hei like Bill.

ب) جۆنi لەو بڕوایەدایە کەوا ئەوi حەزی لە (بێڵ)ە.

(مقدم، 1386: 473)

چۆمسکی مەرجی ڕستەی کاتی(دەمکات) بە ناونیشانی ڕێگا چارەی ئەم کێشە ئاڵۆزە خستەڕوو. بەم شێوەیە ئەنجامێکی نوێ بەدەست هات:

1- جێناوی خۆیی دەبێ لە ناو لاڕستەی بچووکی کاتیدا بەستراوەبێت.

2- جێناوی کەسی دەبێ لە ناو لاڕستەی بچووکی کاتیدا ئازادبێت.

(Chomsky, 1973: 237)، بەڵام تاکو ئێرە کێشە لەم پێناسانەدا هەر ماوە. سەرنج بدەنە نموونەکانی خوارەوە:

(45) * أ- ئازادi هزر دکەت، کو نەوزادی خۆi دڤێت.

ب- ئازادi هزر دکەت، کو نەوزادی ئەوi دڤێت.

بەپێی بۆچوونەکانی سەرەوە ڕستەی(45 أ) دەبێ ڕێزمانی بێت، چونکە (خۆ) لە ڕستەی دەمکاتی کە هاتووە بە ستراوەیە و ڕستەی(45 ب)ش دە بێ ناڕێزمانی بێت، لەبەر ئەوەی لە ناو لاڕستە کاتییەکەدا بەستراوەتەوە. لە کاتێکدا پێچەوانەی ئەم بابە تە ڕاستە.

چۆمسکی (1973) لەو بڕوایەدا بوو کە جیاوازی نێوان(a43)و (45 أ) لەبەر ئەو کێشەیە کە لە (45 أ) بکەری لە نێوان بۆگەڕاوە و جێناو نێوا نەی تێکەوتووە، بەڵام لە(a43) ئەم بابەتە بوونی نییە. بەم شێوەیە چۆمسکی مەرجی دووە می سنووردانانی بەستنەوە بە ناونیشانی مەرجی بکەری تایبەتیی[1] دەخا تەڕوو کە: (تا ئەو شوێنەی

[1] The specified subject condition (SSC).

که پەیوەندی بە مەرجەکانی بەستنەوەوە هەیە بکەر ناتوانێت لە نێوان بۆگەڕاوە و جێناو نێوانە تێبکات (Chomsky, 1973: 69)، بەڵام چ کاتێك بکەر لە نێوان بۆگەڕاوە و جێناو نێوانە دروست دەکات؟

**بەپێی بۆچوونی چۆمسکی:**

(A لە نێوان B و y نێوانە تێدەکات ئەگەر A بەسەر y زاڵ بێت و بەسەر B زاڵ نەبێت) (Chomsky, 1973: 72). بە پێی ئەم مەرجە هیچ یا سایەك ناتوانێت لە نێوان x و y لە پێکهاتەی خوارەوەدا پەیوەندی دامەزرێنێت (Culicover, 1997: 63)

… x … [a…z …wyv …] …

Z بکەری تایبەتی wyv لە ڕۆنانی A دەبێت

(46) نەوزادی [کو ماف هەیە]، دڤێت دەنگێ بدەت.

بەم شێوەیە ئەگەر بما نەوێت پێنا سەیەکی تەواو و ڕاست لە سنووربۆدانانی بەستنەوە پیشان بدەین دەبێ مەرجەکانی سەرەوە لەبەرچاو بگرین.

لاسینك نموونەی تری لە کاریگەری مەرجی بکەری تایبەتی لەسەر سنووردانانی بەستنەوە دەخاتەڕوو:

a- John**i** likes Mary's pictures of him**i**.

* أ) جۆنi حەزی لە وێنەکانی مارییە بۆ ئەوi.

(47)

*b- John**i** likes Mary's pictures of himself**i**.

ب) جۆنi حەزی لە وێنەکانی مارییە بۆ خۆیi.

(Lasnik, 1988: 37).

لە نموونەکانی سەرەوە (Mary) دەتوانێت بە ناونیشانی بکەری فرێزی ناوی دابنرێت کە سەرەی (Pictures)ـە، وە لە نێوان (John) و (him) یان (himself) نێوانە دروست بکات. ئەگەر وردبینەوە دەبینین کە (Mary) بەسەر (him) یان (himself) زاڵە، بەڵام بەسەر (John) زاڵ نییە.

خاڵێك کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە لە زمانی کوردیدا لە بەرامبەر ئەنجامی ڕستەی یەکەم ناڕێزمانییە چ جێناوی کەسی (ئەو) بۆ (جۆن) بگەڕێتەوە چ بۆ (مێری)، بە پێچەوانە ئەنجامی ڕستەی دووەم ڕێزمانییە چ (خۆ) بۆ (جۆن) بگەڕێتەوە چ بۆ

(مێری). کەوا تە دە توانین بڵێین کە مەرجەکانی سنووردانان، لە تەواوی بارەکان، جێبەجێ کردنیان بەسەر زمانی کوردی گونجاو نییە.

بە لەبەرچاوگرتنی دەستکەوتەکان و ئەنجامەکانی سەرەوە لە ساڵی(1981) چۆمسکی پێناسەیکی سنووردانانی بەستنەوە کە ئەو بە(کاتیگۆری دەسەڵاتدار[1]) ناوی دەبات. کاتیگۆری دەسەڵاتدار بەو شێوەیەی کە چۆمسکی لە کتێبەکەی خۆیدا باس دەکات بەم جۆرەی خوارەوەیە:

1- (A) کاتیگۆری دەسەڵاتدار بێت و (B) لەخۆبگرێت.

2- بۆ(B) دەسەڵاتدارێ هەبێت.

3- (A) یان لە کاتیگۆری ناو بێت یان لە کاتیگۆری ڕستە (Chomsky, 1981: 181).

ئێستا ئەگەر لێکۆڵینەوە لەسەر نموونەی (a43) بکەین بە پێی ئەو پێناسەی سەرەوە، دەبینین کە ئێمە بە شێوەیەکی ڕاست بۆی چووین، چونکە ڕستەیی کە خاوەنی (himself)و دەسەڵاتدارێ بۆ ئەو هەبێت، نییە. دەسەڵاتدار بۆ (himself) کاری (belives)ە: کەواتە لاڕستەی ناوەکیی (تەواوکەر) کە هەم خاوەنی (himself) بێت و هەم دەسەڵاتداری ئەو، هەمان لاڕستەی سەرەکییە. لەم سنوور(کۆت)ی بەستنەوەدا، جێناوی خۆیی بە هۆی (John) دەبەسترێتەوە، هەروەها بە پێی ئەم پێناسەیە (a43)مان بە دروستی ڕەتکردووە، چونکە لەو ڕستەیەدا، (him) لە ناو کاتیگۆری دەسەڵاتداری خۆیدا بەستراوە بوو.

بەپێی ڕاستی نوێ، بنەمای بەستنەوە بەم شێوەیە گۆڕانی بەسەردا هاتبوو:

أ- ئەنافۆر دەبێ لە چوارچێوەی کاتیگۆرییە دەسەڵاتدارەکەیدا بەستراوە[2] بێت.

ب- جێناوی کەسی دەبێ لە چوارچێوەی کاتیگۆرییە دەسەڵاتدارەکەیدا ئازاد بێت.

ج- دەربڕی ئاماژەیەکان دە بێ لە هەموو شوێنێکدا ئازاد بن (Culicover, 1997: 67)، بەڵام لە هەمان ساڵی(1981) چۆمسکی لە کۆمەڵە (وتارەکانی دەربارەی دەسەڵات و بەستنەوە) پێناسەی کاتیگۆری دەسەڵاتداری بەم شێوەیە گۆڕی:

(A) بۆ (B) بە کاتیگۆری دەسەڵاتداری دادەنرێت ئەگەر تەنها ئەگەر:

1- (A) کاتیگۆری دەسەڵاتدار بێت و (B) بگرێتە خۆی.

2- (A) بۆ (B) بە دەسەڵاتدار دابنرێت.

---

(1) Governing category.

(2) Bound.

3- **بکەری**[1] لەبەر دەستی(B)دا هەبێت (Chomsky, 1981: 211).

کەوا تە لە یا سای سەرەوە (B) هەم دەتوانێت جێناوی کەسی بێت و هەم جێناوی خۆیی و هاوبەش. هۆی ئەوەی کە چۆمسکی یا سای پێشتری خۆی گۆڕی گشتگیر نەبوونی یاسای پێشتر و گشتگیربوونی زیاتری یاسای نوێ بوو. مەبەست لەبەردەست بوونی بکەر و یان بکەری بەردە ست ئەو جۆرە بکەرە یە کە بتوانێت لە گەڵ کاتیگۆریەکی تایبەت هاونیشانە بێت. لە ڕاستیدا مەبە ستی چۆمسکی لە بکەری بەردە ست لێرەدا هەمان مەرجی بکەری تایبە تە کە پێشتر لە سنوور(کۆت) دا نانی بە ستنەوە ئاماژە مان پێدا. چۆم سکی لە سەر ئەم یا سایە دوا یی مەرجێکی تری زیادکرد. بەم شێوەیە کە:

(A) بۆ (B) بە **بکەرێکی** بەردەست دادەنرێت، ئەگەر لە هاونیشانەداناندا[2] هیچ یەك لە بنەماکانی ڕێزمانی ڕەت نەکاتەوە (میر عیمادی، 1386: 245). سەیری ئەم نموونەی خوارەوە بکەن:

(48) ئازادi خۆj نابینیت.

لەم ڕستەیەدا کاتیگۆری دەسەڵاتداری هەموو ڕستەیە و هەر وەك دەبینین (ئازاد) لە گەڵ(خۆ) هاونیشانەیە، کەوا تە بە بکەری دادەنرێت، بەڵام هوانگ لەو بڕوایەدا یە سەربەست بوونی جێناو لە پەیوەندی لەگەڵ بکەری بەردە ست پێویست نییە. کەوا تە یاسای چۆمسکی بەم شێوەیە گۆڕانی بەسەردا هێنا:

(A) بۆ (B) بە کاتیگۆری دەسەڵاتداری دادەنرێت ئەگەر و تەنها ئەگەر:

1- (A) کاتیگۆری دەسەڵاتداری (B) بێت.

2- بۆ (B) دەسەڵاتدارێ هەبێت.

3- **بکەر** لە بەردەستدا هەبێت.

4- وە ئەگەر (B) بە شێوەی جێناوی خۆیی بێت بە ڕاستی بکەرێ لە بەر دە ستی ئەو بێت. (Huang, 1983: 554-561).

لە ڕ ستەیێکی وەك (وێنە یەك ژ وان گرت) فر یێزی ناوی (وێنە یەك ژ وان) بۆ جێ ناوی (وان) بەکاتیگۆر یەکی دە سەڵاتدار دادەنر یێت، بەڵام لەم سنوورە ئامرازی پەیوەندی (ژ) بەسەر جێناوی (وان) دەسەڵاتدارە. کەواتە ناوی(وێنەیەك) ڕۆڵی بکەری

[1] لێرەدا بکەر بە پیتی تۆخ دەخەینەڕوو تا لە بکەر(Subject)ی کە پێشتر ناسراوە جیابکەینەوە.

[2] Co-indexing.

(بەردەست)ی هە یە، بەڵام لە بەر ئەوەی (وان) جێناوە پێویستی بەو بکەرە نییە (میر عیمادی، 1386: 246).

تاکو ئێرە ئاماژەی ئێمە بە سنووردانانی کاری جێناوەکانی خۆیی و هاوبەش و جێناوی کەسی بوو. هەروەکو پێشتریش با سمان لێوەکرد تیۆری بە ستنەوە سێ دەستەی فەرهەنگی ئاشکرا دەخاتەڕوو. گروپی سێیەم کە تاکو ئێستا باسمان لێوە نەکردووە دەربڕی ئاماژەییەکانن. کاری سنووردانانی دەربڕی ئاماژەدییەکان لە کاری هەردوو کاتیگۆرییەکەی تر جیایە، هەروەک دەزانین ئەنافۆر و جێناوی کەسی پێویستیان بە بۆگەڕاوێك هەیە، بەڵام دەربڕی ئاماژەدییەکان پێویستیان پێ نییە[*].

بڕوانە ئەم نموونەی خوارەوە:

(49) * جووتیاری‌i جووتیاری‌i دیت.

لە نموونەی سەرەوە دەردەکەوێت کە ناو وەکو جێناو ناتوانێت لە کاتیگۆرییە دەسەڵاتدارییەکەی خۆیدا بەستراوەبێت. نموونەکانی(50) ئەوە نیشان دەدەن کە ناو ناتوانێت لە هەندێ پێکهاتەدا دابنرێت، کە جێناو دەتوانێت دەرکەوێت.

* a- John$_i$ thinks John$_i$ likes Mary. (50)

* أ) جۆن‌i لەو بڕوایەدایە، جۆن‌i حەزی لە مارییە.

b- John$_i$ thinks he$_i$ likes Mary.

ب) جۆن‌i لەو بڕوایەدایە، ئەو‌i حەزی لە مارییە.

* c- John$_i$ thinks Mary likes John$_i$.

*ج) جۆن‌i لەو بڕوایەدایە، ماری حەزی لە جۆنە‌i.

d- John$_i$ thinks Mary likes him$_i$.

د) جۆن‌i لەو بڕوایەدایە، ماری حەزی لە ئەوە‌i.

.(Culicover, 1997: 60)

هەروەکو دەبینین نموونەکانی سەرەوە لە زمانی ئینگلیزییەوە هەڵبژێردراون و زمانی کوردیش لە دیالێکتی (ك.ژ) لەڕووی جێناو پارێزییەوە لەم زمانە دەچێت، واتە ئەم دیالێکتەی (ك.ژ) ڕێگە بە لابردنی بکەر نادەن و دەبێ شوێنی بکەر لە ڕستەیەکی تەواودا هەمیشە پڕکراوبێت، بەڵام هەندێ زمان و دیالێکتی تر ڕێگە بە لابردنی بکەر دەدەن وەکو دیالێکتی (ك.ن) (سلێمان، 2007: 145). (لە بارەی ئەم کاتیگۆرییەوە لە

[*] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (میر عیمادی، 1386: 264-265).

بابەتەکانی داهاتووی ئەم بەشە زیاتر باسی لێوە دەکەین). بەم جۆرە ڕستەی(b50) لە ز مانی ئینگلا یزی د یالێکتی (ک.ڤ) ڕێزمانی یە، بەڵام لە د یالێکتی(ک.ن) دەتوانر یٚت جێناوی کەسی لە لاڕستەی دووەم لابرێت، بەم شێوەیە:

جۆن لەو بڕوایەدایە حەزی لە مارییە.

واتە پێویست بە سوودوەرگرتن لە جێناوی(ئەو) نییە.

کەوا تە بۆ ئەم مەبە ستە، وا تە دەر بڕی ئاماژەدیەکان (R-expressions) دە بێ بنەما و یاسایێکی جیا بخرێتەڕوو. بنەمای خوارەوە کە پێشتریش ئاماژە مان پێدابوو بۆ بەدەست هێنانی ئەم ئامانجە پێشنیازکراوە:

3– دەربڕی ئاماژەییەکان دەبێ سەربەست بن.

.(Chomsky, 1986a: 166)

هەروەك ئا شکرایە جێ بەجێ کرد نی ئەم یا سایە دەبێ تە هۆی ڕەتکرد نەوەی تەواوی ئەو بابەتە نەگونجاوانەی کە تاکو ئێستا دەخرانە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بەڵام دیسانەوە مەرج نییە ئەم یاسایە بەسەر هەموو زمانەکا ندا جێبەجێ بکرێت، بۆ یە ئەم یاسایەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هە یە، لە بەر ئەوە لە درێژەی ئەم با سەدا جارێکی تر ئاماژەی پێدەکەین و ئەگەر پێویست بکات چاکی بکەینەوە.

تیۆری بە ستنەوە جگە لە جێناوە کان و فرێزە کانی ناوی با بەتێکی تریش لە خۆدەگرێت کە لە چوار جۆر فریز پێکهاتووە کە ئەویش کاتیگۆری بەتاڵە و یەکێکە لەو چەند کەرەستە ئەبستراکتانەی، کە هیچ دەرکەوتنی فۆنەتیکی ئا شکرایان نیە، بەڵام لە ڕستەدا شوێنی فرێزە ناوییە دیاریکراوەکان پڕدەکەنەوە (Trask, 1993: 90)، کە ئەمانەی خوارەوەن:

أ) ئاسەواری فرێزی ناویی–NP-trace

ب) PRO (پرۆی گەورە).

ج) Pro (پرۆی بچووك).

د) ئاسەواری وشەی پرسیار Wh-trace (Ibid: 90). ئەم کاتیگۆرییە بەتاڵانە بە پێی سیماکانی [± ئەنافۆریی] و [± جێناوەیی] بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبن:

أ– ئاسەواری فرێزی ناویی [+ ئەنافۆر، – جێناو]

ب– PRO [+ ئەنافۆر، + جێناو]

ج– Pro [– ئەنافۆر، + جێناو]

د– ئاسەواری وشەی پرسیار [– ئەنافۆر، – جێناو] (Cowper, 1992: 166).
دەتوانین ئەم کاتیگۆرییانە بەم شێوەی خوارەوە بخەینەڕوو:

**أ– ئاسەواری فرێزی ناویی: [P– ،A +] NP-trace**

فینگۆ لە وتاری خۆیدا لە بارەی تیۆری ئاسەواری دانانەدا–on trace theory، ئەم بۆ چوونە دەخاتەڕوو کە جوولانەوەی هەر فرێزێکی ناوی لە ڕۆنانی ژێرەوە ئاسەواری لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵێت کە ئەم ئاسەواریە لە ڕۆنانی سەرەوەشدا دەردەکەوێت. ئەم ئاسەواریە لەگەڵ فرێزە ناوییە جووڵێنراوەکە هاونیشانەیە ( میر عیمادی، 1386: 149)و (Fiengo, 1977: 35-62)، یاخود بە واتایەکی تر هەندێ لە پێکهێنەکانی ڕستە، لە ڕۆنانی ژێرەوەیاندا، شوێنە بنەڕەتییەکانی خۆ یان بەجێدەهێڵن و دەگوازرێنەوە بۆ شوێنی تر. ئەم پێکهێنانە دوای گواستنەوە(جوولاندن) یان بۆ ئەو شوێنانە، ئاسەواریەکی بەتاڵ لە دوای خۆیاندا بەجێدەهێڵن. ئەم شوێن پێیانە لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بەدەرناکەون؛ بەڵکو لە ڕۆنانی سەروەی ڕستەدا و لە دوای جوولاندنی(a) وە بەرهەم دێن، پێکهێنە جوولاوەکە و ئەو ئاسەواریەی کە لە دوای خۆیدا بەجێی دەهێڵێت، هەمان نیشانەیان دەدرێتێ، واتە هاونیشانە دەبن (محەمەد، 2006: 128). لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە ئاسەواری فریزی ناوی لە چ جۆرێکە؟ بۆ وەلامی ئەم پرسیارە سەیری ئەم نموونەی خوارەوە بکەن:

(51) ئاریi ti بریندار بوو.

ئەم ڕستەیە لەڕووی فۆرمەوە تەواوە. لەم ڕستەیەدا ( ئاری)و ئاسەواریەکەی هاونیشانەن و ئەگەر لە گواستنەوە(جوولاندن)دا پێویست بە نیشانەدانان هەبێت، ئێمە دەستبەجێ بابەتێکمان دەستدەکەوێت کە: ئاسەواریە جووڵێنراوەکە فرێزی ناوی ناتوانێت دەربڕی ئاماژەیی بێت، چونکە لەو کاتەدا بنەمای سێیەمی بەستنەوە، ڕەتدەکرێتەوە و بە ڕستەی ڕێزمانی دانانرێت، هەروەها دەتوانین بڵێین ئاسەواری فرێزی ناوی جێناوی کەسیش نابێت، چونکە لە نموونەی سەرەوە ئاشکرایە، کە فرێزی ناوی لە کاتیگۆرییە دەسەلاتدارەکەی خۆیدا بەستراوەیە. کەواتە ئەو ئەنجامە بەدەست دێت کە ئەو ئاسەواریە لە جۆری جێناوی خۆییە و پشتگیری لە بنەمای یەکەم دەکات، بە واتایەکی تر ئاسەواری فرێزی ناوی ئەنافۆرە، کەواتە دەبێ پەیڕەوی

بنەمای یەکەمی تیۆری بەستنەوە بکات، واتە دەبێ بەستراوە بێت بە کاتیگۆریە دەسەلاتدارەکەی.

**ب– PRO (پرۆی گەورە) [A + ،P +]**

بەپێی بنەمای جێکەوتەدانان ئەو کاتیگۆرییە کە لە ڕستەدا بوونیان هەیە، واتە لە ڕووی سینتاکسییەوە چالاکن، بەلام لە ڕووی فۆنەتیکییەوە بەتالن (Chomsky, 1986a: 84)، کەواتە لە ڕاستیدا بەتال نین. سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکەن:

(52) أ) ئەز حەزدکەم [e وە ناس بکەم]

ب) ئەوان دڤێتن [e ئێکدوو ببینن]

(e نیشانەی کاتیگۆری بەتالە)

بەپێی بنەمای پێوەری سیتاکە لە تیۆری چۆمسکی(1981) خراوە تەڕوو (ئێکدوو ببینن) لە (52 ب) گوزارەیێکە کە پێویستی بە بکەرێك لەگەل ڕۆلی سیتا هەیە. کەواتە لە شوێنی بکەرەکەی دەبێ فرێزێکی ناوی A-Position ( ئاراگۆمێنتی شوێنی) هەبێت کە ئەم ڕۆلەی سیتا قبوول بکات، بەلام بکەری لاڕستەی سەرەکی نەتوانراوە بجوولێنرێت. لەبەر ئەوەی شوێنی لاڕستەی سەرەکیش شوێنێکی سیتاڕۆلە. کەواتە ئەگەر فرێزی ناوی ناتوانرێت بجوولێنرێت، ئێمە نەك تەنیا لەگەل شوێنپێ بەلکو لەگەل چەند جۆرێکی جیاوازی لە کاتیگۆری بەتال ڕووبەڕوو دەبینەوە کە چۆمسکی بە(PRO) ناوی دەبات و هەندێ جار بە(big pro) (واتە بکەری بەتال) ناودەبرێت (Cook, 1988: 222)، بەلام دابەشبوونی (PRO) بە چ شێوەیێکە؟ ئاماژە مان پێدا کە(PRO) فرێزێکی ناوی ئاڕگۆمێنتی شوێنی (A-Position )ـە. کەواتە چاوەڕێ دەکرێت کە لە هەر شوێنێ کە ڕۆلی سیتای بدرێتە پال دەرکەوێت، بەلام نموونەکانی خوارەوە پیشاندەدەن کە لەبەر هەندێ هۆکار ئەمە بەدی ناهێت.

* أ) PRO دخۆت.

(53) * ب) من دگەل PRO نان خوار.

* ج) من گەلەك PRO دڤێت.

* د) t PRO بریندار بوو.

ڕستەکانی سەرەوە هەر چەندە لەگەل پێوەری ڕۆلی سیتا یەکسانن، بەلام ناڕێزمانین. هۆی ئەمە چییە؟ دوو بۆچوون لە بارەی دابەشبوونی PRO هەیە کە لێکۆلینەوە لەم دوو بۆچوونە وەلامی سەرەوەمان دەست دەکەوێت. لە بۆچوونی

یەکەمدا پێیان وایە کە PRO نابێت دۆخ وەربگرێت. بوچارد–Bouchard (1983: 41) یەکێکە لەو کەسانەی کە پێی وایە کاتیگۆری بەتاڵ پەیوەندی بە تیۆری دۆخەوە هەیە، ئەو لەو بڕوایەدایە کە لە جیاتی ڕازی بوون بە لقە تیۆرێکی جیا کە تەنها مەبەستی شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان (بەتاڵ) و بۆگەڕانەوەکەیتی وا چاکە ڕەفتاری بەتاڵ بە بنەما یەکی سەربەخۆ و جیا لەم تیۆرە بزانرێت. بنەما یەکی بە ناونیشانی(بنەمای پێکهێنی فەرهەنگی[1]) بەم شێوەی خوارەوە پێشنیاز دەکات کە ئەم بنەمایە تویژینەوە لە فۆرمی فۆنۆلۆژی دەکات:

((ناوێك کاتێك دەتوانرێت بە فەرهەنگی دابنرێت کە لە (فۆرمی فۆنۆلۆژی) ئەو ناوە تایبەتییەکانی ( کەس، ڕەگەز و دۆخ)ی تێدا هەبێت. بە پێی ئەم پێناسەیە، (فۆرمی فۆنۆلۆژی) هەموو ناوەکانی فەرهەنگی کراو ئەو تایبەتیانەی سەرەوەی هەیە. کەواتە( بەتاڵ) تەنیا لەو شوێنانە دەتوانێت دەربکەوێت کە نەتوانرێت (دۆخ)ێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت)).

لە ڕاستیدا لە تیۆری بۆچارد تەنیا یەك کاتیگۆری بەتاڵ هەیە و تایبەتییەکانی دەوروبەر و پێکهاتە دیاری دەکات کە تێیدا هاتووە. ئەگەر (PRO) لە سنووری خۆیدا بەستراوە بێت (جێناوی خۆیی)ـە و ئەگەر لە سنوورەکەیدا ئازاد بێت ئەوە (جێناوی کەسی)یە (میر عیمادی، 1386: 275).

جگە لە بۆچارد–Bouchard کە سانی تریش وەك Sportiche 1982، Manzini 1982، Koster 1984، Hestvik 1990 تایبەتمەندییەکانی دابەشبوونی PRO دەگەڕێنەوە بۆ نەبوونی دۆخ، بەڵام بە پێی بۆچوونی ئەوان تایبەتمەندی بۆگەڕاوەیی PRO پشتگیری لە بنەمای یەکەمی تیۆری بەستنەوە دەکات (Harbert, 1992: 218)، بەڵام ئەم بۆچوونەش ڕەخنەی لێدەگیرێت. لسینك–(Lasnik, 1988: 50) نموونەیەك بۆ ئەم مەبەستە دەخاتەڕوو:

* a- I like very Much Bill. (54)

* أ) من حەزدکەم زۆر زۆر لە بێڵ.

بە پێی بۆچوونی ئەو ڕستەی سەرەوە ناڕێزمانییە، چونکە فرێزی ناوی Bill بەهۆی دووربوونی لە کاری like ناتوانێت دۆخ وەرگرێت. کەواتە ئەگەر کاتیگۆری بەتاڵ بتوانێت لە جێگایێك کە دۆخ وەرناگرێت جێگیر بکرێت، واتە PRO لە جیاتی

---

[1] Principle of lexicalization.

Bill دا بنین دە بێ ڕ ستەی بەر هەم هاتوو تەواو و ڕێز مانی دبێت، بەڵام لەم جێگیر کردنەدا ئەو ئەنجامەی کە مەبەستمانە بەدەستەوەنادات.

* b- I like very Much PRO. 

* ب) من حەزدکەم زۆر زۆر لە(جێناوی کەسی) PRO

هەندێ لە زما نەوانانی تر پێیان وا یە کە دا بەش بوونی PRO پەیوەندی بە دەسەلاتدارییەوە هەیە بۆ نموو نە چۆمسکی دەڵێت کە دابەشبوونی PRO پشتگیری لە تیۆری بەستنەوە دەکات بە پێی ئەم بۆچوونە PRO هەم جێناوی کەسییە و هەم ئەنافۆرە و ڕە چاوی بنەمای(1) و (2)ی تیۆری بە ستنەوە دە کات. ئە مەش ما نای ئەوە یە، کە PRO دەتواذ ێت لە ناو کاتیگۆرێ یە دە سەلاتدارەکەی خۆ یدا هەم بەستراوەبێت و هەم ئازادیش بێت (Chomsky, 1986b: 124-131)، ئاشکرایە کە لەم لێکدانەوە یدا جۆرێ دژ یەکی بۆ تیۆری بە ستنەوە درو ست دە کات و ئەم دژیەکییەش کاتێ لەناو دەچێت ئەگەر کەرستەی(بەتاڵ) هیچ دە سەلاتدار(حوکمکەر)ی نەبێت و کاتیگۆرێ یەکی بەدە سەلاتیش نەبێت (Cook, 1988: 232)، لە بەر ئەوە چۆمسکی دوای ساڵی(1986) تیۆری پێشووی خۆی لە بارەی PRO بەم شێوەیە گۆڕی کە دابە شبوونی PRO کەوتوو تە ژ ێر کاریگەری بنەمای بە ستنەوە، بەڵام تایبەتمەندییە بۆ گەڕاوەییەکەی دەبێ لە دەرەوەی ئەم تیۆرە بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە. لقە تیۆرێك کە چۆمسکی لەم بارەوە دەخا تەڕوو (جێناو فریدەر) بوو. تیۆری(جێناو فرێدەر) پەیڕەوی بنەمای یەکەمی تیۆری بەستنەوە دەکات (Harbert, 1992; 219)، بەڵام PRO هەندێ جار پێویستی بە بەستنەوەی بە خۆرتی هە یە و هەندێ جار ئەم پێویستییە هەست پێ ناکرێت.

a- John$_i$ wants PRO$_i$ to go. 

أ) جۆن$_i$ دەیەوێت PRO$_i$ بڕوات.

b- It is PRO to go. (55)

ب) ئەوە PRO دەڕوات.

لە نموونەی(a55) PRO لە ناو کاتیگۆرییە دەسەلاتدارەکەی خۆیدا بە ستراوەیە و دە بێ لە گەڵ (John) هاونیشانە بێت. کەوا تە بکەری کاری (togo)ش هەمان(John)ە (واتە PRO بۆ گەڕاوەی بینراوی هە یە) لە کاتێکدا لە(b55)، PRO بۆ دەرەوەی کاتیگۆرێ یە دە سەلاتدارەکەی دەگەڕێ تەوە، کەوا تە بە ئارەزووی دەبەسترێتەوە. (واتە بۆگەڕاوەی بینراوی نییە).

له شێوازی کر مانجی سەروودا کارە کۆنترۆڵ کەرەکان هەمیشە لاڕستەیەکی خاوەن کار وەکو تەواو کەر وەردە گرن کە دە شێ بکەری ئەم لاڕستانە لا بدرێ (Barwar, 2004: 144)، بەواتا یەکی تر ئەگەر بکەر و فرمان هەردوو ڕستە سادەکانی ناو ڕستە سادەکانی ناو ڕستە لێکدراوەکە وەك یەك و هاومەبەست بن، بۆ ئەوەی دو بارە نەبنەوە لادە برێن. ( شوانی، 1997: 102,92). وەك ئەم نموونا نەی خوارەوە:

(56) أ. ئەز هاتم و چووم، ئەز دبێژم [ ئەز هاری وە بکەم] ← ب. ئەز دبێژم [− هاری وە بکەم] دەرکەوتنی بکەری لاڕستەی یەکەم مەرجێکی دروستی ڕێزمانی ڕستەکەیە، بەڵام بکەری لاڕستەی دووەم لەبەر ئەوەی کە لا یەن بکەری شاڕستە کۆنترۆڵ کراوە لا براوە. ئەگەر بکەری پاڕستە لە لا یەن شاڕستەوە کۆنترۆڵ نەکرێ دە بێ دەرکەوێ، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت کە بکەرەکان لە سیماکانی کەس و ژمارەدا جیاواز بن , بۆ نموونە وەك لە ڕستەی خوارەوە:

(57) ئەم هاتین وە ببینین.

لێرەدا بە لابردنی بکەری پاڕستە ڕستە لە ڕووی ڕێزمانییەوە لەنگ دەبێت.

* ئەم هاتین  ببینین.

## جـ− pro (پرۆی بچووك [+ p، − A]

Pro لەو زمانانەدا دەبینرێت کە دەرفەتی لابردنی بکەریان هەیە(1)، لەوانە زمانی ئیتاڵی و ئیسپانی و چینی (Chomsky, 1988: 64)، بەواتا یەکی تر زمانە بکەر لابراوەکان لە شوێنی بکەری سەرەکی (شاڕستە)یان بکەری ڕستەی تەواو کەر (پاڕستەدا) دەردەکەوێت (Trask, 1993: 218)، واتە بەپێی تیۆری بەستنەوە دەبێ pro پەیڕەوی مەرجی (2) جێبەجێ بکات و پێچەوانەی سیمای [+ p، +A] PRO یە کە سیمای [+ P، −A]ی هەیە pro (Chomsky, 1986a: 173). هەندێ بەڵگە ئەوە نیشان دەدەن، کە پێکهێنی گەردانیی (INFL)ی زمانەکان پەیوەندی بە دەرکەوتن یان دەرنەکەوتنی(pro)وە هەیە یەکێ لەو بەڵگانە pro زیاتر لەو زمانانەدا بوونی هەیە کە لە پێکهێنی گەردانییدا(INFL) دەوڵەمەند بێت (Barwari, 2004: 121) چۆمسکی دوو جۆر لە ڕستەی تەواوکەر جیادەکاتەوە: ڕستەی تەواوکەری کات و کەسدار، کە پێکهێنی (INFL)ێ تێدایە؛ لەگەڵ ڕستەی تەواوکەری بێ کات و کەس، کە پێکهێنی

(1) Pro drop- Languages.

گەردانیی (INFL)ی تێدا نییە. ئەمەی دوایی ڕێی دەوترێت ڕستەی تەواوکەری چاوگیی (Infinitive clause). ڕستەی تەواوکەری چاوگیی لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە، بەڵام لە زمانی کوردیدا نییە، چونکە هەموو ڕستە تەواوکەرەکانی زمانی کوردیی کات و کەسدارن (مەحوی، 2001: 164).

بە پێی بۆچوونی (سلێمان) هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێداوە زمانی کوردی دیالێکتی (ك.ژ)ش وەکو زمانی ئینگلیزی یەکێکە لەو زمانانەی کە لە هەموو کاتێك و لە هەموو بارێکدا پڕبوونی شوێنی بکەر بەفرێزێکی ناوی یان جێناو مەرجێکی دروستی ڕستەکەیە و نەبوونی ڕستەکە لە ڕووی ڕێزمانییەوە لەنگ دەکات (سلێمان، 2007: 145)، واتە ڕێگە بە لابردنی بکەر نادەن و دەبێ شوێنی بکەر لە ڕستەیەکی تەواودا هەمیشە پڕکراو بێت، وەك ئەم نموونەیە:

(58) أ- ئەم ل هەولێرێ دچینە دهوکێ.

* ب- ل هەولێرێ دچینە دهوکێ.

ئەم ڕستەیە ئەگەر وەکو ڕستەیەکی سادەی هەواڵی وترا هەڵەیە، بەڵام ئەگەر وەکو وەڵامی پرسیارێکی وەکو: هوین کێرێ را دچنە هەولێرێ؟ دروستە. ئەمەش بۆ چوار چێوەی قسەکردن و نا سیاوی و جۆری زانیاری لە نێوان قسەکەر و گوێگر دەگەڕێتەوە (س.پ: 146)، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە لە ڕستەکانی خوارەوە لادانی بکەر ڕستەکە لەڕووی ڕێزمانییەوە لەنگ ناکات، چونکە دەستەی یەکەمی جێناوەکان، جێناوی لکاو وەردەگرن.

(59) ئەز هاتم ⟸ هاتم.

(60) تو هاتی ⟸ هاتی.

(61) هوین چوون ⟸ چوون

### د- ئاسەواری جێناوی پرسیار Wh-trace [A– ،P –]

بە پێی تیۆری شوێنپێ، هەر ئایتمێك کە دەجووڵێنرێت ئاسەواری لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت کە ئەم ئاسەواریە لەگەڵ ئەو ئایتمە هاونیشانەیە. پێشتر لە بارەی ئاسەواری فرێزی ناوی باسمان کردووە. ئێستا دەمانەوێت بزانین ئاسەواری جێناوی پرسیار لە چ جۆرێکە.

بە پێی بۆچوونی چۆمسکی ئاسەواری جێناوەکانی پرسیار Wh-trace بە دەربڕی ئاماژەیی دادەنرێن، واتە دەبێ ڕەچاوی مەرجی(3)ی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە بکەن و لە ناو کاتیگۆریدا دە سەڵاتدارەکەیدا ئازاد بن و ئاماژەیەکی

سەربەخۆیان هەبێت (مقدم، 1386: 479)، (Chomsky, 1986a: 173) چۆمسکی پێی وایە لە زمانی ئینگلیزیدا جێناوی پرسیار بۆ شوێنێك دەگوازرێتەوە کە ناتوانێ ئەرکی ڕێزمانی دەستنیشان بکات، کە بە گواستنەوەی نا– ئاڕگۆمێنت(A′) وەسف دەکات، واتە گواستنەوە لە شوێنێکی خاوەن سیتاڕۆڵ و دۆخ بۆ شوێنێکی بێ سێتاڕۆل و دۆخ (Chomsky, 1981: 47). (ئەوەی شایەنی وتنە جێناوی پرسیار لە ڕستەی کوردیدا کە شوێنی نا–ئاڕگۆمێنت پڕدەکاتەوە ئەو جووڵە بە خورتەکیەی نییە، کەوا ئاسەواریەك لە دوای خۆی جێ بهێڵێ، بۆ ئەوەی جێناوە پرسەکە وەکو بۆگەڕاوەی شوێنپێکەی کار بکات و بیبەستێتەوە) (قادر، 2007: 106–107)، بە واتایێکی تر جێناوی پرس بۆ شوێنێکی تر ناگواسترێتەوە، بەڵکو تەنها لە چوارچێوەی فرێزەکەدا کردەی جێگری بە پێی مەبەستی پرسەکە ئەنجام دەدرێت.

(62) أ) <u>من</u> دوهی ل زانکۆیێ وانە خاندن.

ب) <u>کێ</u> دوهی ل زانکۆیێ وانە خاندن؟

لە (62 ب)دا جێناوی(کێ) بۆ پرسیارکردن لە بکەر بەکاردێت. کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لە ڕستەی زمانی کوردیدا ئاسەواری جێناوی پرس بوونی نییە، چونکە جوڵەیێ بە شوێنی(من) نەدراوە، بەڵکو جێناوی پرسی(کێ) کە نا–ئارگۆمێنتییە لە هەمان شوێنی(من) جێگیر دەبێ، ئەم پەیوەندی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا دەرناکەوێ، زیاتر لە زمانی ئینگلیزیدا ڕووندەبێتەوە بۆ نموونە وەك:

أ) ئەو سوهای مێوان کرد. a- She invited Suha.

(63) ب) کێ ئەوی مێوان کرد؟ b- $Whom_i$ did she invite$t_i$?

(س.پ: 107).

لە (b63)دا whom لەگەڵ شوێنی t هاونیشانەن و whom وەکو بۆگەڕاوە بۆ شوێنپێی(t) لە ڕستەدا کار دەکات و لەگەڵ (ti)یدا لە پەیوەندی بەستنەوەدان.

# بەشی سێیەم

## 3- تیۆری بەستنەوە لە زمانی کوردیدا

## 3-1- بنەمای بەستنەوە لە زمانی کوردیدا:

مەبەستی سەرەکی ئەم بەشە وەڵامدانەوەیە بۆ ئەو پرسیارەی کە ئا یا ئەوەی لە ژێر ناونیشانی بنەماو چەمکی بەستنەوەیە کە لە بەشی پێشوو ئاماژەمان پێدا بەسەر ز مانی کوردی شدا جێ بەجێ دەکر ێت بۆ ئەم مەبە ستە، دە ست بە لێکۆڵی نەوە و لێکدا نەوەی نموو نە هەڵ بژێردراوەکانی ز مانی کوردی دە کەین کە لە ئا خاوتن و نوو سیندا بەکاردێن و هەو ڵدەدەین سوود لە تەواوی جێناوە کانی ز مانی کوردی وەربگرین.

## 3-1-1- جێناوی خۆیی[تر] و هاوبەش لە زمانی کوردیدا:

ئەوەی کە لە ز مانی ئینگلیزی بە(Reflexive Pronoun) ناودەبر ێت ڕێزماننووسەکانی زمانی کوردی بە جێناوی خۆیی ناویدەبەن. هەندێکیان پێیان وا یە کە جێناوی هاوبە شیش جۆرێکە لە جێناوی خۆیی(م شکوه ا لدین، 1386: 177)، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەم جێناوانە، لە سەرەتادا تۆیژینەوە و لەگەڵ یەك بەراورد دەکر ێت بە شێوەی دوو گرو پی جودا و جیاواز و تایبەتمە ندی دابە شبوونیان و پشتگیریکردن یان نەکردنی ئەمانە لە بنەمای یەکەمی بەستنەوە. لە کاتێکدا ئەگەر ئەو ئەنجامەی بەدەست دێت پێچەوانەی بۆچوونی سەرەوە بسەلمێنێت، ئەوا بۆچوونەکە پێویستی بە چاکسازی دەبێت.

سەرنج بدە نە ئەم نموونا نەی خوارەوە کە نیشاندەری شێوەی دابە شبوونی جێناوەکانی خۆیی و هاوبەشن لە زمانی کوردیدا.

(64) أ) مەiژی بۆ خۆi پەرتووك کڕین.

ب) وانi خۆi بۆ خزمەتا خەڵکی حازرکر.

ج) تەi ب خوi ڤیا بچی.

---

[تر] جێناوی خۆیی لە زمانی کوردیدا سێ جۆری هەیە:

أ- جێناوی خۆیی بۆ جەخت کردنی بکەر(تأكيدكردن) وەکو ئەم ڕستەی خوارەوە: ئەز ب خو هاتم.

ب- جێناوی خۆیی ڕەنگدەرەوە(انعكاس) کە تیا یدا کردارەکە، یان بارەکە ڕەنگدانەوەی بەسەر بکەر و بەرکاردا دەبێ، یان بکەر و بەرکار بە هۆی جێناوە خۆییەکەوە لە یەك کەسدا کۆدەبنەوە وەکو: من خۆشویشت، خۆ دەبێتە بەرکاری من.

ج- جێناوی خۆیی خاوەندێتی: ئەمیش بۆ چڕکردنەوەی واتای خاوەندێتییە، بە جیاوازی ئەو دوو ڕستەیەی خوارەوە ڕوون دەبێتەوە: 1-خانۆ کەی من. 2- خانۆ کەی خۆم. ڕ ستەی دووەم خاوەندێتیە کە بەهێز دە کا و بێگۆمانی و تەئکیدی تێدایە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (قادر، 2006: 91).

د) زاروکینi ئاگاهداربن ئێکدیi نەهێڵن.

ە) ئەواناi ئێکدووi دڤێت.

و) [ئازادi و نەوزادi] پەرتووکێن خۆi ژ ئێکدیi وەردگرن.

هەروەك دەبینین لە (64أ) جێناوی خۆیی(خۆ) لە جێگای تەواوکار بەکارهاتووە و لەگەڵ (مە) هاونیشانەیە. لە(64ب) جێناوی(خۆ) لە شوێنی بەرکاری ڕاستەوخۆ بەکارهاتووە و لەگەڵ (وان) هاونیشانەیە لە(64 ج)، (خۆ)ڕۆڵی جەخت کردنی هەیە و لەگەڵ (تە) هاونیشانەیە. لە (64د)دا جێناوی هاوبەشی (ئێکدی) لە شوێنی تەواوکار جێگیر بووە و لەگەڵ فریزی ناوی(زاروکین) هاونیشانەیە، لە (64ه)دا ئێکدی لە شوێنی بەرکاری ڕاستەوخۆ بەکارهاتووە و لەگەڵ ئەوانا هاونیشانەیە، هەروەها لە (64و)دا (خۆ) لە شوێنی تەواوکار جێگیر بووە و لەگەڵ فریزی ناوی (ئازاد و نەوزاد) هاونیشانەیە.

ئێستا ڕستەکانی (64) لەگەڵ (65) بەراورد بکەین:

* أ) ئێکدووi وانi دڤێت.

* ب) ویi ئێکدووi دڤێت.

(65) * ج) ئازادیi ئێکدووi گەلەك دڤێت.

* د) ب خۆi ئازادi گەلەك دڤێت.

* ه) وەرن ئێکدووi ئەم کوردi بپارێزین.

بە بەراوردکردنی نموونەکانی سەرەوە دەتوانین ئەم ئەنجامە گشتییەی خوارەوە بەدەست بهێنین:

1- جێناوی هاوبەش و خۆیی لە هەندێ جێگادا وەکو یەك بەکاردێن (وەك تەواوکار، بەرکار و بەستراو بە ناوێ).

2- جێناوی خۆیی و هاوبەش لە شوێنی بکەر بەکارناهێت.

3- جێناوی هاوبەش و خۆیی دەبێ لەگەڵ بکەری ڕستەی سەرەکی هاونیشانە بن.

4- جێناوی هاوبەش و خۆی نابێت پێش بۆگەڕاوەکەیان دەرکەون.

5- جێناوی هاوبەش پێویستی بە بۆگەڕاوەی کۆ هەیە.

بەلاّم نموونەی وەك(66) لەوانەیە ئەنجامی دووەم بخاتە ژێر پرسیارەوە:

(66) ب خۆ هات [من ژ وی نەخاستییە بهێت].

نموو نەی سەرەوە ئەو بۆ چوونە دێنێتە ئارا کە جێناوی خۆیی دەتوانێت لە شوێنی بکەر جێگیر ببێت، بەڵام پێش هەر بڕیارێك پێویستە هەندێ خاڵ لەبەرچاوبگرین. یەکەم ئەوەیە کە لە نێوان جێناوی تەئکیدی و خۆیی لە ڕووی ئەرکی ڕێزمانییەوە جیاوازی هەیە. جێناوی خۆیی لە شوێنی بەرکاری ڕاستەوخۆ و یان تەواوکار و هاونیشانە لە گەڵ بکەر دەردەکەوێت. وەك ڕستەکانی(64أ، ب)، بەڵام جێناوی جەخت(تأکید)ی لە شوێنی بەستراوی ناوی... بەکاردێت. وەك نموونەکانی(64 ج، و). دووەم ئەوەیە کە زمانی کوردی دیالێکتی (ك.ڤ) یەکێکە لەو زمانانەی کە جێناو پارێزە، کەوا تە ڕستەی(66) بەم شێوەی خوارەوە ناڕێزمانی دەبێت:

| | | |
|---|---|---|
| فرێزی ناوی | | |
| | * Pro | ب خۆ هات. |
| جێناوی کەسی | | |

بە لەبەرچاوگرتنی بابەتی سەرەوە پرسیارێك کە تا ئێستا وەڵام نەدراوە تەوە ئەوەیە کە ئایا دابەشبوونی جێناوی خۆیی و هاوبەش یەکسانن؟

بە پێی بەڵگەکان کە تاکو ئێستا پیشاندران جێناوەکانی هاوبەش و خۆیی دەتوانن لە شوێنە جیاوازەکانی (وەك بەرکای، تەواوکاری و بەستراوەی ناوی) وەکو یەك بە شێوەیەکی یەکسان بەکاربێن، بەڵام لە شوێنەکانی تریش دابەشبوونێکی یەکسانیان هەیە؟

نموونەکانی خوارەوە بابەتەکە ڕوونتر دەکەن:

أ) ئەوi خۆi دێ ل گەل هەوە هێن.

(67) * ب) ئەوi ئێکدووi دێ ل گەل هەوە هێن.

واچاکە پێش بڕیاری کۆتایی نموونەی زیاتر بخرێتەڕوو:

أ) ئەوانi دڤێت ب خۆi ببەن.

(68) * ب) ئەوانi دڤێت ئێکدووi ببەن.

أ) وان وەسا هزر دکر ئازادیi خۆi دڤێت.

(69) * ب) وان وەسا هزر دکر ئازادیi ئێکدووi دڤێت.

أ) ب خۆi ل گەل هەرن.

(70) * ب) ئێكدووi ل گەل هەرن.

أ) ئازادیi وێنەییێن خۆi ژ نەوزادی كرین.

(71) * ب) ئازادیi وێنەییێن ئێكدووi ژ نەوزادی كرین.

أ) ئەو ژ ئازادیi دخازن كو خۆi بڤێت.

(72) * ب) ئەو ژ ئازادیi دخازن كو ئێكدووi بڤێت.

به لەبەرچاوگرتنی نموو نەكانی سەرەوە دە توانین بگەینە ئەو ئەنجا مەی كە لە زمانی كورد یدا دابە شبوونی جێناوە كانی خۆیی و هاو بەش یەك سان نین، بەڵام پرسیاری دووەم كە دە بێ وەڵام بدرێتەوە ئەوە یە كە ئا یا بە پێی بنەمای یە كەمی بەستنەوەكە جێناوی خۆیی و هاو بەش دە بێ لە ناو كاتیگۆڕی یە دە سەڵاتدارەكەی خۆیدا كە خاوەنی بكەری بەردەستە بەستراوەبێت؟ بۆ ئەم مەبەستە چەند نموونە یەكی تر دەهێنینەوە:

(73) ئازادیi خۆi دڤێت.

لە ڕستەی سەرەوە جێناوی(خۆ) لە ناو كاتیگۆڕی یە دە سەڵاتدارییەكەیدا كە ڕستەیە بە(ئازاد) بەستراوەتەوە و لە لایێكی ترەوە لەگەڵ بكەری(ئازاد) هاونیشانەیە وا تە بكەرێ لەبەردە ستی هە یە. كەوا تە تاكو ئ ێرە بنەمای سەرەوەی وەرگر تووەو دە سەڵاتدارە، بەڵام پەیوە ندی جێناوی هاو بەش لە گەڵ ئەم بنەمای یەكە مە بە چ شێوەیێكە؟

سەیری ئەم ڕستەی خوارەوە بكەن:

(74) [زین و شیلانi] ئێكدیi ناس دكەن.

لە ڕ ستەی سەرەوە، جێ ناوی هاوبە شی(ئێكدی) لە ناو كاتیگۆڕی یە دەسەڵاتدارییەكەی خۆیدا كە تەواوی ڕستەكەیە بەستراوەتەوە بە فرێزی ناوی(زین و شیلان) و لەگەڵیدا هاونیشانەیە. كەواتە مەرجەكانی بەستنەوە لەم ڕستەیە جێبەجێ بووە و ئەم ڕ ستەیە پ شتگیری لە بنەمای یە كەمی بە ستنەو دە كات، بەڵام چۆن دەتوانرێت ڕستەی (75) ئاراستە بكرێت؟

(75) [وان ژ ئازادی ڤییا، كو [ئێكدی ژ بیر نەكەن]].

ڕ ستەی سەرەوە دوو لێکدا نەوەی هە یە. لە لێکدا نەوەی یە کەم جێ ناوی هاوبە شی(ئێکدی) لە گەڵ کۆمە ڵەی ناوی [ ئازاد + وان] هاوئاماژەی یە[1]. وە بە لێکدانەوەی تر لەگەڵ [ئازاد + کەسانی تر لە ئاخاوتندا].

ئەگەر ئەم لێکدانانەوە ڕاست بن هۆی دوو لا یەنی ئەما نە د یار نییە، بەتایبەتی لێکدا نەوەی دووەم دەبێ تە هۆی درو ستکردنی گیروگر فت بۆ ب نەمای یە کەمی بەستنەوە.

لە کاتێکدا ئەگەر ڕستەی سەرەوە بە جۆرێکی وا چاك بکەینەوە کە تەنیا یەك لێکدانەوەی هەبێت دیسانەوە ئەو گیروگرفتانە هەر دەمێنێت:

(76) [مە ژ ئازادی ڤیبا، کو [ئێکدی ژ بیر نەکەن]].

تەنیا دەتوانین لێکدانەوەیێك بۆ ڕستەی سەرەوە بخەینەڕوو، ئەویش ئەوە یە کە (ئێکدی) دەگەڕێتەوە بۆ فرێزی ناوی [ئازاد + کەسێکی تر لە ئاخاوتندا] و لەگەڵیدا هاونیشانەیە، لەگەڵ ئەوەشدا گەڕا نەوە بۆ ئا خاوتن، سنوورەکانی ئەم تیۆرە تێکەڵ دەکات.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتا نە چۆمسکی(1986) ڕێگا چارەیەك پێشنیاز دەکات بەو شێوەیە کە دەتوانرێت جێناوی خۆیی و هاو بەش بە بەرهەمی (جووڵا ندن) دا نا کە لە ڕۆ نانی لۆژیکی کاردە کات. بەم شێوەیە پەیوە ندی بە ستنەوەی ن ێوان جێ ناوی خۆیی و بۆگەڕاوە کەی پ لەیێك کەم دەبێ تەوە و بە شێوەی پەیوە ندی بە ستنەوەی ن ێوان جێ ناوی خۆیی و ئا سەوارییەکە دەردە کەوێت. بە پ ێی ب نەمای کاتیگۆڕی بە تاڵ( لە بە شی پێ شوو ئاماژە مان پ ێدا) لە با بەتێکی وادا پەیوە ندی دەسەڵات(حوکمردن)ی توند[2] دادەمەزرێت بە واتایەتی تر، بە پێی ئەم تیۆرە، بنەمای کاتیگۆڕی بەتاڵ پێویست دەکات کە کاتیگۆڕییەکانی بەتاڵ لە دەسەڵاتی توندا بن.

مەبەست لە دە سەڵاتی تو ند جۆرێ لە دە سەڵاتە، کە تیا یدا دە سەڵاتدارە کە لە دەستەی فەرهەنگی و یا خود بۆگەڕاوەیە. بەم جۆرە لە کۆتایدا دەتوانرێت بگوترێت کە (أ) بە سەر(ب) دە سەڵاتی بۆ گەڕاوەیی[3] هە یە ئە گەر(أ) و (ب) هاونی شانە بن و هیچ(بەربەستێ) لەسەر ڕێگای(أ) و (ب) نەبێت. چۆمسکی دەڵێت: جێناوی خۆیی لە ڕۆنانی لۆژیکی لەگەڵ یەکەی گەردانی نزیك دەبێت و ئا سەواری لە دوای خۆی بەجێ

[1] Co- referential.
[2] Proper government.
[3] Antecedent government.

دەهێڵ ێت. ئێ ستا ئه گەر ده سەلأتی تو ند دا مەزرابێت ڕ ستە ڕێزمانیـ یە و ئە گەر دانەمەزرابێت ڕستە ناڕێزمانی دەبێت (میر عیمادی، 1368: 255).

(77) زاروکێن گازندا دەرباریٚ ئێکدوو دکەن.

کەواتە ڕستەی(77) لە فۆرمی لۆژیکی، پێکهاتەیەکی وەك(78) دەبێت:

(78) زاروکێن [ئێکدووi ] ⃞ یەکەی گەردانی [دەرباریٚ بەتاڵi] گازندا دکەن.

لەم پێکهاتە یەدا، ئا سەواری ئەنافۆر ( کاتیگۆڕی بەتاڵ) بەهۆی پێ شناوی (دەرباریٚ) کە بوونێکی فەرهەنگی هە یە وەك دە سەلأتدار دەرکەوتوە. کەوا تە دە توانین بە ڕێزمانی دابنرێت.

## 3-1-2- جێناوە کەسییەکان لە زمانی کوردیدا:


هەروەك لە بە شی یە کەم ئاماژە مان پ ێدا کە جێ ناوە کە سییەکان لە ڕووی چۆنیەتی پێکهاتەوە دەکرێن بە دوو بەشەوە:

**1- جێناوە جوداکان:** ئەم جێناوانە لە دوو دە ستەی جودا دەردە کەون وا تە دە توانین بەسەربەخۆیی لە ڕستەدا دەرکەون.

أ- دەستەی یەکەم.

ب- دەستەی دووەم.

**أ- دەستەی یەکەم:** ئەم جۆرەی جێناو هەر ئەرکێکیان هەبێت بکەر یان بەرکار، سیمای کەس و ژمارە یان لە شێوەی فۆڕمێکی ل کاو بە سەر کارە کەدا دە سەپێنن؛ بۆ یە بە دەستەی ڕێککەوتن ناونراون. ئەم دەستەیە کۆمەڵەیێکی داخراون لە شەش جێناو پ ێك هاتوون (ڕە سول، 1995: 189). لە هەردوو شێوە سەرەکییەکەی ز مانی کوردی هەردوو فۆرمی جودا و ل کاوی ئەم جۆرەی جێ ناو هە یە و لکاوە کەیان بە مەرجی داڕشتنی ڕستە دادەنرێت و بە ڕەگی کارەوە دەلکێت و ئاماژە بۆ کەس و ژمارەی فۆڕ مە سەربەخۆکەی دەکات، بۆ نموونە:




ڕێککەوتن لە کەس و ژمارە

**ب– دەستەی دووەم:** ئەم دەستەیە کۆمەڵێکی داخراوە لە شەش جێناو پێکهاتووە، لە شێوەی ژوورووودا ئەم جۆرە جێناوە لە ڕستەدا هەر ئەرکێکیان (بکەر یان بەرکار) هەبێت، نە لە ڕووی کەس و نە لە ڕووی ژمارە لەگەڵ کارەکەدا ڕێك ناکەون؛ بۆیە تەنیا فۆڕمی سەربەخۆیان هەیە.

(80) من دیت.

**2– جێناوە لکاوەکان:** نووسەکن بە وشەی پێش خۆیانەوە دەلکێن، وەك:

(81) ئەز دێ نڤیسم. م: جێناوی کەسی لکاوە کە بەڕەگی کارەوە لکاوە.

یەکەم خاڵ کە دەبێ لە بارەی جێناوی کەسییەوە لەبەر چاوبگرین شێوەی دابەشبوونی جێناوی کەسییە. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە کە ئەویش ئەوەیە کە دەوترێت جێناوی کەسی و ئەنافۆرەکان لە دابەشبوونێکی تەواوکەریدان. نموونەکانی خوارەوە بابەتەکە زیاتر ڕووندەکەنەوە:

أ) ئازادیi خۆi دڤێت.

(82) * ب) ئازادیi ئەوi دڤێت.

أ) ئازدi هزردکەت کو بێواری ئەوi دڤێت.

(83) * ب) ئازادi هزردکەت کو بێواری خۆi دڤێت.

أ) وانi ژ ئازادی دڤێت کو وانi ل گەل خۆ ببەت.

(84) * ب) وانi ژ ئازادی دڤێت کو ئێکدووi ل گەل خۆ ببەت.

خاڵی دووەم لە بارەی جێناوەکەسیەکان پەیڕەوی کردنە لە بنەمای دووەمی بەستنەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئا یا جێناوەکەسییەکان بەپێی بنەمای دووەمی بەستنەوە لە ناو کاتیگۆڕییە دەسەڵاتدارەکەیدا سەربەستن؟

لە نموونەی(82ب) دەبینین کە جێناوی کەسی(ئەو) لەگەڵ فرێزی ناوی(ئازاد) کە لە شوێنی بکەر جێگیر بووە هاونیشانەیە و ڕستەی بەرهەم هاتوو ناڕێزمانییە. ئەو شیکردنەوەی کە دەتوانین بۆ ناڕێزمانی بوونی ئەم ڕستەیە بخەینەڕوو ئەوەیە کە جێناوەکەسییەکان نابێ لە ناو کاتیگۆڕییەدەسەڵاتدارەکەیدا بەستراوە بێت. کاتیگۆڕییە دەسەڵاتدارەکەی جێناوی کەسی(ئەو) لە نموونە(82ب) هەموو ڕستەیە. لەم ڕستەیەدا جێناوی( ئەو) لە لایەن(ئازاد)ەوە بەستراوەتەوە (نیشانە هاوبەشەکان

دەر خەری ئەم ڕا ستیەن). بەم شێوەیە بنەمای دووەمی بەستنەوە ڕەتکراوە تەوەو ڕستەی ناڕێزمانی بەرهەم هاتووە، بەڵام ئەم ڕستەی سەرەوە بە شێوەیەکی تر ڕێزمانی دەبێت ئەگەر جێناوی( ئەو) جێ ناوێکی بە ئارەزوویی بێت و بۆگەڕاوە کەی لە قسەکردندا بێت. کەواتە ڕستەکە بەم شێوەیە دەبێت:

(85) ئازادیi ئەوj دڤێت.

نموونەکانی(86)یش لەبەر هەمان هۆ ناتەواون:

* أ) [بژار و ڕێژیارi] وانi گونەهبار دکەن.

(86) * ب) نارینیi پەرتووکێن وێi دانە هەڤالا.

* ج) ئازادi ژ وێi ناترسیت.

لێرەدا نموونەی تر دەخەینەڕوو کە جەخت لەسەر بنەمای دووەمی بەستنەوە دەکەن:

أ) ئازادi دبێژیت ئەوانj پەرتووك برن.

(87) ب) هەمیاi دیت دەمێ ئەوj چوویە خاندنگەهێ.

ج) بەیارi پێلاڤێن وێj بۆیاخ دکەت.

لەم ڕستانەی سەرەوە جێناوە کەسییەکان لە ناو کاتیگۆڕ دەسەڵاتدارەکەیدا لە هەردوو ڕستەی یەکەم، ڕستەی ناوەکییە و لە ڕستەی سێیەم، ڕستە سەرەکییە سەربەستن و بۆگەڕاوەیان نییە.

ئەوەی تا ئێرە خرایەڕوو لە بارەی جێناوە کەسییە جوداکان بوو، بەڵام لە بارەی جێناوە کەسییە لکاوەکانەوە هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا بریتییە لە: (فۆرمێکی ڕێزمانی کە بە تەنیا لە ئاخاوتندا نایەت، پێویستی بەوە هەیە لەگەڵ فۆرمێکی تردا بێت لە پێشەوە یان لە دوایەوە، لە هەندێك زماندا فۆرمی جێناوێکی لکاوی هەیە، کە بە کارەوە دەنووسێت (Crystal, 1992: 57). ئەم جێ ناوە کەسییە لکاوانە پێچەوانەی جێناوە کەسییە جوداکان لە شوێنی بکەر جێگیر ناکرێن، چونکە سەربەخۆ نییە و بە تەنیا بەکارنایەت، بەڵام ئەو جێناوە کەسییە لکاوانەی کە لە کۆتایی کارەکان جێگیر دەبن ئەرکی بکەر دەبینن. بۆ نموونە وەك:

هاتم ⟸ واتە (ئەز هاتم).

لێرەدا دەما نەوێت بزانین کە ئا یا ئەم جێناوا نەش دە توانن پەیڕەوی بنەمای دووەمی بەستنەوە بکەن. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر سەیری نموونەکانی خوارەوە بکەن:

(88) أ) وی ڗ دێبەمەڗ هەولێرێ.

ب) بێوارڗ برنەڗ زیندانێ.

لە نموونەی(88أ ب)دا دەردەکەوێت کە جێناوە کەسییە لکاوەکانیش پەیڕەوی بنەمای دووەمی بەستنەوە دەکەن، واتە لە(88أ) جێناوی کەسی لکای بەرکاری(م) لە ناو کاتیگۆڕییە دەسەڵاتدارەکەیدا سەربەستە، هەروەها لە (88ب)یشدا جێناوی کەسی لکاوی بەرکاری(ن) لەناو کاتیگۆڕییە دەسەڵاتدارەکەیدا سەربەستە.

کەواتە وای بۆ دەچین، کە تەنها جێناوی کەسی لکاوی بەرکاری، وەك جێناوە کەسییە جوداکان پەیوەستە بە تیۆری بەستنەوە، چونکە جێناوە کەسییە جوداکان بە پێی تیۆری بەستنەوە سەربەستن لە ناو کاتیگۆڕییە حوکمکەرەکانیدا، بەهەمان شێوە جێناوە لکاوەکانیش سەربەستن لە ناو کاتگیۆڕییە حوکمکەرەکەیدا، بەڵام لە دیالێکتی(ك.ن) دەشێت ببەستڕێتەوە بە ئارگۆمێنتێك لە دەرەوەی کاتیگۆڕییە حوکمکەرەکەی خۆیدا و هاونیشانە بێت لەگەڵیدا.

(89) ئەگەر ئێوەڗ بڕۆن، من کتێبەکانتانڗ بۆ دەنێرم.

لە ڕستەی (89)دا جێناوی کەسی لکاوی(تان) لە ناو کاتیگۆڕییە حوکمکەرەکەی خۆیدا سەربەستە، بەڵام لە دەرەوەی کاتیگۆڕییە حوکمکەرەکەیاندا، بە ستراون بە بکەری ڕستە سەرەکییەکەوە و هاونیشانەن لە ڕووی کەس و ژمارەوە.

## 3-1-3- دەربڕی ئاماژەیی- Referring Expression:

دەربڕی ئاماژەییەکان لە ڕاستیدا هەمان ناوەکانن. بە پێی بنەمای سێیەمی تیۆری بەستنەوە، ئەم دەربڕە ئاماژەییانە سەربەستن و بۆگەڕاوەکەیان لە دونیای دەرەوە جێگیرە. ئەم ڕستانەی خوارەوە ڕاستی ئەم بنەمایە دەسەلمێنن:

أ) ئازادڗ هزر دکەت کو ڕێناسیڗ دڤێت.

ب) پشتی کو ئازادڗ هاتە ژوورڗ Pro ڕوینشت.

(90) ج) هەڤرستڗ ماموستایی تەڗ هاتییە.

د) ئازادڗ وەسا هزردکەت هەڤاڵێن ویڗ، ئەوڗ دڤێت.

هـ) ئازادi وەسا هزر دکەت کو ب خوەi گونەهبارە.

لە ڕ ستەکانی سەرەوە دەر بڕی ناوی وەك ( ئازاد)، (هەڤر ست)، (ڕێ ناس)و ...بەهیچ یەکەێك کە لە ڕستەدا هاتوون نەبەستراوەتەوە، بەڵام ئایا ئەمە بەو مانایيە کە دەربڕی ئاماژەیی دەتوانن لە هەر شوێنێك لە ڕستەدا جێگیربن و لە دابەشبوونیاندا هیچ سنووربۆدانانی نی یە؟ وەڵا می ئەم پر سیارە بە دە ستکاری و گۆڕینی ڕستەکانی(90) دەتوانین بەدەست بهێنین:

* أ) ئازادi هزر دکەت کو ئازادi دڤێت.

* ب) پشتی کو ئازادi هاتە ژوور ئازادi ڕوینشت.

(91) * ج) هەڤرستi ماموستایی هەڤرستi هات.

* د) ئازاد وەسا هزر دکەت هەڤاڵت ویi، ئازادi دڤێت.

* هـ) ئازادi هزر دکەت کو ئازادi گونەهبارە.

لە ڕ ستەکانی سەرەوەدا ئە گەر لە ج یاتی فر ێزی ناوی دووەم سوود لە ناونی شانێکی ئەنافۆرەییش–anaphoric وەر گرین دی سانەوە ڕ ستەکانی بەر هەم هاتوو ناڕێزمانی دەبێت، بۆ نموونە:

ئازادi هزر دکەت کو [ئەو کوڕi] دڤێت.

لە ڕستەکانی سەرەوە ئەنجامەکانی خوارەوە بەرهەم دێت:

1– دەربڕی ئاماژەیی نابێت لەگەڵ هیچ فرێزێکی ناویتر لە ڕستەدا هاونیشانە بێت.
2– دابەشبوونی دەربڕی ئاماژەیی لەگەڵ جێناوی کەسی و ئەنافۆرەکان یەکسان نییە.

بەڵام ئەم ڕستانەی خوارەوە ئەنجامی یەکەم دەخەنە ژێر پرسیارەوە:


(92) أ) ئازادیi نەوزادj دڤێت و نەوزادیj ئازادi.

ب) ئازادi هزر دکەت کو نەوزادیj ئەوi دڤێت، بەڵێ نەوزادj بەروڤاژی ویێ دسەلمینیت.


هەروەك دەبینین لەم ڕستانەی(92)دا دەر بڕە ئاماژەییەکانی وەك( ئازاد) لە گەڵ فرێزی ناوی تردا هاونیشانەیە و لە ئەنجامدا هاوئا ماژەن. لە گەڵ ئەمانە شدا ڕ ستەکان ڕێزمانی و تەواون. ئایا ئەوە بەو مانایيە کە بنەمای سێیەمی بە ستنەوە پێویستی بە چاکسازی هەیە؟

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە جیاوازی ڕستەی(91) و (92) لە چۆنیەتی پەیوەندی زاڵبوونیاندا شاراوەیە. هێلکاری سادەی درەختی دوو نموونە لەو ڕستانە چۆنیەتی ئەو پەیوەندییە ئاشکرا دەکات:

(93) ئازاد هزر دکەت، کو ئازاد گونەهبارە.



(94) ئازاد هزر دكەت، كو نەوزادی ئەو دڤێت، بەلێ نەوزاد بەروڤاژی وێ دسەلمینیت.




كەواتە نموونەكانی(92) زیان بە بنەمای سێیەمی بەستنەوە ناگەێنن. لە كۆتایی ئەم باسەدا دەمانەوێت ئاماژە بەخاڵێك بدەین كە گرنگی دانە بە سروشت و چییەتی بە ستنەوەیە كە لە تیۆری بە ستنەوەدا نەخراوەتە بەر باس. سەرنج بدە نە ئەم نموونانەی خوارەوە:

* أ) وی$_i$ ئازاد$_i$ دڤێت.

* ب) ئەو$_i$ هزر دكەت نەوزادی ئازاد$_i$ دڤێت.

(95) * ج) ئەو$_i$ هزر دكەت ئازادی$_i$ نەوزاد دڤێت.

* د) وی$_i$ ماموستایێ هەڤالی$_i$ دڤێت.

هەموو ئەو ڕستانەی سەرەوە ناڕێزمانی و ناتەواون وە لەو ڕستانەی (91)یش نەگونجاوترن، بەڵام تیۆری بەستنەوە توانای ئەوەی نییە كە ناڕێزمانی بوونی ئەم ڕستانە ڕوون بكاتەوە. كەواتە واپێدەچێت بنەمای سێیەمی بەستنەوە دەبێ بە جۆرێك دە ستكاری بكرێت كە ئەو خاڵە بگرێ تەخۆی كە جێناوی كەسی بەهیچ شێوەیێك ناتوانێت دەربڕی ئاماژەیی ببەستێتەوە. هۆی جەخت كردن لەسەر ئەم خاڵە ئەوەیە كە

له ن ێوان زمانەکا ندا ج یاوازی هە یە له لا یەنی پەیڕەویکردن له ب نەمای سێیەمی بەستنەوە وە دەبێ تیۆری بەستنەوە ئەو جیاوازییە نیشان بدات.

له بە شی پێ شوو ئاماژە مان بەوەدا کە له ت یۆری بە ستنەوەدا ج گە له کاتیگۆرِی یەکانی ئا شکرا وەك جێناوە کان و دەر بڕی ئا ماژەیی، کاتیگۆرِی یەکانی داپۆ شراویش دەخا تە بەرباس و لێکۆڵینەوە، ئێمە ئەم کۆمە ڵەی دواییمان بۆ چوار بەش دابەشکرد کە ئاسەواری فرێزی ناوی، PROی گەورە Proی بچووك و ئاسەواری و شەی پر سیار دا بەش بوون. ئێ ستا هەوڵ دەدە ین لێکۆڵی نەوە لە سەر چۆنیەتی بەستنەوەی ئەم بەشانە له زمانی کوردیدا بکەین.

## 3–2– لێکۆڵینەوە له کاتیگۆڕییەکانی داپۆشراو(Covert relationship)(*) له زمانی کوردیدا:

### 3–2–1– ئاسەواری فرێزی ناوی (NP-trace):

هەروەك پێشتریش ئاماژە مان پێدا بە پێی تیۆری ئا سەواری، هەر ئایتمێك کە بجوڵێنرێت ئاسەواری لەدوای خۆی بەجێدەهێڵێت، هەر لەبەر ئەوە یە کە چۆمسکی له بەرهەمەکانی دوا تردا پرۆ سەی گوا ستنەوە بە پرۆ سەی کۆپی کردن دە چوێنێ کا تێ کەرە سەیەك بەرزدەکرێ تەوە کۆپیِ یەك له شوێنە بنەڕەتییە کەی بەج ێدەهێڵێت (Morales, 2002: 1)، سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکەن:

(96) أ) وەسا پێ دچیت ئازادی خانی فرۆت بیت.

ب) ئازادi وەسا پێ دچیت $t_i$ خانی فرۆت بیت.

(97) أ) ئازاد کوشتن.

ب) ئازادi $t_i$ هاتەکوشتن.

لەم ڕستانەی سەرەوە فرێزی ناوی(ئازاد) کە له شوێنی بکەری یاخود بەرکاری جێگیر بووە دەجوڵێنر ێت و ئا سەواری له دوای خۆی بەج ێدەهێڵێت کە لە گەڵ ئەو فرێزە ناوییە هاونیشانەیە. خاڵێکی تر کە لەم نموونانەدا بەرچاو دەکەوێت ئەوە یە کە جووڵەی فرێزی ناوی(ئازاد) له شوێنی ئارگۆمێنتی بۆ شوێنی نا– ئارگۆمێنتی ئەنجام دراوە. بۆ نموونە له ڕستەی (96ب)، فرێزی ناوی(ئازاد) له شوێنی ئارگۆمێنتی بکەری بۆ شوێنی پێش کاری(وەسا پێ دچیت) گواستراوەتەوە. هەروەك دەزانین کاری (وە سا پێ دچیت) پێویستی بە بکەر نییە. کەواتە شوێنی بەتاڵی بکەرەکەی بێ ڕۆڵە و(ئازاد)

(*) رمزي منير بعلبكي، معجم مصطلحات اللغوية، ط2، 1990، ل129.

لەو شوێنە بێ ڕۆڵە جێگیر دەکرێت. بۆچوونێکی تریش هەیە کە هۆی جووڵاندن و گوا ستنەوە فر یزی ناوی بۆ ئەوە دەگەڕێ تەوە کە ناو لە شوێنی یەکەم یدا ناتواذ یت(دۆخ)ی هەبێت. بۆ یە بۆ شوێنێك دە چێت کە بتواذ یت دۆخ وەرگر یت و لە پارزێنەری دۆخ تێپەڕێت تاکو لە پێکها تەیکی فۆ نەتیکی نوا ندنی ئا شکرای هەبێت، بەڵام نموونەکانی وەك ڕستە($97$ب) ڕاستی ئەم بۆچوونە دەخاتە گومانەوە، چونکە لەم نموونەدا، فرێزی ناوی (ئازاد) لە هەمان شوێنی یە کەمی دۆ خی وەرگر تووە، لە گەڵ ئەوەشدا جولێنراوە.

خاڵێکی تر کە پێویستە گرنگی پێبدرێت جۆری ئا سەواری فر یزی ناوی یە لە زمانی کورد یدا. لە بە شی پێشوو ئاماژە مان بەوەدا کە زما نەوانان ئا سەواری فرێزی ناوی لە جۆری جێناوی خۆیی دادەنێن، بەڵام ئایا ئەمە لەزمانی کوردیشدا ڕا ستە؟ بۆ ڕوونتربوونی کێشەکە جارێکی تر نموونە($97$ب) دەخەینەڕوو:

ئازاد$_i$ $t_i$ هاتە کوشتن.

لە ڕ ستەی سەرەوە(ئازاد) لە گەڵ ئا سەواریەکەی هاونیـ شانەیە. هەر ئەو هۆکارەی(هاونیـ شانەیی)خۆی لە خۆ یدا دەبێـ تە هۆی ڕتکرد نەوەی ئەو بۆ چوونە کە دەکرێت شوێپێی فرێزی ناوی لە جۆری دەربڕی ئا ماژەیی بێت، لە بەر ئەوەی دەربڕی ئاماژەیی بەهیچ جۆرە ناوێکی تر نابەسترێتەوە(لەزمانی کوردیدا). کەواتە دەچنە سەر بۆ چوونی دووەم، ئا یا دەکرێت ئا سەواری فرێزی ناوی لە زمانی کورد یدا لە جۆری جێناوی کەسی بێت؟

دووبارە دەگەڕێینەوە بۆ نموونەی سەرەوە. هەروەکو دەبینین ئا سەواری فرێزی ناوی لە گەڵ فر یزە ناوی یە هاونیـ شانەکەی لە یەك ڕ ستەدا جێگیر بوون و لە ڕا ستیدا ئاسەواری فرێزی ناوی لە ناو کاتیگۆڕییە دە سەڵاتدارەکەی خۆ یدا بە ستراوەتەوە، وە هەروەك دەزا نین ئەم تایبەتمەندیـ یە پەیوە ندی بە جێـ ناوی کە سییەوە نیـ یە، بەڵکو پەیوە ندی بە جێـ ناوی خۆیـ یەوە هە یە. بەم جۆرە ئەو لێکۆڵیـ نەوەی کە تاکو ئـ یرە ئەنجامدراوە، ئەوە نیشان دەدات کە ئا سەواری فرێزی ناوی لە زمانی کوردیش(وەك ئینگلـ یزی) لە جۆری جێـ ناوی خۆیـ یە لە نموو نەکانی($98$–$99$) ئا سەواری فر یزی ناویمان لە شوێنی جێناوی خۆیی داناوە تاکو زیاتر جەخت لەسەر بۆچوونی سەرەوە بکەین:

($98$) أ) ئازاد$_i$ وەسا هزر دکەت، کو ب خۆ$_i$یێ زیرەکە.

ب) ئازاد$_i$ وەسا هزر دکەت، کو $t_i$یێ زیرەکە.

(99) أ) ئازادi وەسا پێ دچیت کۆ خۆi شیایە ترۆمبێلیٚ باژۆت.

ب) ئازادi وەسا پێ دچیت کۆ ti شیایە ترۆمبێلیٚ باژۆت.

ئەم ڕستانەی(98) بە تەواوی ڕێز مانین، بەلاٚم ڕستەی(99ب) کەمێك لەنگە. شێوەیێکی دیارتری ئەم ڕستەیە ئەوەیە کە فریٚزی ناوی(ئازاد)ی تێدا نەگواسترابیتەوە. وەسا پێ دچیت کۆ ئازادi خۆi شیایە ترۆمبێلیٚ باژۆت.

## 3-2-2- PRO (پرۆی گەورە) [+ A ، P +]

لە تیۆری GB دا زاراوەی (PRO) بۆ ئەو بکەرە بەکاردێت، کە لە ڕۆنانی ژێرەوەی لاڕستەی چاوگیدا بەرهەم دێت(Crystal, 1992: 277). بە واتایێکی تر هەروەك لە بەشی پێشووش ئاماژەمان پێداوە کە(PRO) پەیوەندی بەو بکەرەوە هەیە کە لە لاڕستەی چاوگی-infinitive clause و لاڕستەی گەیێنەر(لێکدەر)- relative clause و یاخود ئەو نیشانەی کە لە دوای کارە تێنەپەڕەکانی وەك(وەسا پێ چوون) و (وەسا دیاربوون) و تاد لادەبرێت و هەندێك جار بەشێوەی خورتەکی دەبەسترێتەوە هەندێ جار بە ئارەزوویی. وا تە هەندێ جار لە پێکها تەی خۆی (کاتیگۆڕی یە دەسەلاٚتدارەکەی خۆی) سنووردار دەکرێت و هەندێ جار بۆگەڕاوەکەی لە دەرەوەی کاتیگۆڕییە دەسەلاٚتدارەکەی جێگیر دەبێت.

هەروەك لە بەشی پێشوو ئاماژەمان بەوەدا کە لاڕستەی چاوگیی ( Infinitive clause) لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە، بەلاٚم لەزمانی کوردیدا نییە، چونکە هەموو لاڕستە چاوگیەکانی زمانی کوردی کات و کەسدارن(مەحوی، 2001: 164) بۆ نموونە وەك:

أ) من دڤێت هاری وەبکەم.

(100) ب) من دڤیا هاری وەبکەم.

ج) من ڤیا هاری وەبکەم.

هەڵبەت لابردنی بکەر باسێکی نویٚ نییە، چونکە لە ڕێزمانەکانی تردا باس کراوە. ڕێزماننووسانی تر پێیان وابوو لە ڕستەی گەیەنەریدا هەر کاتێك ناوێك جارێك بهێنرێتەوە پێویست بە دووبارەکردنەوەی نییە لە ڕستەکانی دوایی. هەرچەندە ناوەکە لەو شوێنەدا هێزی خۆی دەمێنێت. بە واتایەکی تر ڕستە لێکدراوەکە یەك بکەری هەیە و بە شدارە لە هەردوو ڕووداوەکە.( شوانی، 1997: 92-93, 102)، بۆ نموونە لە ڕستەی: (ئازادی شۆلا خۆ تمام کر و چوو) بکەری کاری(چوو) هەر هەمان(ئازاد)ە. بۆ دووبارەنەکردنەوەی لابراوە، بەلاٚم ئەم لابردنە نابێتە هۆی ئەوەی کە ئاخێوەری زمانی

کوردی گۆ مانی لادرو ست بدێت لەوەی کە ئا یا بکەری( چوو) هەمان(ئازاد)ە. لەم بابە تەی (PRO)دا، ئەم لایا نە بە شێوەیەکی کراوە تر دەخەین نە بەر سەرنج و لێکۆڵینەوە. سەیری نموونەکانی خوارەوە بکەن:

(101) أ) ئازادیi گۆت کوiPRO دڤێت درێژیێ بدەتە خاندنێ.

ب) دایکێi جانتە هەڵگرت وiPRO ژ ماڵی دەرکەفت.

لە بەشی پێشوو ئاماژەمان بەو خاڵەدا کە دابەشبوونی PRO پەیڕەوی بنەمای بەستنەو دەکات. لە نموونەکانی سەرەوەدا ئەگەر کاتیگۆڕیدیە دەسەڵاتدارەکەی PRO ڕستەی سەرەکی بێت ئەوە PRO لە ناو کاتیگۆڕییەکەی خۆیدا بەستراوەتەوە. کەواتە تایبەتمەندی ئەنافۆری هەیە، بەڵام لە ڕستەی(102) بارودۆخەکە هندەك جیاوازە:

(102) بۆ دیتنا وێ فیلمێi چووی؟ نەخێر [بەڵێiPRO چێدبیت تشتەکێ سەیرببیت]

هەروەك دەبینن PRO لەناو کاتیگۆڕیدیە دەسەڵاتدارەکەی خۆیدا کە لە نێوان دوو کەوانە پیشاندراوە سەربەستە و بۆ گەڕاوەکەی لە ڕستەی بەرامبەری جێگیربووە. کەواتە تایبەتمەندی جێناوە کەسییەکانی هەیە، بەڵام لە بارەی ڕستەیەکی وەك(103) دەتوانین چی بڵێین؟

(103) دەمێ چوون PROیێە. It is yime [PRO to go].

بێ گومان هاوشانی ئەم ڕستەیە لە زمانی ئینگلیزی خاوەنی بکەری (It)ـە، و لەبەر ئەوەی(چوون) [to go] بە کار دادەنرێت بە پێی بنەمای جێکەوتەدانان ئەویش پێویستی بە بکەرە، بەڵام کێشەکە لە زمانی کوردی بە شێوەیەکی ترە. ڕاستە هەر کاتێك باس لە ( چوون) دەکەین. چوونی کەسێك یان چەند کەسێکە، بەڵام چۆن دەتوانین بزانین کە لە ڕستەی(103) مەبەست چەند کەسێکە؟ وا دێتە بەرچاو کە بکەری کاری( چوون) تەنیا لە پێکهاتە(دەوروبەر)ی ئەو ڕستەدا دەرکەوێت کە تێیدا هاتووە. لەوانە بکەر(قسەکەر) یەکەم کەسی تاك بێت و چەمکی ڕستە بەم شێوە بێت: (من دڤێت بچم). یاخود قسەکەر لە بارەی چەند کەسێك قسە بکات کە ئەویش بەشێکە لەو چەند کەسە کەواتە چەمکی ڕستە بەم شێوە دەبێت (مە دڤێت بچین) لە هەمان کاتدا لەوانەیە مەبەست لە(چوون) قسەکەر، دووەم کەسی تاك یان کۆ، بێت.

هەروەك ئاماژە مان پێدا لەزمانی ئینگلیزی PRO کە بکەری (چوون )ـە لەم ڕستەیەدا بە جۆرێك جێناوی کەسی دەزانن و لە ناو کاتیگۆڕیدیە دەسەڵاتدارەکەیدا بە

سەربە ست دادە نێن. کەوا تە بۆ گەڕاوەی ئەم PRO یە لە ڕستەکانی پێش یاخود لە گوتندا بێت. بە وا تاێکی تر ئەم PRO یە لە ڕستەی(103) هەڕەمەکییە، وا تە لە ناو کاتیگۆڕییە دەسەڵاتدارەکەیدا سەربەستە و بۆگەڕاوەێکی دیاریکراوی لە ناو ڕستەکەدا نییە (محەمەد، 2006: 136)، بەڵام بۆ چوونی ئێمە ئەوە یە کە دەکرێت بۆ گەڕاوەی PRO واتە بکەری(چوون) لە دەرەوە بێت وە بەم شێوەیە PRO تایبەتمە ندی دەربڕی ئا ماژەیی هەبێت. کەوا تە کێ شەکە ئاڵۆزتر دەبێت، بەم شێوەیە تیۆری لابرد نی جێ ناویش ناتواێت بەڵگە بۆ بابەتە کەی خۆی بهێنێتەوە کەوا تە لە جیاتی خستنەڕووی تیۆرێکی نوێ لە بارەی دابەشبوونی PRO وا چاکە هەر لە چوارچێوەی ئەم تیۆری بە ستنەوە [هەر سێ بنەما کەی] لێکدا نەوەو شیکردنەوەی PROیەکە بە پێکهاتە کەی بسپێرین وە جەخت لە سەر ئەو خا ڵە بکەین کە بەبێ پێکها تە، دیاریکردنی سەربەست بوون و بەندبوونی PRO و دۆزینەوەی بۆگەڕاوەکەی ناکرێت.

کەواتە دەتوانین ئەم ئەنجامەی خوارەوە بەدەست بهێنین:

1. زمانی کوردی لە زما نە بکەر خراوە کان (Pro-drop) و بکەر پارێزە(non-Pro-drop)، ئەم جۆرە زما نەش بە دەگمەن پڕۆی گەورەی دە بێ، بەڵام زمانی کوردی لاڕستەی گەیێنەر(relative clause)و یاخود ئەو نیشانانەی دوای کارە تێپەڕەکانی وەك(وە سا پێ چوون)و (وە سا دیار بوون)و... تاد هە یە و هە ندێ جار بە شێوەی خۆرتەکی دەبەسترێتەوەو هەندێ جار بە ئارەزوویی.

2. زمانی کوردی کلۆزی(infinite clause)ی نییە زیاتریش ئەم جۆرە کلۆزە(PRO) دروست دەکات.

لە زمانی ئینگلیزی بۆ نموونە (to go) بەیەکەوە لە ژێر یاسای:

**To + ڕانەبردوو ← چاوگ دروست دەکەن.**

بەڵام لە زمانی کوردی( بۆ ڕۆیشتن) ئەم بارەی نا بێ، چونکە ڕۆیشتن بە تەنیا چاوگە لەگەڵ (بۆ) فرەیزێکی بە ند دروست دە بێ PP، بە واتا یەکی تر (to) لە زمانی ئینگلیزی کە(non-Pro-drop)ە بە شێکە لە چاوگەکە، بەڵام (بۆ) لە زمانی کوردی دەکەوێتە دەرەوەی چاوگی (ڕۆیشتن) و نابێتە بەشێك لە پێکهاتەکەی.

## 3-2-3- Pro (پرۆی بچووك) [A – ، P +]

له زمانی کوردی دیالێکتی(ک.ژ) زۆر له ڕستەکان بکەریان دەرنا کەوێت. نەك لەبەر ئەوەی کە بکەرەکەیان لە ڕستە یاخود ڕستەکانی پێشتر هاتووە، بەڵکو بەهۆی بوونی یەکەی گەردانیە کە لە کارەکانی کوردیدا سروشتی بکەرەکە دیاری دەکات. بەم شێوەیە هەبوونی بکەر وەك زیادەیێك دادەنرێت. سەرنج بدەنە ئەم ڕستانەی خوارەوە:

أ) Pro i چوومەi کتێبخانێ هەتا کتێبا وەرگرمi.

(104) ب) Pro i دشێنi کتێبا ببەنەi جهەکێ دی.

ج) دەمێ Pro i هاتینi Pro j نڤست بوومj.

بەلاّم ئایا Pro بە پێی بۆچوونی چۆمسکی تایبەتمەندی جێناوی کەسی هەیە؟

ئەگەر بەم شێوەیە بێت دەبێ دابە شبوونەکەی لە گەڵ دابە شبوونی جێناوی کەسی یەکسان بێت، هەروەك ئاشکرایە ئەم Pro یە تەنیا لە شوێنی بکەر جێگیر دەبێت، بەلاّم جێناوە کەسییەکان، چ جوداو چ لکاو، لە شوێنە جیاجیاکانی ڕستە جێگیر دەبن. هەڵبەتە ئەمە یەکێکە لەو گیروگرفتانەی کە ڕووبەڕووی ئەم بۆچوونە دەبێتەوە، کێشەیێکی تر پەیوەندی بە بۆگەڕاوەی (Pro)وە هەیە. ئەگەر Pro جێناوی کەسی بێت دەبێ بۆگەڕاوەکەی لە ڕستەی پێشتر یاخود لە ئاخاوتندا هەبێت کە جێناوی تێدا جێگیرە.لەوانەیە ئەم بابەتە بۆ ڕستەی(104ب) ڕاست بێت، چونکە بۆگەڕاوەی Pro جگە لە قسەکەر و گوێگر کەسێکی ترە، دەبێ بە تەواوی بۆ هەردوولا دیار بێت چ لە گفتوگۆکردنی چ لە نووسین دەبێ بۆگەڕاوەی Pro باس کرابێت، بەلاّم لە بارەی ڕستەی(104أ) بارودۆخەکە کەمێك جیاوازە. ئەگەر ئەم ڕستەیە لە نووسین دەرکەوێت، دەکرێت بۆگەڕاوەکەی لە ڕستەی پێشوودا هەبێت، بەلاّم ئەگەر لە شێوەی گفتوگۆییدا بەکارهێنرابێت پێویست بە باسکردنی بۆگەڕاوە ناکات، چونکە قسەکەر بۆ گوێگر یاخود گوێگران ناسراوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین بۆگەڕاوەی Pro هەندێك جار لە دەرەوە جێگیر دەبێت و تایبەتمەندی دەربڕی ئاماژەیی هەیە.

### 3-2-4- ئاسەواری وشەی پرسیار Wh-trace [A- ،P-]

گوا ستنەوەی جێ ناوە پر سەکان لە ز مانی ئینگلـ یزی بە گوا ستنەوەی نا- ئارگۆمێنت(A′) دادەنرێت، واتە گوا ستنەوە لە شوێنێکی خاوەن سێتاڕۆل و دۆخ بۆ شوێنێکی بێ سێتاڕۆل و بێ دۆخ (Chomsky, 1987: 47)، بەڵام ئەم کردەی گوا ستنەوەی جێناوە پرسەکان لە ڕستەی شێوەزاری کرمانجیی ژووروو ڕوو نادات، بەڵکو تەنیا لە چوار چێوەی فر ێزە ناوییە کە دا کردەی جێ گری ئەنجام دەدرێت(سلێمان، 2007: 146)، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا هاتووە:

(105) أ) <u>من</u> دوهی بلەز وانە ل زانکۆییێ خاند.

بۆ پرسیارکردن لە بکەر: جێناوی کێ شوێنی بکەر لە ڕستەی سەرەوە دەگرێت.

ب) <u>کێ</u> دوهی بلەز وانە ل زانکۆییێ خاند؟

بۆ پرسیارکردن لە کاتی کارەکە: جێناوی کەنگی شوێن ئاوەڵکاری کات لە ڕستەی سەرەوە دەگرێتەوە.

ج) تە <u>کەنگی</u> بلەز وانە ل زانکۆییێ خاند؟

لەم ڕستەی سەرەوەدا جێناوی بکەریش دەگۆڕدرێت بۆ کەسی دووەم. کەواتە بۆ پرسیارکردن لە هەر بەشێکی زانیاری ناو ڕستە جێناوێکی پرس شوێنی ئەو بەشە دەگرێتەوە.

د) تە دوهی <u>چەوا</u> وانە ل زانکۆییێ خاند؟

هـ) تە دوهی بلەز <u>چ</u> ل زانکۆییێ خاند؟

و) تە دوهی بلەز وانە ل <u>کیرێ</u> خاند؟

خ) تە دوهی بلەز ل زانکۆییێ <u>چ</u> کر؟

ئەمەش دەمان گەێنێتە ئەو ئەنجا مەی کە لە ڕستەی زمانی کوردیدا ئاسەواری وشەی پرس بوونی نییە.

لێرەدا تەنیا دوو جۆر پرسیارکردن دەخەینەڕوو[تن]:

---

[تن] بەپێی بنەماکانی پۆلێنکردنی ڕستەی پرسیاری دابەشی ئەم جۆرانەی خوارەوە دەبێت:

1- پرسیاری گشتی. 2- پرسیاری تایبەتی(وشەیی). 3- پرسیاری هەڵبژاردن. 4- کلکە پرسیار. 5- پرسیاری ڕەوانبێژی. 6- پرسیاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (قادر، 1993: 18-22).

**جۆری یەکەم:** پرسیاری گشتی(ڕستەیی): ئەو ڕستەیەیە کە قسەکەر یان نووسەر ئاراستەی گوێگر/ یان خوێنەری دەکات تاوەکو بڕیاری لەسەر بدات و  بڕیار لەسەر هەموو ڕستەکە- ڕەزامەندی یان ناڕەزامەندی لەسەر دەرببڕێت بە بەکارهێنانی وشەی پرسی ئەرێ- ئایا... دەکرێت و هەمیشە وەڵامەکەیان بە بەڵێ یاخود نەخێرە (قادر، 1993: 18-19)، وەك:

(106) ئەری تە نان خوارییە؟

بەڵێ. (من نان خوارییە)؟

نەخێر. (من نان نەخوارییە)؟

**جۆری دووەم:** پرسیاری تایبەتی، لە ڕێی بەکارهێنانی جێناوەکانی پرس دەیەوێت زانیاری لەسەر خاڵێکی تایبەتی لە ڕستەکە وەرگرێت، جیاوازییەکەی لەگەڵ جۆری یەکەم ئەوەیە کە هەموو ڕستەکە ناخاتە بەر لێکدانەوە( قادر، 1993: 19)، وەك:

- کی بۆ پرسینی بکەر/بەرکار.

(107) کی چوو؟

ئازاد چوو.

(108) تەکی دیت؟

من ئازاد دیت.

- کێ بۆ پریسنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ:

(109) ئەو ل گەل کێ چوو؟

ئەو ل گەل نەوزادی چوو.

- چ بۆ پرسینی بکەر/ بەرکاری بێ گیان.

(110) چ ڤێ کەفت؟

بەرەك ڤێ کەفت.

(111) ئەوان چ کڕی؟

ئەوان پەرتووکەك کڕی.

لەو بابەتەی پێشوو ئاماژەمان بە ئاسەواری جێناوی پرسدا و دابەشبوونیان خرایەڕوو، بەڵام ئاماژەمان بە خودی(وشەی پرسیار) نەکرد.

ئەم جێناوە لە جیاتی ناو یاخود دەستەواژەی ناوی جێگیر دەبێت، هەروەك لە ناوەکەیان دەردەکەوێت کە نیشاندەری پرسیارن و وەڵامێکی بەدواوەیە. لە هەردوو

شێوەی نووسین و گوتندا کە جێناوی پرسیاری تێدا یە وەلامێك لە هەمان گفتوگۆ دەردەکەوێت.

بۆ نموونە: کیi هات؟ – ئازادi. کەوا تە تایبەتیەتی جێناوی کەسی هە یە. هەڵبەت ئە مە لەو کا تەدا دەبێت کە پرسیارەکە وەلام بدرێتەوە وە ئە گەر وەلامی پرسیاری سەرەوە(نزانم) بێت جێناوی پرسیاریش بۆگەڕاوەی نەدەبوو.

ئەوەی تا ئێرە لێکۆڵینەوەمان لەسەر کرد، ئەو بابەتە بوو کە لە تیۆری بەستنەوە لە لا یەن چۆمسکی، کۆپەر، کۆك... ەوە خراوە تەڕوو. دوای ئەم بابە تە لێکۆڵینەوە لەسەر با بەتێك دەکەین کە لەم تیۆرەدا ئاوڕی لێنەدراوەتەوە یاخود ئاوڕێکی کەمی لێدراوەتەوە. یەکی لەو بابەتانە جێناوەکانی ترە جگە لە جێناوە کەسییەکان و خۆیی و هاوبەش پرسیار کە لە زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزیشدا هەن، بەلام ڕوون و ئا شکرا نییە کە بۆ چی نەخراونە تە بەر لێکۆڵینەوە. ئەو جێناوا نەش، جێناوە نادیارەکان و جێناوەکانی نیشانەن کە لە زمانی کوردیدا زۆر بەکاردێن. لەم باسەدا هەوڵدەدەین لێکۆڵینەوە لەم جێناوانە لە ڕوانگەی تیۆری بەستنەوەوە بێت.

## 3-3- هەندێ لە جێناوەکان کە لە تیۆری بەستنەوەدا نەخراونتەبەر لێکۆڵینەوە:

### 3-3-1- جێناوی نیشانە:

لە ڕێزمانی چاولێکەریدا هاتووە کە جێناوی نیشانە: ( ئەو جێناوا نەن جگە لەوەی کە شوێنی ناوێ یان شتێ دەگرن، ئا ماژەش بە ناوەکە یان شتەکە دەکەن) ( ئەمین، 1960: 97). هە ندێ تەنیا چوار جێناوی نیشانە دەستنیشان دە کەن، وەك(ئەڤ و ئەڤان) بۆ نزیك و ( ئەو و ئەوان) بۆ دوور (ك.ك. کوردۆییڤ، 1984: 148-149). هەروەك لە ناوەکەی دەردەکەوێت کە بۆگەڕاوەی ئەم جێناوە بۆ قسەکەر و گوێگر دیار و ناسراوە، چونکە ڕاستەوخۆ ئا ماژە بە بۆگەڕاوەکە دەکرێت. بۆ نموونە وەك:

(112) ئەڤی هەڵگرە دانە وێرێ و ئەوی هەڵگرە دانە ڤێرێ.

لەوانە یە ئەم ڕستەیە بۆ ئەوکەسەی کە دەیخوێنێتەوە نادیار بێت و بۆگەڕاوەی(ئە ڤ) و ( ئەو) دیار نەبێت، بەلام لە شێوەی ئاخاوتندان، لە بەر ئەوەی قسەکەر ئا ماژە بە شتێك دەکات کە نا سراوە و گوێگر بە ڕوونی لە مەبەستی ئەو تێدەگات و ئەم ڕستەیە بۆ ئەو هیچ تەم و مژێکی تێدانییە. کەوا تە لەبەر ئەوەی لەم

ڕ ستەیەدا بۆ گەڕاوەی (ئە ڤ) و ( ئەو) لە دەرەوە یە بۆ یە ئەم جێناوا نە بە دەر بڕی ئاماژەیی دادەنرێن ئێستا سەرنج بدەنە ڕستەی(113):

(113) ئەواi [کو دبێژن ئازادی، نەوزاد دیت]i ئاخفتنەکا ڕاستە.

لە ڕستەی سەرەوە جێناوی نیشانەی(ئەوا) ئاماژە بە ڕستەی ناو دوو کەوانەکە دەکات. کەوا تە بۆگەڕاوەکەی لە ناو کاتیگۆڕییە دەسەڵاتدارەکەیدا جێگیر بووە و لە جۆری ئەنافۆرە و پەیڕەوی بنەمای یەکەمی بەستنەوە دەکات. نموونەیەکی تر هەر لەم بارەوە(114):

(114) ئەڤەi باشترە [کو ل گەل نەچووی]i .

لە ڕستەی (114)ش بۆگەڕاوەی (ئەڤە) کە جۆرێ لە جێناوی نیشانەیە لە ناو کاتیگۆرییە دەسەڵاتدارەکەیدا بەستراوەیە، کەواتە لە جۆری ئەنافۆرە.

لە نموو نەکانی سەرەوە، جێناوی نیشانە لە شوێنی بکەر جێگیر ببوون، لە هەمان کاتدا دەتوانن لە شوێنەکانی تریش دەرکەون. بۆ نموونە وەك:

جێناوی نیشانە دەتوانێت لە شوێنی بەرکار دەرکەوێت:

(115) ئەویi ببە دەرڤە هەتا ئەز دگەل ڤیj باخڤم.

دوو جێناوی نیشانەی(ئەوی) و (ڤی) کە لە ڕستەدا هاتوون بۆگەڕاوەیان نییە. (ئەوی) لە شوێنی بەرکاری ڕاستەوخۆ جێگیرە و (ڤی) لە شوێنی تەواوکار. کەواتە ئەم دوو جێناوە لە جۆری دەربڕی ئاماژەیین، بەڵام ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکەین ئەوەیە کە جێناوی نیشانەی (ئەو) لە ڕووی فۆرمەوە لە جێناوی کەسی سێیەمی تاك واتە(ئەو) دەچێت. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە چۆن دەتوانین ئەم دووانە لێك جیابکەینەوە؟ بۆ نموونە (ئەو) لە ڕستەی(115) جێناوی کەسییە یاخود جێناوی نیشانە؟ وا پێدەچێت یەکێ لە ڕێگاکانی جیاکردنەوەیان، سروشت و بارودۆخی بۆگەڕاوەیان بێت. کەواتە لە بەر ئەوەی بۆگەڕاوەی( ئەو) هەروەك ئاماژەمان پێدا لە دەرەوەیە، بۆیە ناتوانێت جێناوی کەسی بێت، چونکە بۆگەڕاوەی جێناوی کەسی لە ئاخاوتندا هەیە. سەیری ئەم نموونەی خوارەوە بکەن:

(116) ئەوی گۆتە من کو بهێم.

گومانی تێدا نییە کە (ئەو) لەم ڕستەیەدا جێناوی کەسییە و بۆگەڕاوەکەی لە ڕستەکانی پێشوو یاخود لە ئاخاوتندایە.

بۆ نموونە: دوهی من ئازادi ل زانکۆیێ دیت. ئەویi گوتە من کو بهێم.

ئەو خاڵە تەواو ئاشکرایە کە(ئەو) لە ڕستەی(116) بۆگەڕاوەی ڕاستەوخۆی نییە لە هەمان کا تدا لە ڕ ستەی(115) ڕا ستەوخۆ ئا ماژە بە کە سێك دە کات. کەوا تە هەر ئاخێوەرێکی زمانی کوردی دەتوانێت بە ئاسانی ئەم دووە لێك جیابکاتەوە.

بە لەبەر چاوگرتنی ئەو بابە تەی کە ئاماژە مان پێدا دە توانین بڵێین کە جێ ناوی نی شانە لە گەڵ جێناوە کانی تر کە لە ڕ یۆری بە ستنەوە خراوە تە بەر لێکۆڵی نەوە جـ یاوازە. بەم جۆرە ئا یا دە کرێ گرو پی پێنجەم بۆ گرو پی چوارینەی کۆ پەر ز یاد بکەین؟

گرووپی چوارینەی کۆپەر بریتییە لە:

1- ANA +، PRON-جێ ناوی خۆیی و جێ ناوی هاو بەش و ئا سەواری فر ێزی ناوی.

2- ANA - ، PRON + جێناوە کەسییەکان و (Pro)ی بچووك.

3- ANA + ، PRON + (PRO)ی گەورە.

4- ANA - ، PRON  فرێزی ناوی.

(ANA) کورتکراوەی (Anaphor) و (PRON) کورتکراوەی (Pronoun)ـە.
(Cowper, 1992: 166).

پێش وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارەی سەرەوە وا چاکە ئاوڕێك لە جێناوی ناد یار بدەینەوەو لە کۆتاییدا ئەنجامێکی گشتی بۆ بکەین.

### 3-3-2- جێناوی نادیار:

جێناوی نادیار بۆ دوو دەستە دابەش کراوە: جێناوی ناد یاری سادە و جێناوی ناد یاری لێکدراو(ئام ێدی، 1987: 263-264). لەوا نە جێ ناوی ناد یاری سادە ئەمانەن(کەسەك، تشتەك، هـ ندەك، چەندەك، چەند، فلا، هیچ...) وە جێناوی ناد یاری لێکدراو (چ کەس، قەت کەس، فلان کەس فلان شت...) دەگرێتەوە.

(117) هندەك وەسا هزر دکەن گەلەك دزانن.

لە ڕ ستەی سەرەوە(هندەك) و (گە لەك) جێ ناوی ناد یارن، بەڵام بۆ گەڕاوەی ئەم جێناوا نە چییە و لە کوێ دەر کەوتووە؟ ڕا ستیەکەی ئەوە یە کە شیکردنەوەی ئەم ڕستانە بەبێ گەڕانەوە بۆ پێکها تەو دەورووبەرە کەی ناکرێت، چونکە هەروەك لە ناوی

ئەم جێناوە دەردەکەوێت، بۆگەڕاوەی ئەم جێناوە نا سراو نییە(پێچەوانەی جێناوی نیشانە). بەواتایێکی تر بۆگەڕاوەیێ بۆ ئەما نە نییە لە ڕستە یاخود قسەکردن کە ئەم جێناوا نە تێدا دەرکەوتوون، هەڵبەت ئە مە بەو مانا یە نییە کە گوێگری ئەم ڕستەیە بەهیچ شێوەیەك نازانێت مەبەستی قسەکەر لە بەکارهێنانی ئەم جێناوە نادیارە چییە.

هەروەك ئاماژە مان پێدا دەورو بەر دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ نا ساندنی. ئەگەر وادابنێین ڕستەی(117) لە ناو کۆمەڵە کەسێك دەوترێت کە یەکەك لەو کەسانە لە کاتی قسەکردنیدا خۆدەرخستنی پێوە دیاربووە. کە سێکی تر کە ئەم خۆدەرخستنەی پێناخۆش دەبێت ڕستەی سەرەوە دەخاتەڕوو. گوێگری ئەم ڕستەیە کە لە ناو ئەو کۆمەڵەیەدان بە باشی مەبەستی قسەکەر تێدەگەن و دەزانن کە مەبەست لە(هەندەك) هەمان کەسە کە خەریکی خۆدەرخستن بوو. بەم شێوەیە بۆگەڕاوەی ئەم جێناوە لە دەرەوە دەرکەوتووە و ئەم جێناوە لە جۆری دەربڕی ئاماژەیە. کەوا تە پەیڕەوی بنەمای سێیەمی بەستنەوە دەکات.

ئێستا ئەگەر نموونەیێکی تر بهێنینەوە:

(118) هەمی i هاتبوون؛ [ئازاد، نەوزاد، ڕێبوار، ڕزگار و قوتابیێن دی]i .

جێناوی (هەمی) لە ڕستەی(118) بە بەدەرکەوتنی بۆگەڕاوە(یاخود باشتر بڵێین بۆگەڕاوەیان) لە شێوەی نادیاری دێتەدەرێ. جێناوی نادیاری(هەمی) لەم ڕستەیەدا لە جۆری جێناوی کەسییەو پەیڕەوی بنەمای دووەمی بەستنەوە دەکات. ئەم نموونەی خوارەوە بابەتەکە زیاتر ڕوون دەکاتەوە.

(199) ئەز ب خۆ هێشتا نزانم چ بکەم. دڤێت ژ ئێکی بپرسم.

بە لەبەرچاوگرتنی بابەتی سەرەوە دەردەکەوێت کە جێناوی نادیار دەتوانێت بۆگەڕاوەیی لە گوتن یاخود لە دەرەوە هەبێت، کەواتە پەیڕەوی هەردوو بنەمای دووەم و سێیەمی بەستنەوە دەکات، بەڵام بێگومان ناتوانێت بۆ گەڕاوەیێکی لە ناو کاتیگۆریدا یە دە سەڵاتدارەکەیدا هەبێت، بەم شێوەیە ناتوانێت ببێتە خاوەنی تایبەتمەندی جێناوی خۆیی. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە جێناوی نادیار و جێناوی نیشانەش لێك جیاوازن. کەواتە دەبێ گروپی شەشەمیش بۆ خشتەی کۆپەر زیادبکەین و دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو دوو سیمایانەی کە کۆپەر بۆ جێناوەکانی داناوە بەس نییە بۆ جێناوەکانی زمانی کوردی، بۆیە وا چاکە خشتەیەکی سێ سیمای دروست بکەین بەم شێوەی خوارەوە:

| سیماکان | فرێزی ناوی ئاشکرا(دیار) | فرێزی ناوی بەتاڵ |
|---|---|---|
| 1− + ANA ، − PRON ، −REF. | جێ ناوی خۆیی و جێناوی هاوبەش. | ئا سەواری فر ێزی ناوی. |
| 2− − ANA ، + PRON ، − REF −. | جێناوی کەسی. | (Pro)ی بچووك. |
| 3− + ANA ، + PRON ، − REF. | □□□□ | (PRO)ی گەورە. |
| 4− − ANA ، − PRON ، + REF +. | فر ێزی ناوی یاخود ناوەکان. | ئاسەواری جێناوی پرس. |
| 5− + ANA ، + PRON ، + REF . | جێناوی نیشانە. | □□□□ |
| 6− + ANA ، + PRON ، + REF . | جێناوی نادیار. | □□□□ |

## 3−4− هەندێ خاڵی تەواوکەری تیۆری بەستنەوە:

### 3−4−1− شیکردنەوەی نیشانەکان:

ڕاستە کە نیشانەکان شێوەی بڕیاردانیان هەیە و دەتوانین بۆ هەر فرێزێکی ناوی نی شانەێك داب نێین، بەڵام ئە مە بەو مانا یە نی یە کە بۆ هەر فرێزێ کی ناوی جۆرە نیشانەێك دابنێین، چونکە ئەوە نیشانەکانن کە پەیوە ندی فر ێزە ناوی یەکان لە ناو ڕستە یاخود گوتندا د یاری دە کەن. بۆ نموو نە دوو فرێزی ناوی کە یەك نیشانەیان هەبێت پەیوە ندێکی بۆ گەڕاوەیی لە نێوانیا ندا دەب ێت وا تە هەردوو فر ێزە ناوییە کە ئا ماژە بۆ یەك کەس یان یەك شت دە کەن وە نەبوونی ئەم لێك چوونە لە ن ێوان نیشانەکان نیشانەی نەبوونی پەیوە ندی نێوان فرێزە ناوییەکا نە. کەوا تە نیشانەکان بەتەنیا مانایێکی تایبەتییان نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە پەیوە ندی نێوان هێماکا نە کە شیکەرەوەی پەیوەندی نێوان فرێزە ناوییەکانە. بۆ نموونە وەك:

(120) * أ) ئەوی$_i$ ئەو$_i$ دڤێت.

ب) ئەوی$_i$ ئەو$_j$ دڤێت.

پر سیار ئەوە یە کە هۆی ناڕێز مانی بوونی(120أ) و ڕێز مانی بوونی(120ب) چییە؟ ت یۆری بە ستنەوە دەڵ ێت لە بەر ئەوەی کە جێ ناوی کە سی ( ئەو) لە ناو

كاتيگۆڕي يه ده سەڵاتدارەكەيدا بە ستراوەتەوە لە لا يەن فرێزێ كى ترەوە بۆ يە مەرجى دووەمى بەستنەوى ڕەتكردوتەوە و بەم شێوەيە ڕستە ناڕێزمانى دەبێت، بەڵام تيۆرى بەستنەوە لە بارەى ڕستەى دووەم چى دەڵێت؟

تيۆرى بەستنەوە لە بارەى ئەم ڕستەوە هيچ ناڵێت، چونكە هۆى ڕێزمانى بوونى ئەم ڕستەيە ئەوەيە كە(ئەو)ى يەكەم و(ئەو)ى دووەم ئاماژەيە بۆ دوو كەسى جياواز و پەيوەندى بە لايەنى واتاييەوە هەيە و پەيوەندى بە بنەماى سينتاكسى بەستنەوەوە نييە، بەڵام بەزيادكردنى بنەماى واتايى بۆ ئەم تيۆرە پرسيارى دووەم دێتە پێش ئەويش ئەوەيە پەيوەندى سينتاكس و واتاسازى لەم تيۆرە بە چ شێوەيەكە؟ ئايا ئەم پەيوەندييە دەكرێ وەك ئەم پەيوەندييە سادەى خوارەوە بێت؟

ئە گەر دوو فرێزى ناوى هەمان نيشانەيان بدرێتێ هاونيشانەن و ئە گەر دوو فرێزى ناوى نيشانەى جياواز وەرگرن هاونيشانە نين (محەمەد، 2006: 199).

ياساى سادەى سەرەوە دەتوانێت لە ڕستەيەكى وەك (بێوارىi خۆi دڤێت) ئەو ڕاستييە نيشان بدات كە (بێوار)و (خۆ) بۆ يەك كەس دەگەڕێتەوە و ئەم ڕستەيە بە واتاى(بێوارى ئازاد دڤێت) نييە، بەڵام لەبەر ئەوەى كە كێشەكان زياتر لە فۆرمى كۆدا دەردەكەوێت باسى دەكەين:

(121) * مەi منi/j دڤێتن.

لە ڕستەى يەكەم لە نيشانە(i)دا دوو ڕێگا مان هەيە بۆ ڕەتكرد نەوەى يەكەم ئەوەيە كە ياساى سادەى واتايى كە لە سەرەوە خستمانەڕوو ئەم ڕستەيە بە ڕێزمانى دادەنێت، چونكە دوو فرێزى ناوى( مە) و (من) خاوەنى نيشانەى هاوبەشن. كەواتە دە بێ هاونيشانەبن لە كاتێكدا لە ڕووى واتاى و شەكانەوە ئەم دوو فۆرمە ناتوانن هاونيشانەبن. دووەميش ئەوە يە كە مەرجى دووەمى بەستنەوەش ئەم ڕستەيە ڕەتدەكاتەوە، چونكە(من) جێناوى كەسييە و لە ناو كاتيگۆڕي يە دەسەڵاتدارەكەيدا بەستراوەيە و بنەماى دووەمى ڕەتكردووتەوە، بەڵام تيۆرى بەستنەوە لە نيشانەدانانى ڕستەى دووەم هيچ ناڵێت، چونكە هيچ بنەمايێك ڕەتناكرێت، لە هەمان كاتدا ياساى واتايى كە خستمانەڕوو ئەم ڕستەيەى دووەم ڕەتدەكاتەوە، لەبەر ئەوەى كە ئەم فرێزە ناوييانە دەبێ بۆگەڕاوەى جياوازيان هەبێت.

لە ڕستەيەكى ترى وەك(122):

(122) ئەمi ب خۆi هاتين.

ئەم ڕستەی سەرەوە بەپێی بنەمای یەکەمی بەستنەوە ڕێزمانییە، چونکە جێناوی(خو) لە ناو کاتیگۆرییە دەسەڵاتدارەکەیدا بەستراوەیە جگە لەو نموونانەی سەرەوە کێشەیەکی تریش هەیە. وەك ئەم نموونەی(123):

(123) بێواری گوتە نەوزادی دڤێت ئەو بچن.

دەزانین کە (بێوار) و ( نەوزاد) ناتوانن ببنە هاونیشانەی یەکتر، بەڵام لە بارەی( ئەو) دەتوانین چی بڵێین؟ ئایا ئەم جێناوە لەگەڵ(بێوار) هاونیشانەیە یاخود لەگەڵ(نەوزاد) یاخود لەگەڵ هیچ کامیان؟ لێرەدا وای بۆ دەچین کە لەگەڵ هیچ کامیان هاونیشانە نییە، بەڵکو بۆگەڕاوەکەی لە دەرەوەی ڕستەکەیە.

## 3-5- تایبەتمەندی جێناوەکان و فۆرمەکانی بۆگەڕاوەیی و هەندێ ئەنجامی تیۆری:

### 3-5-1- هاوپایە لە جێناوەکان و فۆرمەکانی بۆگەڕاوەیی:

فالك بەم شێوەی خوارەوە پێناسەی هاوپایە دەکات: (هاوپایە بریتییە لە زنجیرە پێکهاتەیەك کە لە ڕێگای پێکەوە لکاندنی دوو یان چەند پێکهاتەیەکی وەك یەك بەهۆی ئامرازیی بەستنەوەوە پێکەوە دەبەسترێتەوە. پێکهاتەی بەرهەم هاتوو هەروەك پێکهاتە سەرەکییەکانە(Falk, 1978: 217). یاخود بە واتایێکی تر بریتییە لە دوو فرێزی ناوی، یان دوو ڕستە کە بە هۆی ئامرازی بەستنەوەوە پێکەوە بەستراونەتەوە(میر عیمادی، 1386: 222). لەم باسەدا بۆ زیاتر گرنگیدان بەم بابەتە، هاوپایە لە هەریەك لەو کاتیگۆرییانە کە لە تیۆری بەستنەوەدا باسیان لێوەکراوە بەشێوەیێکی جیاجیا ئاماژەیان پێدەدەین، هەروەها بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێن کە: ئایا دوو یان چەند جێناوی کەسی، جێناوی خۆیی و جێناوی هاوبەش و یاخود دوو یان چەند دەربڕی ئاماژەیی دەتوانن بە شێوەی هاوپایە دەرکەون؟ پەیوەندی ڕێککەوتن لە نێوان پێکهاتەی بەرهەم هاتوو و کار بە چ شێوەیێك دەبێت و پەیوەندی ئەم کاتیگۆرییانە لەم پێکهاتانەدا لەگەڵ بۆگەڕاوەیان بە چ شێوەیێك دەبێت؟ دوای ئەم باسە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەگەڕێن کە ئایا جێناوێکی کەسی و جێناوێکی خۆیی و یاخود جێناوێکی کەسی و دەربڕێکی ئاماژەیی، یان جێناوێکی هاوبەش و جێناوێکی کەسی و ... دەتوانن بە شێوەی هاوپایە دەرکەون یاخود نە؟

### 3-5-2- هاوپایە لە جێناوی خۆیی و تەئکیدیدا:

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا جێناوی خۆیی لە زمانی کوردیدا دوو فۆرمی(خۆ، خوە)ی هە یە. وا تە بە هیچ بە شێکی دی کەی بە شەکانی ئا خاوتن و ڕ ستەوە نەبە ستراوەتەوە، لە بەر ئەوە بە جێ ناوێکی سەربەخۆ دادەنر ێت، پێ چەوانەی د یالێکتی(ك.ن) کە جێ ناوە لکاوە کانی پ ێوە دەلک ێت. لە د یالێکتی (ك.ژ) ئە گەر بۆ جەختکردن بەکارهات پرێپۆزیشنی(ب)ی دەخرێتە پێش. کەوا تە توا نای لێکدانی ئەم جێناوە بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

| | |
|---|---|
| لێکدانی فۆرمی جێناوی خۆیی لەگەڵ دەستەی یەکەمی جێناوە کەسییەکانی تاك. | لەگەڵ کەسی یەکەمی تاك أ) * ئەز خۆ وب خۆ هاتم.<br>لەگەڵ کەسی دووەمی تاك ب)* تو خۆ و ب خۆ هاتن.<br>لەگەڵ کەسی سێیەمی تاك ج)* ئەو خۆ و بۆ خۆ هات∅. |

| | |
|---|---|
| لێکدانی فۆرمی جێناوی خۆیی لەگەڵ دەستەی یەکەمی جێناوە کەسییەکانی کۆ. | لەگەڵ کەسی یەکەمی کۆ د)* ئەم خۆ و ب خۆ هاتین.<br>لەگەڵ کەسی دووەمی کۆ ه)* هوین خۆ و ب خۆ هاتن.<br>لەگەڵ کەسی سێیەمی کۆ و)* ئەو خۆ و ب خۆ هاتن. |

| | |
|---|---|
| لێکدانی فۆرمی جێناوی خۆیی لەگەڵ دەستەی دووەمی جێناوە کەسییەکانی تاك. | لەگەڵ کەسی یەکەمی تاك أ)* من خۆ و ب خۆ دیت.<br>لەگەڵ کەسی دووەمی تاك ب)* تە خۆ و ب خۆ دیت.<br>لەگەڵ کەسی سێیەمی تاك ج)* وی/وێ خۆو ب خۆ دیت. |

| | |
|---|---|
| لێکدانی فۆرمی جێناوی خۆیی لەگەڵ دەستەی دووەمی جێناوە کەسییەکانی کۆ. | لەگەڵ کەسی یەکەمی کۆ د)* مە خۆ و ب خۆ دیت.<br>لەگەڵ کەسی دووەمی کۆ ه)* وە خۆ و ب خۆ دیت.<br>لەگەڵ کەسی سێیەمی کۆ و)* وان خۆ و ب خۆ دیت. |

هەروەك دەبینین فۆرمەکانی هاوپا یەی جێناوی خۆیی ناپێزمانین و لە زمانا ندا بەکارناهێرێن لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

1- جێناوی خۆیی فۆرمێکی نەگۆڕە و هیچ جێناوێکی لکاو وەرناگرێت.

2- لە باری جەختکرد ندا مۆرفیمی(ب) دەخرێ تە پێش جێ ناوی خۆیی ئەویش بۆ ئەوەی پەیوەندییەك دروست بێت لە نێوان ئەو کەسەی کە جەختی لێدەکرێتەوە لە گەڵ جێ ناوە خۆییە کەوە هەروەك گو تمان لە د یالێکتی (ك.ژ) لە بەر ئەوەی جێ ناوی لکاو وەرناگرێت بۆ ئەوەی لە ڕێگای وا تاوە بزانین ئەم(خۆ) یە دەگەڕێ تەوە بۆ جێ ناو یان

ناوەکە کە لە دیالێکتەکانی دیکە لە ڕێگای ئەم جێناوە لکاوەوە دەزانرێت، بەڵام لێرەدا بەهۆی نەبوونی ئەم جێناوە لکاوانە مۆرفیمی(ب) دێتە نێوان و ئەم پەیوەندییە لە نێوان هەردووکیان دروست دەبێت، بەڵام بە هەبوونی ئامرازی پەیوەندی(و)وە ڕستەکە ناڕێزمانی دەبێت.

3- لە ڕووی ڕێککەوتنی جێناوە لکاوەکانەوە ئەم جێناوە فۆرمێکی نەگۆڕی هەیە نە لە ڕووی کەس و نە لە ڕووی ژمارە لەگەڵ کاردا ڕێك ناکەون و هەمیشە فۆرمی خۆیان دەپارێزن.

4- جێناوی خۆیی بە پێی بنەمای یەکەمی بەستنەوە دەبێ بەستراوەبێت و بۆگەڕاوەی هەبێت و لەگەڵیدا هاونیشانە بێت.

لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی بەستنەوەی ئەم پێکهاتانەش لەبەر بەکارنەهێنانیان لە زماندا خۆی لە خۆیدا ڕەتدەکرێتەوە.

## 3-5-3- هاوپایە لە جێناوی هاوبەش:

هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا جێناوی هاوبەش ژمارەیان کەمە و لەگەڵ کاری کۆدا بەکاردێن. سەیری نموونەکانی خوارەوە بکەن کە خاوەنی پێکهاتەیەکی هاوپایەن لە جێناوی هاوبەش:

* أ) ئەو ئێکدی و ئێکدی دبینن.

* ب) ئێکدوو و ئێکدوو گونەهبار دکەن.

* ج) ئەو نەشێن باوەریی ب ئێکدی و ئێکدی بکەن.

لە ڕاستیدا ئەم بابەتە لە نموونەکانی بابەتی جێناوی خۆیش ئاڵۆزترە. کەواتە گومانمان لەوەدانییە کە هاوپایە لە جێناوی هاوبەشدا نییە و بە هاوپایەکردنی ئەم جێناوە، فۆرمی ناڕێزمانی و ناتەواو بەرهەم دێت و کار لەم نموونانەدا لەگەڵ بکەر ڕێککەوتووە نەك لەگەڵ جێناوی هاوبەش، کەواتە لێکۆڵینەوە لە ڕێککەوتنی نێوان جێناو و کار هەڵدەوەشێتەوە، هەروەها لەبەر ناڕێزمانی بوونیان ناتوانین لە ڕووی بەستنەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین.

## 3-5-4- هاوپایە لە جێناوە کەسییەکاندا:

دوو دەستە جێناوی جودا لە دیالێکتی(ك.ژ)دا هەیە، دەستەی یەکەم خاوەنی شەش فۆرمن: سێ فۆرمی بۆ تاك و سێ فۆرمی بۆ کۆ، بەڵام کەسی سێیەمی تاك هەردوو فۆرمی(وی) بۆ نێر و (وێ) بۆ مێ لەخۆ دەگرێت، هەروەها دەستەی دووەمی

ئەم جێناوە کەسییانە شەش فۆرمی هەیە، کە سێ فۆرمی بۆ تاک و سێ فۆرمی بۆ کۆ کەواتە بە لێکدانی ئەم شەش فۆرمەی دەستەی یەکەم و شەش فۆرمی دەستەی دووەم هاوپایەی بەرهەم هاتوو بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

**أ- دەستەی یەکەمی جێناوی کەسی جودا:**

**لێکدانی فۆرمەکان لە کەسی یەکەمی تاک**

کەسی یەکەمی تاک لەگەڵ کەسی یەکەمی تاک أ)* ئەز و ئەز گونەهبارین.
کەسی یەکەمی تاک لەگەڵ کەسی دووەمی تاک ب) ئەز و تو گونەهبارین.
کەسی یەکەمی تاک لەگەڵ کەسی سێیەمی تاک جـ) ئەز و ئەو گونەهبارین.
کەسی یەکەمی تاک لەگەڵ کەسی یەکەمی کۆ د) ئەز و ئەم گونەهبارین.
کەسی یەکەمی تاک لەگەڵ کەسی دووەمی کۆ هـ) ئەز و هوین گونەهبارین.
کەسی یەکەمی تاک لەگەڵ کەسی سێیەمی کۆ و) ئەز و ئەو گونەهبارین.

**لێکدانی فۆرمەکان لە کەسی دووەمی تاک**

کەسی دووەمی تاک لەگەڵ کەسی یەکەمی تاک أ)? تو و ئەز گونەهبارین.
کەسی دووەمی تاک لەگەڵ کەسی دووەمی تاک ب)? تو و تو گونەهبارین.
کەسی دووەمی تاک لەگەڵ کەسی سێیەمی تاک جـ) تو و ئەو گونەهبارین.
کەسی دووەمی تاک لەگەڵ کەسی یەکەمی کۆ د) تو و ئەم گونەهبارین.
کەسی دووەمی تاک لەگەڵ کەسی دووەمی کۆ هـ)? تو و هوین گونەهبارین.
کەسی دووەمی تاک لەگەڵ کەسی سێیەمی کۆ و) تو و ئەو گونەهبارین.

**لێکدانی فۆرمەکان لە کەسی سێیەمی تاک**

کەسی سێیەمی تاک لەگەڵ کەسی یەکەمی تاک أ) ئەو و ئەز گونەهبارین.
کەسی سێیەمی تاک لەگەڵ کەسی دووەمی تاک ب) ئەو و تو گونەهبارین.
کەسی سێیەمی تاک لەگەڵ کەسی سێیەمی تاک جـ)? ئەو و ئەو گونەهبارین.
کەسی سێیەمی تاک لەگەڵ کەسی یەکەمی کۆ د) ئەو و ئەم گونەهبارین.
کەسی سێیەمی تاک لەگەڵ کەسی دووەمی کۆ هـ) ئەو و هوین گونەهبارین.
کەسی سێیەمی تاک لەگەڵ کەسی سێیەمی کۆ و)? ئەو و ئەو گونەهبارین.

**لێکدانی فۆرمەکان**

کەسی یەکەمی کۆ لەگەڵ کەسی یەکەمی تاک أ)? ئەم و ئەز گونەهبارین.
کەسی یەکەمی کۆ لەگەڵ کەسی دووەمی تاک ب) ئەم و تو گونەهبارین.
کەسی یەکەمی کۆ لەگەڵ کەسی سێیەمی تاک جـ) ئەم و ئەو گونەهبارین.

لێکدانی فۆرمەکان له کەسی یەکەمی کۆ

کەسی یەکەمی کۆ لەگەڵ کەسی یەکەمی کۆ د)* ئەم و ئەم گونەهبارین.
کەسی یەکەمی کۆ لەگەڵ کەسی دووەمی کۆ ه) ئەم و هوین گونەهبارین.
کەسی یەکەمی کۆ لەگەڵ کەسی سێیەمی کۆ و) ئەم و ئەو گونەهبارین.

لێکدانی فۆرمەکان له کەسی دووەمی کۆ

کەسی دووەمی کۆ لەگەڵ کەسی یەکەمی تاك أ) هوین و ئەز گونەهبارین.
کەسی دووەمی کۆ لەگەڵ کەسی دووەمی تاك ب)? هوین و تو گونەهبارین.
کەسی دووەمی کۆ لەگەڵ کەسی سێیەمی تاك جـ) هوین و ئەو گونەهبارین.

کەسی دووەمی کۆ لەگەڵ کەسی یەکەمی کۆ د) هوین و ئەم گونەهبارین.
کەسی دووەمی کۆ لەگەڵ کەسی دووەمی کۆ ه)? هوین و هوین گونەهبارین.
کەسی دووەمی کۆ لەگەڵ کەسی سێیەمی کۆ و) هوین و ئەو گونەهبارین.

لێکدانی فۆرمەکان له کەسی سێیەم کۆ

کەسی سێیەمی کۆ لەگەڵ کەسی یەکەمی تاك أ) ئەو و ئەز گونەهبارین.
کەسی سێیەمی کۆ لەگەڵ کەسی دووەمی تاك ب) ئەو و تو گونەهبارین.
کەسی سێیەمی کۆ لەگەڵ کەسی سێیەمی تاك جـ)? ئەو و ئەو گونەهبارین.

کەسی سێیەمی کۆ لەگەڵ کەسی یەکەمی کۆ د) ئەو و ئەم گونەهبارین.
کەسی سێیەمی کۆ لەگەڵ کەسی دووەمی کۆ ه) ئەو و هوین گونەهبارین.
کەسی سێیەمی کۆ لەگەڵ کەسی سێیەمی کۆ و)? ئەو و ئەو گونەهبارین.

**ب- دەستەی دووەمی جێناوی کەسی جودا:**

لێکدانی فۆرمەکان له کەسی یەکەمی تاك

کەسی یەکەمی تاك لەگەڵ کەسی یەکەمی تاك أ)* من و من خوار.
کەسی یەکەمی تاك لەگەڵ کەسی دووەمی تاك ب) من و تە خوار.
کەسی یەکەمی تاك لەگەڵ کەسی سێیەمی تاك جـ) من و *وی/وێ* خوار.

کەسی یەکەمی تاك لەگەڵ کەسی یەکەمی کۆ د)* من و مە خوار.
کەسی یەکەمی تاك لەگەڵ کەسی دووەمی کۆ ه) من و وە خوار.
کەسی یەکەمی تاك لەگەڵ کەسی سێیەمی کۆ و) من و وان خوار.

**لێکدانی فۆرمەکان لە کەسی دووەمی تاک**

کەسی دووەمی تاک لەگەڵ کەسی یەکەمی تاک أ) تە و من خوار.
کەسی دووەمی تاک لەگەڵ کەسی دووەمی تاک ب)? تە و تە خوار.
کەسی دووەمی تاک لەگەڵ کەسی سێیەمی تاک ج) تە و وی/وێ خوار.
کەسی دووەمی تاک لەگەڵ کەسی یەکەمی کۆ د) تە و مە خوار.
کەسی دووەمی تاک لەگەڵ کەسی دووەمی کۆ ه) تە و وە خوار.
کەسی دووەمی تاک لەگەڵ کەسی سێیەمی کۆ و) تە و وان خوار.

**لێکدانی فۆرمەکان لە کەسی سێیەمی تاک**

کەسی سێیەمی تاک لەگەڵ کەسی یەکەمی تاک أ) (ئە)وی/وێ و من خوار.
کەسی سێیەمی تاک لەگەڵ کەسی دووەمی تاک ب) (ئە)وی/ئە/وێ و تە خوار.
کەسی سێیەمی تاک لەگەڵ کەسی سێیەمی تاک ج)* (ئە)وی/وێ و وی/وێ خوار.
کەسی سێیەمی تاک لەگەڵ کەسی یەکەمی کۆ د) (ئە)وی/وێ و مە خوار.
کەسی سێیەمی تاک لەگەڵ کەسی دووەمی کۆ ه) (ئە)وی/وێ و وە خوار.
کەسی سێیەمی تاک لەگەڵ کەسی سێیەمی کۆ و) (ئە)وی/وێ و وان خوار.

**لێکدانی فۆرمەکان لە کەسی یەکەمی کۆ**

کەسی یەکەمی کۆ لەگەڵ کەسی یەکەمی تاک أ)* مە و من خوار.
کەسی یەکەمی کۆ لەگەڵ کەسی دووەمی تاک ب) مە و تە خوار.
کەسی یەکەمی کۆ لەگەڵ کەسی سێیەمی تاک ج) مە و وی/وێ خوار.
کەسی یەکەمی کۆ لەگەڵ کەسی یەکەمی کۆ د)* مە و مە خوار.
کەسی یەکەمی کۆ لەگەڵ کەسی دووەمی کۆ ه) مە و وە خوار.
کەسی یەکەمی کۆ لەگەڵ کەسی سێیەمی کۆ و) مە و وان خوار.

کەسی دووەمی کۆ لەگەڵ کەسی یەکەمی تاک أ) وە و من خوار.

لێکدانی فۆرمەکان لە کەسی دووەمی کۆ
کەسی دووەمی کۆ لەگەڵ کەسی دووەمی تاك ب)؟ وە و تە خوار.
کەسی دووەمی کۆ لەگەڵ کەسی سێیەمی تاك ج) وە و وی/وێ خوار.
کەسی دووەمی کۆ لەگەڵ کەسی یەکەمی کۆ د) وە و مە خوار.
کەسی دووەمی کۆ لەگەڵ کەسی دووەمی کۆ ھ)؟ وە و وە خوار.
کەسی دووەمی کۆ لەگەڵ کەسی سێیەمی کۆ و) وە و وان خوار.

لێکدانی فۆرمەکان لە کەسی سێیەمی کۆ
کەسی سێیەمی کۆ لەگەڵ کەسی یەکەمی تاك أ) وان و من خوار.
کەسی سێیەمی کۆ لەگەڵ کەسی دووەمی تاك ب) وان و تە خوار.
کەسی سێیەمی کۆ لەگەڵ کەسی سێیەمی تاك ج) وان و وی/وێ خوار.
کەسی سێیەمی کۆ لەگەڵ کەسی یەکەمی کۆ د) وان و مە خوار.
کەسی سێیەمی کۆ لەگەڵ کەسی دووەمی کۆ ھ) وان و وە خوار.
کەسی سێیەمی کۆ لەگەڵ کەسی سێیەمی کۆ و)؟ وان و وان خوار.

ھەروەك دەبینین زۆربەی پێکھاتەکانی ھاوپایە کە لە لێکدانی دوو فۆرمی جێنای پێکھاتوون ڕێزمانی و تەواون، بەڵام ھەندێ فۆرمیش ھەن کە تەواوییان بە مەرج دەبێت. بۆ نموونە لە دەستەی یەکەمی جێناوە کەسییە جوداکان لە پێکھاتەی (تو و تو)ی نموونەی(ب) لە فۆرمە لێکدراوەکانی کەسی دووەمی تاك و لە دەستەی دووەمی جێناوە کەسییە جوداکان لە پێکھاتەی( تە و تە)ی نموونەی (ب) لە فۆرمە لێکدراوەکانی کەسی دووەمی تاکدا بە مەرجێ تەواون، ئەگەر لە لایەن قسەکەرەوە بۆ گوێگر بەکاربێت. بەواتایێکی تر فۆرمی جێناوی ( تو) یاخود( تە) لەم پێکھاتانەدا ھەروەکو جێناوی نیشانە کاردەکات و نیشاندەری بۆگەڕاوەی ڕاستەوخۆیە، بەڵام لەو پێکھاتانەدا کە جێناوی کەسی یەکەم بەشێوەی ھاوپایە دەرکەوتوون ناڕێزمانیین و کێشەی واتایان ھەیە؛ وەکو نموونەی(أ، د) لە دەستەی یەکەمی جێناوە کەسییەکان لە لێکدانی فۆرمەکانی کەسی یەکەمی تاك و کۆ، ھەروەھا نموونە(أ، د) لە دەستەی دووەمی جێناوە کەسییە جوداکان لە لێکدانی فۆرمەکانی کەسی یەکەمی تاك و کۆدا.

لە فۆرمەکانی وەك( ئەو و ئەو) لە دەستەی یەکەمی جێناوە کەسییەکان لە لێکدانی فۆرمەکانی کەسی سێیەمی تاکدا بەگشتی لە قسەکردن و نووسینی زمانی کورد یدا بەکارناھێت، ھۆی ئەمەش لەوانەیە بۆ کێشەی دۆزینەوەی بۆ گەڕاوەیان بگەڕێتەوە، بەڵام لە دەستەی دووەمی جێناوە کەسییە جوداکان کێشەی بۆگەڕاوەیان

کەمتر وەك نموونەی( ج) لە لێکدانی فۆرمەکان لە کەسی سێیەمی تا کدا ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت کە ئەم جۆرە جێناوەی کە بۆ نێرینە بەکاردێت جیاواز بێت لەو جۆرەی کە بۆ مێینە بەکاردێت. بۆ نموونە:

(124) * وی گوتە وی، کو وی نان خوارییە.

هەروەك دەبینین هەر سێ فۆرمی جێناوەکە وەك یەکن، کەوا تە ئا شکرانییە کە (وی) لە لاڕستەی دووەم لەگەڵ ئەو(وی) یەی کە لە شوێنی بکەرە لە لاڕستەی یەکەم هاونیشانەیە یاخود لەگەڵ ئەو(وی)یەی کە لە شوێنی تەواوکەردا هاتووە.

کەواتە دەتوانین پێکهاتەی هاوپایە لە جێناوە کەسییە جوداکانی دەستەی یەکەم و دووەم بەم شێوەی خوارەوە بیانخەینەڕوو:

گروپی یەکەم لەم پێکهاتانە ناڕێزمانیین و بەهیچ شێوەیەك بەکارناهێنرین؛ وەك پێکهاتەی(ئەز و ئەز) لە دەستەی یەکەمی جێناوی کەسی جودا لە لێکدانی فۆرمەکانی کەسی یەکەمی تاك، هەروەها (من و من) لە دەستەی دووەمی جێناوی کەسی جودا لە لێ کدانی فۆر مەکانی کە سی یە کەمی تا کدا. گرو پی دووەم ئەو پێکهاتا نەن کە ڕێزمانیین، بەڵام کەم بەکاردەهێنرێن؛ وەك پێکها تەی(تو و ئەم) لە دە ستەی یە کەمی جێ ناوە کە سییە جودا کان، هەروەها( تە و مە) لە دە ستەی دووە می جێ ناوە کە سییە جوداکا ندا. گرو پی سێیەم ئەو پێکهاتا نەی کە ڕێز مانیین و زۆر بەکاردەهێرین؛ وەك پێکهاتەی( ئەز و تو) لە دە ستەی یە کەم و پێکها تەی(من و تە) لە دە ستەی دووە می جێ ناوە کە سییە جوداکا ندا. لێرەدا پر سیارێك دێ تە پێش ئەویش ئەوە یە ئا یا ئەم پێکها تەی هاوپا یە لە شوێنەکانی ترێ شدا ئەم تایبەتمەندیٖ یەیان هە یە؟ نموو نەی خوارەوە وەڵامی ئەم پرسیارەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە:

أ) دایکا <u>من و تە</u> دڤێت ڤی کاری ئەنجام بدەن.

بەرکاری ڕاستەوخۆ

(125) ب) ژ <u>من و تە</u> بێزار دبیت.

بەرکاری پێشناو

ج) ژ <u>وێ و وان</u> نەخوازە، هاریکاریا تە بکەن.

بەرکاری پێشناو

هەروەك دەبینین ئەو پێکها تە هاوپا یەی کە لە شوێنی بکەر بەکاردێن لە شوێنەکانی تریشدا بەکاردەهێنرێن و ئەو پێکهاتا نەی کە لەو شوێنەدا کەم بەکاردێن یاخود هیچ بەکارناهێن لە شوێنەکانی تریشدا هەمان بارودۆخ و مەرجیان هەیە.

بە پێی تیۆری بەستنەوە ئەم پێکهاتانە پەیڕەوی هەمان ئەو یاسایە دەکەن کە لە فۆرمی تەنها جێناوێك پەیڕەوی دەکرێت. بۆ نموو نە لە پێکها تەیکی وەك ( ئەز و تو)، بۆ گەڕاوەی هەردوو جێناوە کە دەکرێت لە دەرەوە بێت، بەڵام ئەگەر لە ڕستەیەك کە گێڕانەوەی قسەیە بەکاربێت بۆگەڕاوەی یەکێ لەم جێناوانە یاخود هەردووك، دەکرێت لە هەمان قسەکردنەکەدا دەرکەوتبێت. بۆ نموونە:

(126) زانای گوتە ئازادی: پێتڤییە ئەز و تو چاڤێن خۆ باش ڤەکەین.

لە ڕستەی سەرەوە جێناوی کەسی(ئەز) بۆ (زانا) دەگەڕێتەوە و جێناوی(تو) بۆ (ئازاد)، بەڵام لەم ڕستەی خوارەوە تەنیا بۆگەڕاوەی یەکێ لەم جێناوانە دیارە.

(127) گوتە ئازادی: ئەز و تو نەشێین ل گەل ئێك كار بكەین.

لەم ڕستەیە بۆگەڕاوەی(ئەز) دیار نییە، بەڵام بۆگەڕاوەی(تو) (ئازاد)ە. بۆگەڕاوەی جێناوی کەسی سێیەم کە لەم پێکهاتا نەدا دەردەکەون بە گشتی لە هەمان گوتنەکەدا د یار دەبێت وە هەروەك پێشتریش ئاماژە مان پێدا لە هە ندێ باردا ئەم جێناوا نە بەشێوەی هاوپایە بەکارناهێنرێت.

لەم باسەدا ئاماژە بە جێناوە کەسییە لکاوەکان نەدراوە، چونکە ئەم جێناوا نە بە شێوەی سەربەخۆ بەکارناهێرێن. کەواتە ناتوانن بە شێوەی هاوپایە دەرکەون.

## 3-5-5- هاوپایە لە دەربڕاوی ئاماژەیی:

لێکدانی فر ێزە ناوی یەکان یەکێ کە لە باوترین لێکدا نەکان کە هەروەکو لێکدانەکانی تر بۆ ڕێگەگرتن لە دووبارە بەکاردێت. بۆ نموونە:

(128) هیڤی و بەفرین چوونە کتێبخانی.

لە ڕاستیدا ئەم ڕستەی سەرەوە لە دوو ڕستە پێکهاتووە: هیڤی چوو کتێبخانێ و بەفرین چوو کتیبخانێ. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی سەیری ئەم نموونەی خوارەوە بکە:

(129) بژار و هێدی برانە.

ڕ ستەی سەرەوە بەر هەمی لێکدانی دوو ڕ ستەیە: بژار برا یێ هێد یە. و هێدی برا یێ بژارێ یە. کەوا تە پێکها تەی هاوپا یە دەبێ تە هۆی لابرد نی زیادە کان و کورتکرد نەوەی فۆر مەکانی زمان. ئەم پێکها تەی هاوپا یە بێجگە لە شوێنی بکەر لە شوێنەکانی تریش دەردەکەون:

(130) مامۆستای <u>رۆندك و رۆژین</u> هنارتن.

بەرکاری ڕاستەوخۆ

بێوار خانی ژ ئازاد و نەوزادی کڕی.
بەرکاری ناڕاستەوخۆ

وێنەێن ڕێژیار و ڕۆژینێ دپێشانگەهی دا هاتنە نیشاندان.
خاوەنیەتی

له ڕووی بەستنەوەوە، هەروەك پێشتریش ئاماژە مان پێدا، بۆگەڕاوەی دەربڕاوی ئاماژەیی له دەرەوەیه. هاوپایەی ئەم دەربڕاوانە، هیچ زیانێکی بەم یاسایه ناگەیەنن.

## 3-5-6- هاوپایه له فرێزە ناوییەکاندا:

مەبه ست لەم فر ێزە ناوی یه ئەو فرێزە یه که به شێوەی کاتیگۆری فەر هەنگی دەرده کەوێت؛ وا تە ناو و جۆرە کانی جێ ناو. لەم با سەدا هەو ڵدەدەین پەیوه ندی جێناوەکان و فۆرمی دەربڕاوەکان لەگەڵ یەك بخەینەبەر لێکۆڵینەوە. هەر لەم ڕوانگەوە سەرنجتان بۆ ئەم نموونانەی خوارەوە ڕادەکێشین:

أ) ئەز و نێرگز چووین بۆ باژێری.
ب) من و نارینێ گول دفرۆتن.
ج) ئەڤینێ و ئەوان ئیپراخ لێنابوون. (131)
د)* ئازاد و خۆ نانی دخون.
ه)* ئێکدوو و خۆ ئەڤ کارە ئەنجام دایە.
و)* ئێکدوو و ئازادی ئەڤ کارە ئەنجام دایە.
ی)* ئەو و ئێکدوو ئەڤ کارە ئەنجام دایە.

نموونەکانی سەرەوە ئەوە نیشاندەدەن که دەرفەتی پەیوەندی فۆرمێکی جێ ناوی و دەربڕاوێ کی ئا ماژەیی ز یاترە له پەیوه ندی فۆر مەکانی تر. پەیوه ندی جێ ناوێکی کە سی و جێ ناوێکی خۆیی، هەروەها جێ ناوێکی خۆیی و دەربڕاوێ کی ئا ماژەیی دەرفەتی دەرکەوتنیان نییه. دەرفەتی پەیوەندی جێناوی هاو بەش لە گەڵ هیچ یەك له جێناوەکانی تر یاخود دەربڕاوی ئاماژەیی نییه.

# ئەنجامەکان

# ئه نجامەکان

بەپێی جێ بەجێ کرد نی بنەمای بە ستنەوە لە ز مانی کوردی، دەگەی نە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- (Pro)ی بچووك پەیڕەوی بنەمای دووەمی بەستنەوە دەکات، سیمای [+ P ، -A] هەیە، واتە لە جۆری جێناوی کەسی یاخود دەربڕی ئاماژەییە.

2- ز مانی کوردی د یالێکتی (ك.ڤ) یەکێ کە لەو زمانا نەی کە جێ ناو پارێزەر و سیستەمێکی گەردانیی لاوازی هەیە.

3- دەر بڕی ئا ماژەیی لە ز مانی کوردی د یالێکتی(ك.ڤ) پەیڕەوی بنەمای سێیەمی بەستنەوە دەکەن.

4- ئاسەواری فرێزی ناوی لە زمانی کوردی دیالێکتی(ك.ڤ) لە جۆری ئەنافۆرە، کەواتە پەیڕەوی بنەمای یە کەمی بە ستنەوە دە کەن. هەروەك لە نموو نەکانی (96-97)دا هاتووە.

5- ئەنافۆرەکان (خۆیی و هاوبەش) لە زمانی کوردی دیالێکتی(ك.ڤ) پەیڕەوی بنەمای یەکەمی بەستنەوە دەکەن.

6- (PRO)ی گەورە هەم جێناوی کەسییە و هەم ئەنافۆرە و پەیڕەوی بنەمای یەکەم و دووەمی بەستنەوە دەکات، وا تە هەم سەربە ست و هەم بەستراوەیە بە سیمای [+ P ، +A]. بە واتایێکی تر ئەوە یە کە پەیوەندییەکی نیشانەیی نا سەربەخۆی لە گەڵ فرێزە ناوییەکەی لاڕستەی سەرەکیدا هەیە. وەك نموونەکانی(101-102).

7- ئا سەواری جێناوی پرسیار، کردەی گوا ستنەوەی جێناوە پرسەکان لە ڕ ستەی زمانی کوردی دیالێکتی(ك.ڤ) ڕوونادات، بەڵکو تەنیا لە چوارچێوەی فرێزە ناوییە کەدا کردەی جێگری ئەنجام دەدرێت.

8- جێناوە کە سییەکان لە ز مانی کوردی د یالێکتی(ك.ڤ) پەیڕەوی بنەمای دووە می بەستنەوە دەکەن.

9- پێ چەوانەی ز مانی ئینگلیزی جووڵە نەوەی کار لە ز مانی کورد یدا نی یە. وەك نموونەکانی(31).

10- (PRO)ی گەورە لە لاڕ ستەی چاوگیی و لاڕ ستەی گەیە نەری... دەردە کەوێت، جۆری یەکەم لە زمانی کوردیدا نییە، چونکە هەموو ڕستەکانی زمانی کوردی کات و کە سدارن، بەڵام جۆری دووەم لە ز مانی کوردی لە کارە کۆنترۆڵ کراوەکا ندا بە دەردەکەوێت.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەكان

**1- كتێب:**

**بەزمانی كوردی:**


1- ئامێدی، صادق بەهائەددین. (1987)، ڕێزمانا كوردی(كرمانجیا ژووری و ژێری یا هەڤبەر كری)، چاپا ئێكێ، زانكۆی سەلاحەددنی، هەولێر.

2- ئەحمەد، ئەحمەد حەسەن. (1976)، ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم، چاپخانەی دارا الجاحظ، بەغداد.

3- ئەمین، نوری عەلی(1960)، ڕێزمانی كوردی، چاپخانەی كامەران، سلێمانی.

4- ئەمین، نوری عەلی(1986)، ئەرك و شوێنی ڕا ناوە كە سیەكان لە (ئا خاوتنی كوردی)دا، مطبعة الزمان، بەغداد.

5- ئەمین، وریا عومەر(1986)، ڕێزمانی ڕاناوی لكاو، مطبعة دار الجماهیر، بەغداد.

6- جگەرخوین. (1961)، آوا و دستورا زمانی كوردی، بەغدا.

7- زاخۆیی، ئیبراهیم ڕەمەزان. (2008)، ڕێزمانا كوردی، چاپا ئێكێ، چاپخانا خانی، دهۆك.

8- گوهەرزی، محەمەد طاهر(1999)، ڕێزما نا كوردی (زارێ كرمانجی) ژ بەلا ڤۆكێن گۆڤارا(مەتین)، ژمارە(12) چاپا ئێكێ، چاپخانا خەبات، دهۆك.

9- ك.ك. كوردۆیێف. (1984)، ڕێزمانی كوردی بە كەرستەی دیالێكتی كرمانجی و سۆرانی، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: كوردستان موكریانی، چاپخانەی ئەدیب، بەغداد.

10- كابان، سعید صدقی.(1928)، مختصر صرف و نحوی كوردی، جزء(1)، طبع أول، چاپخانەی نجاح، بەغداد.

11- لیژنەی زمان و زانستەكانی كۆڕی زانیاری كورد(1976)، ڕێزمانی ئا خاوتنی كوردی، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغداد.

12- مارف، ئەورەحمانی حاجی. (1987)، ڕێز مانی كوردی، بەرگی یەكەم(وشەسازی) بەشی دووەم-جێناو، دار الحریة للطباعة، بەغداد.

13- مەحوی، محە مەد ئە حمەد . (2001)، ڕستە سازی كوردی، زانكۆی سلێمان-سلێمانی.

14- مەحوی، محەمەد ئە حمەد، عومەر، نەرمین. (2004)، مۆدێلی ڕێزمانی كوردی، چاپكراوەكانی شارەوانی سلێمانی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.

**15- محه مەد، مه سعود(1974)، وردبوو نەوه  له  چەند با سێکی ڕێز مانی  کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.**
**16- نەبەز، جەمال. (1976)، زمانی یەکگرتووی کوردی، هامبێرگ، ئەڵمانیا.**
**17- وه هبی، توفیق. (1929)، ده ستوری زمانی  کوردی/جزمی یه کەم، دار الطبا عة الحديثة، بەغداد.**

**به زمانی عەرەبی:**
**18- بعلبكي، رمزي منير. (1990)، معجم المصطلحات اللغوية، ط2،بيروت،لبنان.**
**19- البهذ ساوي، حـ سام. (2004)، نظر ية  نحو ك لي والتراك يب اللغو ية العرب ية، للطباعة دار المصري، ط1، مكتبة الثقافة الدينية، مصر.**
**20- حلبجه، هيبت باقي(1993)، القواعد والابجدية الكردية، سوريا، قامشلي.**
**21- خر ما،  نايف. (1979)، أ ضواء ع لى الدرا سات اللغو ية المعا صرة، ط2،  عالم المعرفة سلسلة(9) مطابع دار القبس، الكويت.**
**22- الخولي، محمد علي. (1982)، معجم علم اللغة الذظري، انجليزي، عربي، مكتبة لبنان، بيروت.**

**به زمانی فارسی:**
**23- باطني، محمد رضا(1385)، نگاهی تازەیه دستور زبان، چاپ  ، انتشارات آگاه، چاپ نقش جهان، تهران.**
**24- درزی، علی. (1385)، شیوەء استدلال نحوی، انتشارات وزارت فرهنگ وارشاد اسلامی، سازمان مطالعه وتدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها(سمت)، چاپ دوم، تهران.**
**25- گلفام، ارسلان. (1385)، اصول دستور زبان، انتشارات وزارت (سمت)، تهران.**
**26- مشکوة الدین، مهدی. (1386)، دستور زبان فارسی بر پا یه نظریه گشتاری، انتشارات دانشگاه فردوسی، چاپ ، مشهد.**
**27- مشکوة الدین، مهدی. (1386)، سیر زبانشنا سی، انتشارات دانشگاه فردوسی، چاپ4، مشهد.**
**28- مقدم، محمد د بیر. (1386)، زبانشنا سی نظری (پیدایش و تکوین دستور زایشی)، انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، سازمان مطالعه وتدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها(سمت)، چاپ دوم، تهران.**

29- مير عيمادى، سيد على. (1386)، نحو زبان فارسى برپا يه نظريه مرجع گزينى، سازمان مطالعه و تدوين كتب علوم انسانى دانشگاهها(سمت)، چاپ چهارم، تهران.

**نامەی دکتوراو ماجستێر:**

30- ڕە سول، عە بدوڵڵا حو سێن. (1995)، مۆرفيۆ مە ڕێزمانيۆ يەکانی کار، نا مەی دکتۆرا، کۆلێژی ئيبن ڕوشدی، زانکۆی بەغدا.
31- شوانی، ڕەؤ يق مح مد محی ا لدين. (1992)، ئامرازی بە ستنەوە لە ز مانی کورديدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، ئيبن ڕوشدی، زانکۆی بەغدا.
32- سەعيد، يوسف شريف. (1990)، دۆخەکانی ژێرەوە لای فيلمۆڕ و هەندێ لايەنی ڕستەسازی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددين، هەولێر.
33- سليمان، ڤيان حاجی(2007)، کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تيۆری دە سەڵات و بەستنەوە( شێوەزاری کر مانجی سەروو)، نا مەی دک تورا، کۆل يژی ز مان، زاذ کۆی سەلاحەددين-هەولێر.
34- سندی، بدرخان. (1983)، ئەزو من د ئەزمانێ کورد يدا، گۆڤاری کۆڕی زاذياری کورد، بەرگی دەيەم، بەغدا.
35- عەلی، بەدرخان سلێمان. (2006)، جێ ناوی خۆيی لە ز مانی کورديدا( بە کەرە ستەی هەر چوار ديالێک تە سەرەکييەکەی ز مانی کوردی)، نا مەی ماج ستێر، کۆلێژی پەروەردە(ئيبن ڕوشدی)، زانکۆی بەغدا-بەغدا.
36- قادر، ئەبو بەکر عو مەر. (1993)، پرسيار لە زمانی کورد يدا، نا مەی ماجتسير، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددين، هەولێر.
37- قادر، سباح ڕە شيد. (2007)، هە ندێ لا يەنی ڕێز مانی دە سەڵات و بەستنەوە(GB) لە زمانی کورديدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زاذکۆی سلێمانی-سلێمانی.
38- ک مال، د يار عەلی. (2002)، ڕێز مانی کوردی ڕوانگە يەکی بەر هەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماجستێر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددين، هەولێر.
39- محە مەد، حا تەم ولـ يا. (2006)، پەيوەنديۆ يە ڕۆنانيۆ يەکانی نواند نە سينتاکسييەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددين، هەولێر.

## گۆڤار:

### بە زمانی کوردی:

40- ئەمین، وریا عومەر. (1982)، پەیوەندی ڕاناو و فرمان لە کرمانجی ژووروودا، گۆڤاری (کاروان)، ژ(2)، هەولێر.

41- ________ . (1983)، ڕێز مانی ڕا ناوی لـ کاو، گۆڤاری( کاروان)، ئەمینداریێتی گشتی بۆ ڕۆشنبیری لاوان، ژ(9)، هەولێر.

42- ئەمین، وریا عومەر. (1983)، لایەنێکی جیاوازی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دەیەم، بەغدا.

43- ________ . (1990)، ڕێزمانی ڕاناو لە کرمانجی ژووروودا، گۆ ڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی بیست و یەکەم، ژ(21)، بەغدا.

44- ________ . (2001)، سیستەمی کارکردنی ڕاناو لە کرمانجی ژووروودا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ(1470).

45- سندی، بدرخان. (1983)، ئەزو من د ئەزمانێ کورد یدا، گۆڤاری کۆڕی زاذیاری کورد، بەرگی دەیەم، بەغدا.

46- فەخری، نە سرین. (1989)، خۆ لە تەرازووی زما ندا، گۆ ڤاری کۆڕی زاذ یاری عێراق، بەرگی بیستەم، بەغداد.

47- موکر یانی، کورد ستان. (1980)، جۆرە کانی جێ ناو و دەور یان لە ڕ ستەی کوردیدا لە دیالێکتی کرمانجی خواروو و کرمانجی ژووروودا، گۆڤاری کۆڕی زاذیاری عێراق، بەرگی حەوتەم.

### بە زمانی فارسی:

48- باطني محمد رضا. (1385)، دەربارەء زبان (مجموعەء مقالات)، انتشارات آگاه، چ4، تهران.

49- م شکوة ا لدین، م هدی. (1365)، ذ ظرگا های زبانشنا سی جد ید، مج لەء زبانشناسی، سال سوم- ش اوّل، انتشارات دانشگاه علام طباطبائی، تهران.

### سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:

50- Barwary, Muhammad- salih, A. (2004), Topics in Government and Binding theory with refrence to English and

Kurdish, unpublished ph.D dissertation, college of Arts, university of salahaddin- Erbil.
51- Bouchard, D. (1983), on the content of empty categories. Dardrecht: foris publication.
52- Chomsky, Noman. (1970), Remarks on nominalization, Ingacobs and rosenbaum.
53- --------------------------. (1973), the logical structure of linguistic theory, New york: plenum.
54- ---------------------------. (1973), conditions on transformations. In s.M Anderson and p.kiparsky, New york: Holt, Rinehart and Winston.
55- ---------------------------. (1965), Aspects of the theory of syntax, Cambridg, Mass: Mit press.
56- ---------------------------. (1977), on WH-Movement, in culicover, wasow and Akmajian, New York: Academic press.
57- ---------------------------. (1980a), on Binding, Linguistic inqury.
58- ---------------------------. (1980b), Rules and Representations, Basil Blackwell, oxford.
59- ----------------------------. (1981), Lectures on government and binding, the pisal lectures mouton de grayter, (1993) Berlin, New york.
60- ---------------------------. (1982a), Som concepts and consequences of the theory of Government and Binding, The Mit press.
61- -------------------------------. (1986a), Knowledge of language, its nature, origion and use, praeger, New york.
62- -------------------------------. (1986b), Barriers, The Mit prees.
63- -------------------------------. (1988), Language and problem of knowledge: The Managua lectures, Cambridge, Mass: Mit press.
64- Cook, V.J, and Newson, mark. (1988), Chomsky's universal Grammar, An introduction, Basil Blackwell, Ltd.
65- Cowper, Elizabeth A. (1992), A concise Entroduction to syntactic theory, The university of Chicago.
66- Crystal, David. (1992), A dictionary of linguistics and phonetics, reprinted 3rd edition, Black well, oxford.
67- Culicover, peter w. (1997), principles and parameters: An Introduction to syntactic theory, oxford university press, New york.

68- Falk, J.S. (1978), Linguistics and Language, John wiley & Sons publication.
69- Fiengo, Pobert. (1977), on traee theory, Mit press, Cambridge, Mass.
70- Fillmore, charles J. (1968), The case for case: in universal in Linguistic theory, edited by emmon bach and Robert Harms, New york.
71- Hageman, lilian. (1998), Introduction to government and binding theory, reprinted, 2nd edition, oxford: Black well.
72- Harbert, w. (1995), Binding Teory, control and pro, In gert minimalist program, oxford, Blackwell.
73- Horroks, Geoffery. (1988), Generative Grammar, Longman, London and New york.
74- Huang. C.T.J. (1983), Logical relations in chinease and the theory of grammar, Doctoral dissertation, Mit.
75- Kurdo, Qanat (1982), ziman Ê kurdi, Rêzman, gramatik.
76- Lasnik, H and uriagereka, j. (1988), A course in GB syntax, lectures on Binding and empty categories, the Mit press.
77- Morales, Juan Romero. (2002), (Universidad de Alcalad He nares) Norberto Moreno @ uibenc Universidad de castilla- La Manch/IuIoG.WWW.google.com.
78- Radford, Andrew. (1981), Transformational syntax, Cambridge university press.
79- Reinhart, T. (1976), The syntactic domain of anaphora, Doctoral dissertation, Massachusetts institute of technology.
80- Trask, R. (1993), A Dictionary of Grammatical Terms in linguistics, Routledge, London and New york.

## ملخص البحث


هذا البحث يتناول(الضمائر في اللهجة الكردية الشمالية) محاولة لتطبيق قوانين، وأسس، وتوصيات نظرية السلطة والربط. تلك النظرية التي ظهرت على يد تشومسكي سنة(1981).

وفي هذا البحث تم التأكيد على الشق الثاني من النظرية، ألا وهي نظرية الربط، مع تناول الفروع المتعلقة بهذه النظرية.

والبحث يتألف من ثلاثة فصول:

الفصل الأول: يتألف من خمس محاور. المحور الأول يتناول السوابق النحوية. وفي المحور الثاني يعنى الباحث بتعريف الضمائر- (الضمير بين الأصالة والحداثة النحوية). بينما المحور الثالث شخص أنواع الضمائر، أما المحور الرابع فتسلط على جوانب من مواطن الضعف في الأصالة النحوية فيما يخص دراستنا. والمحور الأخير أوجز الحديث عن مصطلح الضمير.

الفصل الثاني: مختص بأسس وتركيبة نظرية الربط، والنظريات المتعلقة بها. وهذا الفصل يتضمن ثلاثة محاور.

المحور الأول يتناول النحو الكلي. والمحور الثاني متعلق بنظرية السلطة والربط، والفروع المتعلقة بهذه النظرية. أما المحور الثالث فيتطرق إلى أسس هذه النظرية بشكل أوسع.

الفصل الثالث: يتركز على نظرية الربط في اللهجة الكردية الشمالية. وهذا الفصل يحتوي خمسة محاور. المحور الأول يتناول أسس الربط الذي هو ذات ثلاثة اسس، وله علاقة بثلاث هيئات معجمية (الضمائر النفسية والمشتركة، والضمائر الشخصية، التعابير الإشارية...)، والمحور الثاني دراسة عن الأصناف الفارغة في اللغة الكردية كـ(أثر العقدة الاسمية، Proالصغير، PRO الكبير، وأسماء الاستفهام...).

أما المحور الثالث فتناول البحث على الضمائر التي لم تخضع للدراسة في أسس النظرية الربط، والمحور الرابع فأجرى البحث تحليلات للإشاريات، والمحور الأخير تناول خصوصيات الضمائر وإحالاتها؛ فضلاً عن بعض النتائج النظرية.

والخاتمة تمخضت أبرز النتائج المتحققة من البحث. والتي هي عبارة عن كيفية تطبيق مباديء السلطة، والربط في اللهجة الكردية الشمالية.

# Abstract

This research entitled (Pronouns in Northern Kurmanji or North Kurdish) is an attempt for experimenting the rules, bases and suggestions that have been stated by Noam Chomsky in (1981) in his theory of Government and Binding. It stresses in the most part of the research, on the binding theory. The research consists of three chapters:

The first chapter talks about five aspects: the first aspect includes the evaluation of previous works, the definitions of pronouns in both traditional and modern Grammar, are explained in the second aspect. The third aspect shows the kinds of pronouns, while in the fourth one some demerits of traditional grammar are explained. In the last aspect, the term "pronoun" is briefly elaborated.

The second chapter of the research embraces the bases and constructions of Binding theory and those other theories related to the theory in question. It talks about universal grammar, Government and Binding theory and the bases of that theory.

The third chapter explains, merely, the binding theory in Northern Kurmanji dialect of Kurdish language. This chapter explains fives aspects: the first aspect talks about the Binding theory bases including anaphors, pronominal and referring expressions Studying the empty categories in Kurdish language is the second aspect of the chapter. While in the third one, NP-trace, the small Pro, Big PRO and wh- trace are explained. The third aspect talks about these pronouns which have that been explained according to the principls of Binding theory. The fourth aspect talks about the index. The last aspect of the chapter elaborates the characteristics and forms of the pronouns and some results of the theory.

At the end, the result of, how the bases of Government and Binding theory are adopted in the Kurdish language, is shown.

اقليم كردستان-العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة صلاح الدين-اربيل

# الضمائر في اللهجة الكردية الشمالية

## (من وجهة نظرية السلطة و الربط)

رسالة

مقدمة إلى مجلس كلية اللغات في جامعة صلاح الدين -أربيل
كجزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكردية

من قبل
أمير مسطو محمد
بكالوريوس في اللغة الكردية- كلية الآداب-جامعة صلاح الدين ـ2001)

باشراف
د.عبدالوهاب خالد موسى

گەلاریزان 2709كوردية ذوالحجة1430هجري تشرين الاول 2009ميلادي

Kurdistan Regional - Iraq
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Salahaddin University- Erbil

# PRONOUN IN NORTHERN KURMANJI DIALECT

**(According to Government and Binding Theory)**

**A THESIS**
**Submitted to the Council of College of Languages Salahaddin University in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish Linguistics**

**BY:**
**Ameer Msto Muhammad**
**B.A. University of Salahaddeen (2001)**

**SUPERVISED BY:**
**Dr.Abdulwahab khalid Musa**

**2009.(A.D) 2709.(K) 1430.(H)**
**November 2009.A.D Thulhuja1430.H Galarizan 2709.K**